# خامەیەکی جوانە مەرگ



نووسەر : ئارام ئازاد



# ئارام ئازاد

## خامەیەکی جوانە مەرگ

### هەندێ لە وتەکانی

ئارام ئازاد

### کۆکردنەوە

ئامانج ئازاد

### دیزاین

مەهدی سێرڤەر

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بڕوادەکەن
جاری واهەیە
هەموو دونیـا ووشەیەکە

جاری واش هەیە
ووشەیەک هەموو دونیـاییە

جاری واهەیە
مرۆڤ
بەرۆشتنێک
دەمرێت

جاری واش هەیە
مرۆڤ
بەرۆشتنێک
هەڵدەستێتەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

جاری واهەیە
هاتنێک وەک لەدایک
بوون وایە بۆمرۆڤ

جاری
واش هەیە
رۆشتنێک

جاری واهەیە
مرۆڤ خۆزگە
بەمەرگ دەخوازێت

جاری واش هەیە
خۆزگە دەخوازێت
ژیان لێرەدا دەوەستا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

جاری واهەیە
منداڵ خۆزگە بە
گەورەبوون دەخوازێت

جاری واش هەیە
گەورەکان خۆزگە
بە منداڵ بوون دەخوازت

جاری وا هەیە
پیرەکان خۆزگە
بەمردن دەخوازن

جاری واش هەیە
مردۆکان خۆزگە
بە ژیان دەخوازن .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

گەورەبووم
بەڵام مەخـابن
ئیتر بەقسەیەکی شرین
ژیرنابمەوە کاتێک دڵم دەشکێنن

*************

هەندێ جـار
دڵت تەنگ دەبێت
تەنگ تەنگ تەنگ
تاکوو هێندە تەنگ دەبێت دەشکێت .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

نەبووە و نـابێت
جوانتر لەئافرەت
بەداپــۆشـراوی

***************

بەدڵ
لەگەڵ خودا بــە
مرۆڤەکان
دڵ خۆشت نـاکەن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئێستـا
ژیانی منیش
وەک ئەو بەردەی لێ هاتووە
کاتێک منداڵەکە بۆ چۆلەگەیەکی تێدەگرێت
نازانێت دڵی منداڵەکە
بشکێنێت یان باڵی چۆلەگەکە

منیش نـازانم
دڵـی ئەم رازی کەم یاخود ئەو

سەیر لەوەدایە
کەس بیر لە بەردەکە ناکاتـەوە
رەنگە دلی ئەو بشکێت .

“

”

دڵــ
شکاوی
وەزنــی نیە
بــەڵام قورســە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

پیاوەکان
هەوڵدەدەن
ماندوو دەبن
دڵیان دەشکێت
گەورەدەبن
پیردەبن
ئەترسن
ترس لە لەدەستدان
ترس لەخیانەت
ترس لەنەبوونی
ترس لە کەوتن
ترس لەهەڵ نەساندنەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەستیان دەلەرزێت
ئیدی لە پیریدابێت
یان لەئازاردا،لەماندوویێتیدا،یان لەسەرمادا

بەڵام دەتوانن
ئافرەتێکیان خۆش بوێت
بۆی بمرنــ
ئەوان هەموو هەوڵیان
بۆ ئەوەیە لەکۆتایدا
لەگەل کەسێکدابن
وەک خۆی خۆشی بوێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ووتی زۆر خراپی لەگەڵم
ووتم بۆ
ووتی زۆر خەم دەخۆی
خـەم دەخۆم بەوە
ووتم خەمت نەبێت
من خەم ناخۆم ئەو من دەخوات

***************

ئەو مرۆڤـانەی
هەوڵ بۆسەرکەوتن نادەن
بەشکست دەڵێن چــارەنووس .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەوەی لەگۆڕدا
مرۆڤەکان دەخواتەوە
خشۆکەکان نین
ئیمالـی و تەنهـاییە

************

شتێک بکە
باشبم
بۆنموونــە
یان وەرە
یــان بمکوژە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بێ تــۆ
هەمووشتێک دەمرێت
تەنانەت منیش
***********

هیچ کەسێک
وەک تۆ بزەی
لێ نایات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

مردن کۆتایی بەهەموو
شتەکان دەهێنێت
خۆشیێکان
ناخۆشیێکان
شکانەکان
دڵ تەنگێکان
کەوتنەکان
هەستانەوەکان
دەوڵەمەندی
هەژاری
گریان
پێکەنین
لاوازەکان
بەهێزەکان

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئومێدتان هەبێت
گەرئومێدتان بەهیچ نەماوە
ئەوە بەمردن هەتان بێت
مردن دێت
بروابکـەن دێت
مردن لەترپەکانی دڵمان
نزیکترە لێمـان
مردن لەم نزیکانەیە
دەستێک بخەرە سەردڵت
دەزانی مردن چەندە نزیکەلێتەوە .

“

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

دەزانـن ئـــەگەر
هەموو خۆشەویستەکان
بەیەکتربگەیشتنایە ژیان
زۆر عەدالەت دەبــوو
تۆبڵێی لەبەر ئەم ناعەدالەتیە
خــودا لەژیان خۆشبێت و
نەیخاتە جەهەنمەوە..

”

دایکە
رۆڵەکەت نەخۆشیەکی
کوشندەی گرتووە
پێویستم بە دکتۆر نیە
دڵـــــم شکاوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئـــاهـ
لەمیهرەبانی
ئـافرەت
باوکم ساڵێک
دڵی دایکمی شکاند
ئەو بەیەک قسەی شرین
هیچی لەدڵدانەما

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ووتم سڵاو شرینم بـاشی
ووتی بــاشم
ووتم سەدای ووشەکانت دەخوێنمەوە
ئەو باشە دەرناکەوی کەدەیڵێیت
ووتی نــا باشم
ووتم بەڵام غەمگین و
دڵشکاودەردەکەوی
ووتی هەمووان غەمگینم دەکەن
دڵم دەشکێنن
بەکارم دەهێنن بۆژیانی خۆیان وەک
ئەوەی هیچ .
نەبـم هەست و دڵم نەبێت وەک ئەوان،
و وەک ئامێرێک بم بەحەزوو ویستی
ئەوان بجوڵێمەوە،

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

ووتم خەتالەتۆدایە زۆرعاتفیت حەزەکان
و ویستەکانی ئەوان پێش ئەوانی
خۆت دەخەی
و ئەوەندەی بەدڵی ئەوان دەکەی بەدڵی
خۆت ناکەی،وەهەمووکەسیش شیاوی
ئەم فیدای دانە
نیە،چونکەهەندێ کەس ئەمە
بەهەل وەردەگرن
نەک بەخۆشەویستی.
ووتی ئەی چیبکەم من نامەوی
دڵی کەس بشکێنم
ووتم ئادەی سەیرێکی دڵی خۆت
بکە بزانم ئەوانەی

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

کەنەتوێستووە دڵیان بشکێنی
دڵیان نەشکاندووی
جێی دەستی هەمووانی پێوەنیە،
ووتی وادەستم خستە سەر دڵم
هەستدەکەم پارچەکانی دڵم
دەچێت بەدەستمدا
خوێنەکەشم بۆنی خوێنی لێ نایات
بۆنی هەموو ئەوانەی لێ دێت کەنەمدەویست
دڵیان بشکێنم.
بۆنی هەموو دۆستەکانمی لێدێت
دوژمنەکانم نەبێت ئـاخر ئەمەبۆ
لـەبەر چـی؟

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ووتم هێندە سادەو بەسۆز مەبە گەر
ئاگادار نەبێت بەکارت دەهێنن
بۆ ژیانی خۆیــان،
ووتی چیبکەم ناتوانم کەس
غەمباربکەم
لەبەر دڵخۆشیێکانی خــــۆم ،
ووتم ئەوان ئازاری تۆدەدەن
غەمبارت دەکەن
لەبەر خۆیان تۆش ئەوان غەمباربکە
لەبەرخۆت کەلەبەر خۆیان غەمبارت دەکەن.
ووتی چۆن ئەمە بەمن بکرێت

“

”

ووتم دەبێت لەگەڵ سادەدا سادە بیت
لەگەڵ خراپدا خراپ بیت
لەگەڵ میهرەباندا میهرەبان بیت
دەبێت وەک خۆیان بـیت
ئەم سەردەمە مرۆڤی وەک خۆیان دەوێت
ووتم لەگەڵ دڵ شکێنەرەکان
دڵ شکێنەر بـە نەک دڵشکاو..

“

”

پێبکەنـە
فرمێسکەکان
پارچەکانی دڵ
بەیەکترناگەیەنێتەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کچە ئاشقەکان

ماڵێکی ئاسنینیان ناوێت
ماڵێکی ئاسودەیان دەوێت
دڵێکی گەورەیان دەوێت
گەورەتر لەگەورەی ماڵەکە

دڵێکی میهرەبان
میهرەبانتر لەفریشتەیەک
ئەوان ئامێزێکیان دەوێت
لەئامێزی دایک بەسۆزتر

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ئەوان چاوێکیان دەوێت
لەخودی خۆی زیاتر سەیری
هیچ کەسێکی تری پێ نەکرێت
ئەوان دڵێکیان دەوێت
وەک تابووت وابێت
جگەلەخۆی
هیچ کەسێک نەچێتە ئەو دڵەوە
ئەوان دەستێکیان دەوێت
جگەلەدەستی خۆی
دەستی دایکیشی پێ نەگرێت
ئەمە غیرەنیە لێتانی دەکەن
خۆشەویستیە .

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ووتی پەشیمانـم
ووتم: لەچی
ووتی:لەوەی کە گرنگیم
پێدای و هاودەرت بووم
ووتم ئێستا من چیبکەم لەم ژیانە تاریکەدا
ووتی ژیان ناوەستێت بێ من
ووتم من بێ تۆ دەوەستم
تۆ من لەدڵ دەربکەی
دەبێت بکەوومە سەر شەقامەکان

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەبێت بەسەر شەقامەکاندا بێم
و بچم وەک پیرێکی
پەک کەوتوو چۆن بۆ شوێنێکی
گەرم دەگەڕێت لە شەوێکی
زستاندا چۆن لەسەرمادا هەڵدەلەرزێت
ئاوا بۆ کەسێک بگەڕێم لێم بگات
لەناو ئەم جەنجاڵی ژیانەدا کەس لەکەس ناگات
و هەمووی خەمی خۆیەتی.

“

”

ووتی دەگریم ، ووتم دەزانم
هەستی پێدەکەم
لەگەڵ هەر فرمێسکێکدا
لەدڵت دەرم دەکەی
دەرم دەکەی و دەچم بەناخی زەویدا
ووتی گەر بۆ یەک رۆژ
خۆشت ویستووم ئاگاداری خۆت بە
ووتم باش
دەچم دەمرم و لەودونیا بۆ
ئەبەد خۆشم دەوێیت
و تێیدا نــامرم بۆی بزانی تاچەند
و چەندە خۆشم  دەوێی.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

باوکە

ژورەکەم ساردە

پەنجەرەکەم نـا

دڵم شکاوە

***************

ئەوەی کۆتای بەئەشق ئەهێنێت

مردن نیە خیانەتە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"هۆکاری مـانی من"
نەهاتنی مردن نیە
بوونی تۆیە لەژیاندا

**************

دەزانن چی بــەئازارە
کــەسێک دڵت بشکێنێت
کــەهیچ کات نـەت دەویست
دڵـی بشکێنی

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

نیگەران مەبن تورە مەبن
نائومێد مەبن
ئەگەر ژیان فیڵی لێکردون
ئەگەر مرۆڤەکان دڵیان شکاندووی
ئەگەر هەموو رۆژێک لەئازار و
نائومێدیدا بژیت
هەموو پەژارەو غەمەکانت خۆش بوێت
تێیان پەڕێنە ئازارەکان مرۆڤەکان
ژیرتر و بەهێزتر دەکەن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"
واyan لێ دەکەن بەرگەی زیـــاتر
دەگرن و بەهێزتربن
کاتی بەختەوەری ئێوەدێت
بڕوام پێ بکـەن هەموو شتێک باش
دەبێت.رۆژێک دێت ئازارەکان
هێندە گەورەمان
دەکەن.سوپاسی هەموو ئەوانە
دەکەین کەئازاریان داووین.
"

”

ئەو فرمێسکەی لەگەڵ پێکەنیندا

چاو پڕدەکات پێکەنین نیە

دیوی پێکەنینەکەیە .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

شەکەت شەکەت بوە لەچاوەڕوانیتدا

من نـــا

دڵـم

---

هەموو شەوێک دەمگریەنن

تـۆنا

یادگارێکانت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

منی لەخۆم کرد

تــۆنا

خۆشەویستیت

---

دڵی منی لەژیان شکاند

تۆ نــا

ووشەکانت

“

”

شکا پەنجەرەکانی شـار

نـا

دڵــم

---

مـنی بێ هیـواکرد

تـۆنا

خیانەتەکەت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

منی لەخۆیدا دەرهێنـــا

تۆنــا

دڵت

---

منی دا بەزەویدا

تـۆنا

ڕۆشتنەکەت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئاوابوو ئەم ئێوارەیە

خـۆر نـا

هیواو ئاواتەکـانم

---

بیری دەکەم

خۆی نـــا

چاوەکـانی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ووشە هەیـە
مرۆڤ لاڵ دەکـات
هەیەدڵ تەنگی دەکات
هەیە دڵی دەشکێنێت
هەیە بێ هیوای دەکات
هەیە لەسەرزەوی دەخات
بەڵام ئەمە گەر ووشەی ئازیزەکانت نەبن

“

”

وەلێ یەک ووشەی ئەزیزێکت
بێ ئەوەی دڵ تەنگ و دڵت بشکێنێت و
بێ هیوات بکات ولەزەویت خـات
هەر لەشوێنی خۆیدا دەتکوژێت

“

”

ڕۆژانێک بوو
منیش بەدڵ دڵ خۆش بووم
**************
ڕۆشتنی تــۆ
ئازاری نــاوی
رووحی دەوێت

“

”

هەمیشە قسەکانی دڵ
بەناتەواوی دەمێنێتەوە
***********
هەمیشە
راستگۆکـان
باجی مرۆڤە
درۆزنەکان دەدەنەوە

“

”

مـرۆڤمان هەیە

تەنها لەتەمەندا دەگۆڕێت

ئەگینـا ئەقڵی هەر لەمنداڵیدا دەمێنێتەوە

**************

مرۆڤ کەئەقڵی بەکار نەهێنا

نەفسی بەکاری دەهێنـێ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من نەفرەت لە هەموو ئەو ئازارانە دەکەم
کە بەروکی ئافرەتانیک دەگریَ
وایان لیَ دەکا خۆیان رادەستی مردن بکەن..
مـن نەفرەت لەهەموو ئەو ئازارانەدەکەم
کە بەرۆکی پیاوێک دەگرێت و وایان لێدەکات
فرمێسک بەچاویاندا بێتە خـوار.

“

”

ئیـتر

دڵخۆشیش

من بـاش ناکات

************

مرۆڤـە سادەکان هەرگیز درۆ نـاکەن

***********

ئەوکاتەنرخی ساتەکانی

پێکەوەبوون دەزانین

کـەدەبنە یادگاری پڕلەحەسرەت

“

”

تەحەمووڵ کردنی سەرەمەرگم

پێ ئاسانتـرە

وەک لـەتەحەمووڵ کردنی هەندێ ووشە

****************

قێزەونترین سیفاتی پیـاو درۆ کـردنە

“

”

وەک یاریزانێک
زۆرجـار براوەبووم کەمجار دۆڕاوە
بەڵام لەڕاکردن بەدوای
مردندا هەمیشە دۆڕاوم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەی پیــاو

شرینی دەرەوە مەبەو

زەهری ماڵەوە

هێلانەکەت گرنگترە

لەوانەی دووری هێلانەکەتن

“

”

مرۆڤەکان ئەهلی هاتن و رۆشتنن
ئەوەی هەمیشە لەگەڵیدا بەردەوام دەبێت
دوای مردنیش لێی نابێتەوە
تەنهایەکەیەتـــی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بڕوادەکەن

ئەوەی دەیڵێم لەدڵەوەیە

ئـــەم ژیانە دەبینن

من و تۆ ناشرینمان کـرد

ژیان بێ ئێمە زۆر جـوانە

من و تۆ ئازاری یەکتر دەدەین

نەک ژیان ئازاری ئێمە بـات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من و تۆ خیانەت دەدەین بەرووی یەکتردا
من و تـۆ بێ وەفـاین نەک ژیان
ئەوەندەی سەر زەنشتی ژیان دەکەین
با سەر زەنشتی خۆمــان بکەین
ژیــان کێیە من و تۆ و ئەو ئەوانین .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ووتی ئازاری گەورە مرۆڤی

گەورە درووست دەکات

ووتم ئەی گەر بیکوژێت

ووتی خودا خۆشی ویستووە

ووتم خودا خۆشەویستەکانی بۆکوێ دەبات

ووتی بۆ ئەو شوێنەی شایەنیانـە

ووتم ئێرە شیاوی کێیە

ووتی درندەکان و خراپەکاران

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

وتم بۆیـە ژیان ئاوا شێـواو ئاڵۆز
هەڵگەڕاوە  خودا پاکەکان
و چاکەکان دەباتەوە
وتم گومانم لە پــاکی
و باشی خۆم هەبێت
ووتی ئەرێ چونکە پاک
بویتایە لێرە نەدەبووی
ووتم باشە خۆم پاک دەکەمەوە
بەڵکوو خودا بمباتەوە.

”

شکانمانــ

ئەو ئاوێنەییەی

کەئاوێنەی دڵ بوو

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

زۆر سەختە

بچیت نامە هاتۆکان بەسەر بکەیتەوە

بتەوێ نامەیەک بۆ کەسێک

بنێریت دەمێکە لەدەستی داووی

دەردە دڵی لەلا بکەی

ووشەکانی دڵتی بۆ راخەی بەڵام

بێتەوە یادت ئەوکەسەی کەدەتەوێ

دەردە دڵی بۆ بکەی ئێستا ئەوکەسەنیە

ئێستا هەمووشت گۆڕاوە

“

”

ئەوکەسەنیــە
کەگوێی بۆ رادەهێنای و
برینەکانی تیمار دەکردی
ئەو کەسەنیە کە چاوەرێی
نامەیەکی دەکردی
ئەو کەسەنیە کەئازارت هەبوایە
بێ ووتن هەستی پێدەکرد
ئەو کەسەنیە کە دڵ تەنگ دەبووی
ئەو هەر لەلای خۆیەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بەشی تۆش دڵ تەنگ دەبوو
ئەو کەسە نیە کاتێک فرمێسک
دەهاتە چاوانتەوە
ئەو هەر لەشوێنی خۆیەوە
پێی دەووتی فرمێسکەکانت بسـرە
پێی دەووتی فرمێسکەکانت
ویژدانم ژێر و ژور دەکات
سەختە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کەسێکت بیربێتەوە

کەئێستــا نیە

ووشەکانی ناو دڵت بۆکەسێک بنووسیتەوە

کە گەیشتیتە کۆتای ووشەکان

دیسان بێتەوە یادت

ئەوکەسەی کەهەبوو

“

”

ئێستا وجودی نیـە

مەبەست لەنەبوون مردن نیە

واتا ئێستا هەبووی کەسێکی تـربێت

مردن ئەوەیە بۆکەسێک بنووسیت

کە هەبووی تـــۆ نەبێت .

“

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

## دایکم فێری کردم

ئافرەت کاتێک دەچێتە ژیانی هاوسەرگیریێوە
وەک منداڵێکی ساوای لێی دێت
لەوێوە لەدایک دەبیت ژیانی
لەوێوە دەست پێدەکات
ئەوە پیاوە دەبێت
نازی باتی ببێت بە باوک بۆی و
سۆز و خۆشەویستی پێبـات
لەئامێزی بگرێت هەست بکات
کەسێک هەیە کەخۆشی دەوێ

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

چونکە ئێستـا

تۆی پیاو باوک و دایک و هەموو شتێکی ئەوی

لەوکاتەدا کۆتـا ئومێدی بەژیان تۆی

ئەوە تۆی ئەوت بەژیان بەستۆتەوە

گەر تۆ دڵی بشکێنیت

و ئیهمال و تونوی گرنگی و

خۆشەویستی بکەی ئەوە

هەر لەشوێنی خۆیدادەخنکێت.

بەئازارترین مردنیش بۆ

ئافرەت لەتونوی خۆشەویستی و

گرنگی پێداندا بخنکێن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

فێری کردم ئەوە پیاوە دەبێت

پەروەردەی بکات

ئەوە پیاوە دەتوانێت میهرەبانی

بکات یان درندە

ئەوە پیاوە دەبێت خۆشی بوێ

و خۆشەویست بێت

“

”

فێڕی کردم

پیاو دەتوانێت ئافرەت
درندە.میهرەبان.زۆربڵێ و یان کەم بڵێ.
دەم بەخەندە یان دڵ بەئازار
و هەمیشە شکاو.بەئومێد و نائومێد.
قسەشرین یان تاڵتر لەتاڵ بکات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بەڵێ فێری کردم کە ئافرەت

لەئامێزی پیاودا گەورەدەبێت

فێری کردم زیاتر لەخەو خۆراک

پێویستی بە گرنگی پێدانە

بۆ گەورەکردنیشی

پێویستی بە سۆز و خۆشەویستی و

لەگەڵ بوونی هەمیشەییە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

لەکۆتایدا پێی ووتم کورەکەم
ووتم بەڵێ دایکە بێ نازەکەم
ووتی وەرە دەستی بخە سەر دڵــم
چووم دەستم خستە سەری
ووتی گوێت لەناڵەو گریانی دڵمە
ووتم دایکە ئەوە چیە
ووتی لەوەتەی ژیانم دروستکردوە
باوکت دڵی بێ ناز کردووم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەر وەک منداڵێکی ساوا  سی ساڵی
رەبەقە دڵم دەگریت و باوکت
نەهاتوە بەلایەوە
تۆزێک لەئامێزم بگات و
گرنگیم پێبات و بملاوێنێتەوە
ئێستـا من سی ساڵی رەبەقە لەناخی خۆمدا
دەتلێمەوەو دەگریم بۆ ئەوەی ئێوە
هەستی پێ بکەن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ووتم دایکە تۆ وەک ئافرەتێک

چی دەتکوژێت

ووتی ئەوەی ئافرەت دەکوژێت

واهەست بکات

کەسێک خۆشی دەوێی

کەهەموو ژیانی پێدا

دوای ئەو هەستەی ئەوەنەبێت کەهەبوو

ئەو ئاوات و ژیانەی دەیویست وانەبوو

دوای ئەو ئافرەتە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

نەدەتوانی لەو ژیانە بەردەوام بێت

نە بگەڕێتەوە بۆ رابردوو

هەر لەشوێنی خۆیدا هێدی هێدی

ئازارەکان لاواز و رووخسار لۆچی دەکەن

وردە وردە رووبەرووی مردن دەبێتەوە

ووتی کورم ئافرەت کاتێک نازی پێ نەدرا

وەک منداڵێکی ساوا وایە توانای پێ گردنیشی نیە

تەنانەت ناتوانێت رووبەرووی مردن بچێت

دەبێت مـردن بێـت.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ووتم دایکە ئەی ئافرەت بەچی

دڵ خۆش دەبێت

ووتی کورەکەم

تۆ ئەمرۆ گرنگی پێ بەو سۆزی پێبدە

ئەو یەک سەدە زەردە خەنە

لەسەر لێوی ناتۆرێت

هەرچەند بیتۆرێنیت

ئەو تایەک سەدە بەتامی

ئەو ڕۆژەوە کێشەکان تێدەپەڕێنێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

فێری کردم

کە مەبەست لەگەورەکردنیان

گەورەکردنی تەمەن و جەستـەنـا

مەبەستی لەپەروەردە کردنی دڵ بوو

من ئافرەت دۆست نیـم

بەڵام ئافرەتی وەک دایکم خۆشدەوێت ..

“

”

## لێرە دەرۆم

جانتاکەم دەپێچمەوەو لێرە دەرۆم

ئازار و تەنهایەکانم کۆدەکەمەوەو

بۆ ئەبەد وون دەبم

دەزانم لێرەبم

رۆژێک دێت مردنی من

ئەژنۆکانی دایکم لەزەوی دەدات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەزانم لێرەبم

دایکم دەنگی گریانی دەگات بەعەرشی خودا

لێرەبم دایکم

هێندەم بیردەکات هەموو خۆی دەردێنت

هێندە بیرم دەکات و بۆم دەگری

لەناو خۆیدا دروستم دەکات

“

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەزانم بەلێرەبوونم

رۆژێک دێت دایکم دەست

بۆ خودا بەرز دەکاتەوە

داوەی مردن دەکات رەنگە

هەر لەوێدا روحم بۆ بکێشێت

و لەگەڵمدا بێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەزانم گەرمن بمرم

دایکم شەر بەداروو

دیوار دەفرۆشێت

نائومێدی بەرۆکی بەرنادا هەمووشەو

بەچاوێکی تەرەوە

لەسەر وێنەکەم خەو دەیباتەوە

بەو ئومێدەوە

دەخەوێ دواشەوی بێت و

لەئامێزم بگرێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەزانم هەموو شەوێک لەسوجدەدا

بەچاوێکی تەڕەوە خەو دەیباتەوە

هەموو ژیانی بەنزا تەواو دەکات

نزاکانی یان کوڕەکەم بەرەوە

یان خۆم بگەڕێنەوە

دەزانم من بمرم

دایکم ئیدی دڵی لەدەست دەدات

و خۆشەویستی بەباوکم نادات

“

”

دەزانم من دەزانم

مردنی من دایکم هێدی هێدی دەکوژێت

دەزانم دوای من باوکم

تواناکانی لەدەست دەدا

جگەرە بەجگەرە هەڵدەکات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

براکانم

ئیتر بۆ ئەبەد وێنەی من

لەژورەکەیاندا هەڵدەواسن

هەندێ جار سەیر دەکەن و

دەدەن لەپرمەی

گریان بۆ ئەو ساتانەی بەسەرمان برد

دەگرین بۆ ئەوکاتانەی لەدەستمان دا

دەگرین بۆ ئەوەی رەنجاندمیان

دەگرین چونکە ووشەی دڵیان پێ نەوتووم

سەیرم دەکەم و خۆزگە دەخوازن

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

خوشکە تاقانەکەشم

هێندە خۆی دەرنێتەوە پێستی لێ دەکەوێ

لەگەڵ هەر فرمێسکێکدا ژیانی

لەبەر چاو دەکەوێت

ئیدی بەمنداڵەکانی ناڵێت گیان

چونکە هەست بەگیانی خۆی ناکات

بەخێزانەکەی ناڵێت دڵم هەناسەم ژیان

چونکە مرۆڤ شتێکی نەبێت ناتوانێت

باسی بکات بانگی پێ بکات.

“

”

من دەزانم

ئەوان دوای من ژیانیان لێ دەبێت بەمشتێک

هێندە تەنگ و تاریک دەبێت . .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بۆئەوە هاتمەژیان

لەگەڵ مرۆڤەکاندا بـژیم

نەک تــەنهایی

******************

رۆژێک لەگەڵ

پۆلێک مەلدا وون دەبم

ئەوان رۆژێک دێت دەگەڕێنەوە

وەلــێ من نـــا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەزار جـار گەرانەوە

قەرەبووی دلێکی شکاو ناکاتەوە

**************

مرۆڤ هەرتاوانێک بکات

لێخۆشبوونی هـەیە گەر کوشتنیش بێت

وەلێ بۆ شکانی دڵ شتێکی تـرە

دەبێت دڵـی بشکێتەوە

چونکە  هیچ ئازارێک

وەک دڵ شکان مرۆڤ  لەژیـان ناکات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

تەنها دڵ نـا

بەناو هەموو دەمارەکانی

جەستەمدا دێیت و دەچیت

**************

ئەو دەمەی

پارە حوکم دەکات

دڵ بێ سەر و شوێن دەبێت

ئەو دەمەی پارە دێتە گـۆ

دڵ دەکەوێتە سەر ئەژنـۆ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

دایکم هێندە دڵی ناسکە

بەدەنگی میلی کاتژمێرەکە دڵی تەنگ دەبێت

وای بەحـاڵی کاتێک باوکم دڵی دەشکێنێت

*************

کــەس نیە

تۆی خۆشویستبێت

و تۆی جێهێشتبێت

***********************

تـۆ لەکوێ بیت

ژیانیش لەوێــیە

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەندێ جـار

وەهـا دڵت دەشکێنن

هەموو پارچەکان کۆبکەرەوە

نابێتەوە بەدڵ

“

## من کوڕم

تێ دەگەی ووتم چی یان دووبارە
بیدەمەوە بە گوێچکەتاندا ووتم من کـورم.
واتا بۆمن ژیان قورسە ژیان
بۆمن واتا راکردن و زبربوونی دەست و
هەناسەی قوڵ هەڵکێشان بۆمن
ژیان واتا نەوەستان
واتا هەمیشە راکردن بەدوای
ئامانج و ئاواتەکان.

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

مــــن کوڕم

کاتێک ماندوویتی یان کێشەیەک

رووم تێدەکات

ناتوانم نازبکەم ناتوانم بەکەسێک بڵێم

یاریدەرم بە کەس

نیە نازم هەڵگرێت من کورم دەبێت خۆم

نازی خۆم هەڵبگرم خۆم کێشەکانی

خۆم چارەسەربکەم خۆم

راکەم و بەدوای چارەدا

بگەڕێم من کچ نیم

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من کورم ناتوانم ناز بکەم ناتوانم نازبکەم

و دەست بەسەر شانما بێهنم

خۆم دڵی خۆم بدەمەوە.

من کورم کاتێک دڵم تەنگە نابێت بگریم

چونکە پیاو گریانیان نەوتوە لێرە

لێرە پیاو دەبێت دەستەکانی

زبربێت چاوەکانیشی هیچ کات تەرنەبـن

“

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من کچ نیم
کاتێک دڵم تەنگ بێت هەر لەوێدا بیرێژم
من کچ نیم کاتێک دڵم تەنگ
بێت و بگریم پێم بوترێ
بەهۆی ناسکێویتی ئافرەت خۆی
هەروا ناسکە و عاتفیە دەبێت بگریت
بەهۆی میهرەبانێویتی.
من کچ نیم کاتێک گریام
لەئامێزم بگرن و دڵـم بەنەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من کورم

کاتێک دەگریم

دەبێت هەردوو ئەژنۆکانی

خۆمتوند لەئامێز بگـرم

من کچ نیم

کاتێک دڵم دەشکێت

پەنجەکانم رەنگاورەنگ بکەم

من کچ نیم

کاتێک دڵم تەنگە

دانیشم بەدیار پەنجەرەی ژورەکەمەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من کچ نیم

کاتێک دڵم تەنگە پرچم هەڵوەشێنمەوەو

هەر جارێک و بەشێوەیەک بیبەســتم

من کچ نیم

کاتێک دڵم تەنگە

هاواربکەم بگریم نازبکەم

بەسەر باوک و دایک و

هاوسەرمدا تاکوونازم هەڵگرن

و بڵێن ئێمەلێرەین

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من کچ نیم
لەپشت موکیاجەکەمەوە
ئازارەکانم بشارمەوە
من کچ نیم
بە ئیسفەنجێک
جێی فرمێسکەکانم ووشک بکەمەوە
من کورم
کاتێک دڵم تەنگە نابێت بگریم
دەبێت بترسم بەلاواز و
منداڵ ئاسا ناوم ببرێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من کورم

کاتێک دڵم دەشکێت

دەبێت خۆم سارێژی بکەم

من کورم

کاتێک دەگریم دەبێت

لەشوێنێکی تاریکدابێت

من کورم

گریانەکانم نابێت بەرزبن

دەبێت فرمێسکەکان برژێنمە دڵمەوە

نەک لەچاوانمدا بێنە خوار

“

”

من کورم

دەبێت کار بکەم

دەبێت گەرمای هاوین بمسوتێنێت

دەبێت سەرمای زستان

نەخۆشم خـات .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئــاه بۆ ژمێریارێک

ئەوهەموو دڵ تەنگیەم بۆ بژمێرێــت

**********

ئەوەی ئافرەت دەکوژێت

گولەی تفەنگەکان نیە

ئیمال کردنـــە

****************

ئەوەندە بێتاقەت ماندووم

دەترسم مردن بێت و

تاقەتم نەبێت بمرم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من کاتێک منداڵ بووم

لەسەر سەری کۆڵانەکەمان

دووکانێک هەبوو خۆشبەختی دەفرۆشت

بەڵام پارەم پێ نەبوو بیکرم

گەورەبووم و کارم کرد و پارەم کۆ کردەوە

رۆشتم بایی رۆژێک خۆشبەختی بکرم

دووکان دارەکە مردبوو

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

چەند خۆش دەبێت
بەیانیەک لەخەو بەئاگابێیمەوە
بڵێن ئەم ژیانەی تێیدا ژیایی
تەنها خەیاڵ بوو
چەند خۆش دەبێت
بەیانیەک لەخەو بەئاگابێیمەوە
ئاژەڵەکانیش لەگەڵ ئێمەدا ژیان بکەن

“

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

چەند خۆش دەبێت

بەیانیەک بەئاگابێمەوەو

مرۆڤە درندەو پیسەکان بووبێتن بەئاژەڵ

چەند خۆش دەبێت

بەیانیەک بەئاگابێمەوەو

بڵێن ئیتر دونیا دونیاکەی جاران نیە

مرۆڤە درندەکان و بێ ویژدانەکان نەماوون

ئیتر ئاژەڵەکان لێرە لەگەڵمان دەژین

ئاژەڵە بەوەفاکان شان بەشانمان

هەناسە دەدەن

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

چەند خۆش دەبێت

بەیانیەک بەئاگا بێمەوەو

هەمووان بەسادەی و وەفاوە بژین

چەند خۆش دەبێت

بەیانیەک بەئاگا بێمەوە

ئیتر ژیان بەوجۆرە نەبێت کەپێش

ئەوەی بەئاگابووم بوو.

“

”

## پیاو

پیاوکاتێک دەیەوێ بگری
نزای بارینی باران دەکات
تاکوو فرمێسکەکانی لەگەڵ باران تێکەڵ بکات
هەنسکەکانی لەگەڵ بریسکەکان تێکەڵ دەکات
تـاکوو کەس هەست بەدەنگی
هەنسکەکانی نەکات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

پیاو کاتێک دڵی تەنگ دەبێت

و ووشەکان گەروویان پڕدەکات

کەسێک نیە دەردە دڵی لەلا بکات

کەسێک نیە هانای بۆ بەرێت

کەسێک نیە بەگریانەوە بۆی بدوێ

کەسێک نابێت لەفرمێسکەکانی بگات

کەسێک نیە بۆی بسڕێت

لێرە کاتێک کەناوی پیاو دێنن

وەک بێ هەستێک و بێ دڵێک دەبینرێن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کاتێک دەڵێن پیاو

دەبێت دەسێکی زبروو

جەستەیەکی پۆڵای هەبێت

کاتێک دەڵێن پیاو واتا نابێت بگریت

گریان بۆ پیاو نەهاتووە وەک

بڵێی پیاو دڵی نەبێت

مرۆڤ نەبێت هەستی نەبێت

“

”

ئاخر پیاو ناگریت
تاپێی نەڵێن بێ هێزە
منداڵ ئاسایە عاتفیە
نا پیاو کاتێک دەیەوێ بگری
لەژێربارانەدا دەگریەت
تاکەس هەست نەکان دەگریت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

پیاو کاتێک دڵ پڕدەبێت

بەسەر شەقامەکاندا دەروات شەق لەدار

و دیوار هەڵدەدات نایەوێ

قسەلەگەڵ هیچ کەسێک بکات

وازی لێبێنن با تەواوی شار بەپێی

ببرێت ئەو ئاگاداری رێگانیە

ئەوهیلاک نابێت ئەو نازانێت

بۆ کوێ دەچێت و لەکوێدایە

تەنها دەروات بەرێگادا رێگادەبرێت و

قسەکانی ناو دڵی بۆ باران دەکات

“

”

بارانیش دەبارێت بەسەر رووخساریدا
و فرمێسکەکانی دەشارێتەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

پیاو کاتێک
فرمێسکەکان لەچاویدا پەنگ دەخۆن
وناتوانێت لەوشوێنە
دابگریەت کەدڵ تەنگە
لەبەرئەوەی بەلاواز و کەم و
بێ هێز و شکاو نەبینرێت
فرمێسکەکانی لەگەڕوویدا دەهێڵێتەوە
دووبارە دەیشارێتەوەو دەیرێژێت
بەسەر دڵ و سینەی خۆیدا

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

پیاو کاتیک دڵ دەشکێنێت

درندەنیە نـا تەنها شکێنراوە

پیاو کاتێک دلی دەشکێت

درندە هەڵدەگەرێت

کاتێک دڵیشی دەشکێت

لەو شوێنەدا کەشکاوەدەمرێت

بەڵام نایەوێ کەس هەست

بەشکانی بکات

ئەو شوێنە بەجێ دەهڵێت و

دەچێتە سەر شەقامەکان

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

یان دەچێتە لای هاورێکانی
دەردە دڵیان لەلا ناکات نا
نایەوێ بەچاوێکی کەم ببینرێت.
ئەویش لەگەڵیان
قاقا لێدەدات چاوەکانی
پڕدەبێت لەفرمێسک
لەناکاو پێکەنینەکانی دەووستێنێت
هاورێکانی پێی دەڵێن
ئەوە چیە بۆ چاو بەفرمێسکی و
پێکەنینت وەستاند

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

ئەویش بەدڵێکی شکاو چاوێکی پڕ
فرمێسکەوە دەڵێت هێندە پێکەنیم
چاوەکانم پڕ بوون لەئاو.
بەڵام لەوکاتەدا هیوادەخوازێت
بۆ کەسێک لەئامێزی بگرێت
و فرمێسکەکانی بسرێت و
بڵێت ئەمەی تۆ فرمێسکی
شادی نیە تۆ ئازاری زۆر لە دڵدا
پەنگی خواردوە زۆر سەختە
مرۆڤ فرمێسکەکانی بەپێکەنینەوە

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بڕێژێت و خەڵکی

وابزانێت لەبەر زۆری پێکەنینەکەیەتی

فرمێسکی بەچاودا دێتە خـوار.

پیاو

ئەوە نیە کەبەرەقی و بێ هەستی

و بێ دڵی دەیان بینن

ئەوان دیوێکی زۆر بەئازاریان

هەیە کە جگە لەخۆی

خودا هیچ کەسێک نایان بینێت

هیچ کەسێکم هەستیان

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

پێ ناکات ئەوان بەرەقی و بێ

هەستی و بێ دڵی ببینرێن پێیان

باشترە دیوە بەئازار و

بەفرمێسکاوێکەیان ببینرێت

ئەمە هەستی پیاوە

ئێستا منیش وەک پیاوێک

باسی پیاودەکەم و لەژورێکی تاریکدا

لەنێوان چوار دیواردا فرمێسکم

دەتکێت بەسەر ووشەکانمدا

من کاتێک دەنووسم رووناکی دەکوژێنمەوە

“

”

تاکەس ئەو دیوەم نەبێنێت

کەخودا دەیبینێت

لەجێی فرمێسکەکانی ئەمر بەباران دەکات .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

نامەیەکی بۆ ناردم

ووتی باشی

دکتۆرەکە پارچە سپێکەی

دابەسەر رووخسارمداوبۆی

نووسی ئێستا ئەو زۆر باشە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئێستامن تێگەیەشتم

هەر رۆژێک تێدەپەڕێت من ناژیم

نا من هەستی ژیان بوونم نیە

بەڵکوو تەنها کاتەکان دەڕۆن

کاتەکان دەڕۆن تەنها ئازار دەدەن بەرووومدا

وەک ئەوەی ژیان خۆش بەختی تێدا نەبێت

وەک ئەوەی هەموو شەقەکانی زەمانە

کۆکرابێتەوەو لەمنی هەڵدرێت

نازانم هەست دەکەم ئازارەکانم

بەرچاویان گردووم تاریکیان کردووم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

وەک چۆن مرۆڤ لەکاتی ئازاردا
گەرووی دەگیرێت ئاوا ژیانم گیراوە
هیچ نابینم بەر چاوەکانم لێڵ بوون
لێڵ لێڵ ژیانی خۆم
وەک دەریاچەیەک هاتۆتەبەر
چاودەڵێی هەموو مرۆڤە
پیسەکانی دونیاهاتوون لەناو ژیانمدا
مەلەیان کردبێت.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من هیچ شک نابەم

جگە لەدڵێکی شکاو و ژورێکی تەم و تاریک

وچەند کتێبێک و جەستەیەکی سارد و ئەژنۆیەکی

لەزەوی نیشتوو دادەنیشم نازانم بیر

لەچی بکەمەوەو چیبکەم

هەندێ جار باوەش

لەکتێبەکانم دەدەم باوەش

لەزەوی دەدەم لەکۆتایدا

دەزانم دەزانم هیچ شتێک ئارامم

“

”

ناکاتەوە ناچار توند ئەژنۆکانم
جووت دەکەم و
لەباوەشی دەگرم
دەگریم دەگریم بەسەر
خۆمدا دەگریم بەسەر
تەنهایی و دڵە لەت و
پەتەکەمدا.هەندێ جار
دەدەم بەسەر دڵی خۆمدا
توند دەکێشم پێیدا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

هاوار دەکەم تۆ بۆادەکەی
بۆ نایەڵیت ئارام بژیم
بۆمنت خستۆتە ئێرەوە بۆمنت خستە
ئەم شوێنە تەنگەی ژیانەوە
هاوارم دەگەیەنمە
لای خودا ئەی خودا تۆ کەدەتزانی
دڵ مرۆڤ ئاوا لێ دەکات بۆ خستە
جەستەیەوە ئەی خودا
هیچ شتێک وەک دڵ مرۆڤ لەناو
نابات و لاوازی ناکات و نایدا
بەدەستی نائومێدیەوە

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من ڕۆژێک ئومێدم
لەشتێکەوە بۆ دروست بوو
هەموو دەم کاتێک دەکەووم و دەشکێم ئەمە
دێتە یادم و هیچ کات لەیادی ناکەم.
ڕۆژێک چوومە ژورەکەمەوەو ڕووناکیم
کوژاندەوەو و خۆم تێکەڵی
تاریکی  تەنهایی کرد دەستم
گرد بەدیوارەکانەوەو
دەستێکیش بەدڵمەوە تاکوو
بچمەوە سەر جێگەکەم ئەو

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

جێگەیەی هیچ کات بەئومێدەوە لەسەری
دانەنیشتووم ئەو سورینەی کەهیچ
شەوێک نەمێشتوە ووشک بێت.
نازانم هەستێکم بۆ دروست
بوو یان خودا ووتی :
ئەی بەندەکەم ئەی
تەنهاترین بوونەوەرم ئەی
ئەوەی خۆشبەختیم لێ حەرام
کردی وەک چۆن ئەو سێوەم
لەئادەم حەرام کرد .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەو بەشەی مرۆڤ بەئازار
دروستی دەکات هیچ
کات ناروخێت ئەوەی مرۆڤ
دروست دەکات ئازارە
ئەوەی بەهێزی دەکات ئازارە ئەوەی نایەڵێت
مرۆڤ بمرێنێت ئەو بەشەیەکە
بەئازار دروست بووە هیچ کات
بائازارەکان نەتروخێنت
ئەی تەنهاترین مەخلوقم ئازاری گەورە
مرۆڤی گەورە دروست دەکات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ئازارەکان مرۆڤەکان
سەردەخەن ئەوەی کەناکەوێ
فێرنابێیت ئەوەی نەشکێت بەهێز نابێت
منیش دام لەپرمەی گریان
هەستم دەکرد خودا دەیووت
مەگری هەمووشت تێدەپەڕێت
لەناخی خۆمدا قسەم لەگەڵ
دەکرد و دەمووت خودام بۆ
نەگریم گریان با بگریم بەسەر خۆمدا
بگریم بۆژیانێکی ئاوا ئەخودا
کەدەتزانی ژیانم ئاوا دەروات
بۆ خولقاندمت ئەی خودا

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

خۆزگە دارو بەردێک دەبووم

دەدرام بەهەموو

شتێکدا ڕەجمی شەیتانم پێ دەکرا

تەنها مرۆڤ نەبــام مرۆڤ

بەدڵێکی شکاوەوە

هەستی ژیان بوون لەدەست

دەدات خودا خۆزگە ڕووەکێک

دەبووم ڕۆژێک ئاو بدرابام

چەندین ڕۆژ نەدرایەم

خۆزگە ڕووەکێک دەبووم لێ

دەکرامەوەو پان دەبوومەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەشکام بەسەر زەویدا گرنگ
لەرەگەوە دەریان نەکردبمایە
خۆم دروست دەکردەوە بەڵام
"ئەی خودا رەگی مرۆڤ دڵێتی
کەشکا بەئەستەم دروست دەبێتەوە گەر
دروستیش بێتەوە نابێتەوە بەگوڵی
سەرەتا لار و لاواز دەردەچێتەوە"
ئەی خودا دڵێکی شکاو و ژیانیان نەوتـووە
خودام ژیــان بەوجۆرە نەبوو
شیاوی ئەوە نەبوو

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

بەگریانەوە بۆی لەدایک
بین شیاوی ئەوە
نەبوو نۆمانگی ڕەبەق
دایکم ئەزێت بکێشێت.
ئەی خودام خۆت دەزانی
بەڵێ خۆت هەموو شتێک
دەزانی من بەم هەموو ئازارەوە
خۆم دەدەمە دەست
تۆ گەر تۆ قەبووڵت بێت گەر بەم
ئازارەوە بژیم ئەوە دەژیم بەڵێ
ژیان لەنێوان ئەم چواردیوارەدا تەواو

دەکەم تا دەگەڕێمەوە حزورت
ئەوکات دەبێت باجی ئەم ئەم ئازار
چەشتنە چی بێت دەبێت
باجی ئەم توندو چەڵەمانە چی بن
ئەی خودا من لەچاوەڕوانی تۆدام
خودا.....

”

تەواوی ووشەی ناو
کتێبەکان کردارێک نایەنێت..

“

”

تەواوی ووشەی ناو

کتێبەکان کردارێک نایەنێت..

“

”

تێبگە ئەزیزم

ژیان ئەبەدی نیە

کاتێک مرۆڤێک

بەدڵ شکاوی

ژیان جێ دەهێڵێت

ئیتر ناگەڕێتەوە

“

”

هەرچی بکەی هیچت نەکردوە
ئیتر گریان بەسەریدا هیچە
داوەی بەخشین هیچە
خۆشەویست بوون هیچە
خۆ کراندن هیچە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

پێش مەرگیان ئاگاداریان بن

دڵەکانیان چاک بکەنەوە

خۆشیانتان بوێی

ئاگاداری ووشەکانتان بن

چونکە ووشەکان زیاتر لەفیشەک

بەدڵدا دەروات و لەدڵدا دەمێنێتەوە .

“

”

وەرە مــرۆڤێکم پیشان بــە
ئاشق بووبێت مەعشوقەکەی
دڵی نەشکانبێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

ئافرەتە

بەرووەوشتەکان زۆر بەرزنـ

پیاوی تێکۆشەرو بەرزی دەوێت

بۆی بەدەستیان بێنن

هەندێ ژنیش

هەنـ وەک خاشاک لەسەر

زبڵدانەکانی ژیاندا کەوتوون

پیاوەکانیش وەک مێشوەکان

دەوریانیان داوون

"

ئەشقی دووەم ئیتر ئەشق نیە

تەنها بۆلەبیرکردنی ئەشقی یەکەمە

**************

ئەشقی راستەقینە جەستەی تێدانیـە

************

تەنهایش وەک زیندان راهاتنە

”

پیاو کەدڵی دەشکێت نـاروات

تەنها ئەو شوێنە بەجێ دەهێڵێت

کەدڵی تێدا شکاوە

ئەگینا دڵی هەر لەوشوێنە دەمێنێتەوە

**************

ئەوەندە مەڵێن خۆشم دەوێی

وەرن بۆم بسەلمێنن

دوای مردن خۆشەویستیتان

من دڵ خۆش ناکات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

چـەقۆی زۆرم بینیوە

کەبکرێت بەپشتمدا بەدەستی دوژمنەکانم

بەڵام هیچ وەکـ هی

دۆستەکانم بەئازارنەبوون

*********

دوورلەمرۆڤەکان دڵ خۆش بە

ئەوان دڵت دەشکێنن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئافرەت

هەرگیز ئەوپیاوە لەبیرناکات

کەئاشقی بووە خیانەتی لێکردوە

**********

چـ قیامەتێکە

کاتێک پیاو دڵـی دەشکێت

“

## گەر خودا کچێکم پێ بات

فێری دەکەم مرۆڤەکان
ئەهلی مانەوە نین
ئەوان دێن بەڵام هەر دەبێت بـڕۆن
روحێک کە هەموو دەم
لەگەڵتدایە جێت دەهێڵێت
مرۆڤەکان چۆن دەمێننەوە

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

فێری دەکەم

هیچ کات کەسێک مەکە بەهەمووکەست

چونکە هەموو کەست لێدەکات

لەکۆتایشدا خۆشی لێت دەکات

دەبێت تائەبەد تەنهایی

وەک سێبەر لەگڵتدابێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

فێری دەکەم
مرۆڤەکان دێن ئەوەی بۆ
سەفەری ژیانی خۆیان
پێویستیانە دەیبەن و دەڕۆن
بەشێوەیەک وون دەبن
وەک ئەوەی هەرنەبووبێتی ئەوان
دەڕۆن لەگەڵ نەیزەکدا وون دەبن

“

”

فێری دەکەم

کەبەمرۆڤێک ئاشنابووی

ئەوەندە هۆگری مەبە

کەبۆ ئەبەد لێرەدەبێت

فێری دەکەم

مرۆڤەکان پێیەکیان

هەمیشە لەرۆشتندایە

“

"

فێری دەکەم
ئەوەی رۆشت و گەرایەوە
رۆژێک دەرواتەوە

فێری دەکەم
هیچ کات تەنهایی خۆت مەشێوێنە
لەبەر مرۆڤەکان چونکە
رۆشتنیان وەک هاتنیان دیارە

"

”

فێری دەکەم
ئەوەی رۆشت و گەرایەوە
رۆژێک دەرواتەوە

فێری دەکەم
هیچ کات تەنهایی خۆت مەشێوێنە
لەبەر مرۆڤەکان چونکە
رۆشتنیان وەک هاتنیان دیارە

“

”

هەرچیت دەوێ بیکـە

بەڵام ئەوەی کەدەیکەی

بارۆشتنت نەبێت

**********

ژیانی منە هێشتا

گەرچی من لەژیانیدانیم

“

”

## تـەواو

دووبارە سەر دەکەمەوە بە ژورەکەمدا
رووناکێکان هەموو دەکوژێنمەوە
سەر دەخەمە کۆشی خۆم
ئەژنۆکانی خۆم لە باوەش دەکەم
توند تونــد بەجۆرێک خوێن بەرەکان بوەستن

“

”

خۆم فرمێسکی خۆم دەسرمەوە
خۆم دەست بەسەر شانی خۆمدا دەهێنم و
خۆم دڵی خۆم دەدەمەوە تا ئەبەد
زۆرم پێ باشترە
مرۆڤ منەتی لێرەبوون وهاودەرت
بوونیم بەسەردا بکات

“

”

هەمووومان لەپێناو خۆمان
یەکترمان لەدەست دا

“

”

## ئەی پیـــاو

کاتێک یاری بەهەستی ئافرەتێک دەکەی
خۆت بە پیاو دێتە بەرچاو
خۆت بە پیاو دەزانیت

نا هیچ کات نەکەی بەخۆت بڵێی پیاو
چونکە پیاو بوون لەوەدایە هەستی
بەرانبەری وەک خۆت خۆش
بوێت نەی رووشێنێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

پیاوبوون لەوەدایە
هەستەکان نەرووشێنیت
کاتێک کەسێک متمانەت پێ دەکات واتا
بە پیاوی زانیوی  بۆ دەتەوێ
بەزۆر خۆت ناپیاو دەرخەی
بۆ دایک و خوشکی خۆت خۆش نـاوێ
دایک و خوشکت تاوانیان چیە
باجی ئاژەڵی و درندەی تۆ بدەنەوە

“

”

تۆی پیاو
کاتێک یاری بەهەستی کچێک دەکەی
وامەزانە پیاوەتی ئەوەیە کچ هەڵبخەڵێتێنی
پۆز ئەوەیە یاری بەهەستی
کچی ئەم و ئەوبکەی
نا بەم شێوەیە تۆ ناپیاوترین
بوونەوەری خودای
کەنەک مرۆڤەکان خوداش
قێزت لێدەکاتەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

تۆی پیاو
کاتێک یاری بەهەستی ئەم و ئەو دەکەی
وای دانێ بەخوشک و دایک و کەسی خۆتە
چونکە لێت دەدرێتەوە بەسەرتا دێتەوە
خودا هەقی کەس بەسەر کەسەوە نایەڵێت
گەر تۆی پیاویش یاریت کردوە
چاوەڕێ بە چاوەڕێ بە بزانە چۆن
هەرچی هەقە بەسەرتەوە لێتی دەشێننەوە،

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

مەڵێ من پیاووم
من کەشخەم بە پۆزم
یاری بەم و بەو دەکەم
تۆی یاری کەر بە ئاژەڵ دادەنرێیت
نەک پیاو

پیاو دەبێت بەمانای ووشە پیاو بێت
ووشەی پیاوەتی هەموو
کەس هەڵی ناگرێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

پیاوبە
یاری بەهەستەکان مەکە
دایک و خوشکی خۆت خۆش بوێ

رۆژێک دێت نازانی
لەچەند لاوە لێت دەدات رۆژگار
نازانی هەقی کامیانە بەسەرتەوە

تۆڵەی هەمووت لێدەکاتەوە
کات هەموو شت چارەدەکات
یاریت بەهەستی کێ کردوە
دانیشە بەدیار کاتژمێرەکەوە

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دانیشەو چاوەڕێی تۆڵە سەندنەوە بە
گەر خودی کەسەکەش لێت نەکاتەوە
ڕۆژگار یان خودا لێتی دەکەنەوە
هەقی کەس بەسەر کەسەوە نامێنێ
کەس هەقی کەس نــاخوات
خودا هەقی بەندەکانی دەداتەوە
تەنانەت ئەووی لەسەر خۆشێتی
جاچۆن لەتۆیەکی درندە هەق ناکاتەوە.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

تۆی ئافرەتیش هێندە خۆش باوەڕمەبە
بەووشە بریقەدارەکان فریو مەخۆ
هەندێ نێر هەموو شتێک دەڵێن
هەزار و یەک بەڵێن دەدەن تا
دەگەن بەجەستەت
دوای کە تێربوو هیچی ناباتە سەر
تۆ گوێم بۆ رادێنەبۆ ناسینی
مرۆڤەکان ئەوەندە
پەلە مەکە چونکە پەلەکردن
لەناسینی مرۆڤەکاندا
لەکۆتایدا تووشی ئازارت
دەکات مەهێڵە بگەن بەدڵت
چونکە فێری شکاندنی دەبن.

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
ئەوەی بەچەند ساتێک بێتە ژیانتەوە
هەر بەو ساتەکەمەشـ دەرواتـ.
کات ناخی یەکە بە یەکەی
مرۆڤەکانت پیشان ئەدات
پەلەمەکە و چاوەڕێی کات گەر لەکاتێکی کەمدا
هەر کـەس هات و بگەن
بەدڵت تۆ دڵت دەشکێ لە خۆتـ
و بڕیارانەی زوو داوتە.
ڕۆژیک سەیری مرۆڤەکان ئەکەی و ئەبینی
کە ئەوانەی وات ئەزانی
خراپن گەورەترین کارەکانیان
بۆت کردوە گەورەترین
قوربانیانـ بۆداوی هیچ کات
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
لەدورەوە مرۆڤەکان هەڵمەسەنگێنە
ئەوانەی لەدوورەوە
جوانیان دەبینی لەنزیکەوە جوانیان
لەدەست دەدەن.ئەوانەی
ناشرین و خراپ دەیانت بینی
لەنزیکەوە جوانیەکی تایبەتی هەیە.و
ئەوانەی خۆشت ویستون و وات ئەزانی
هەمیشە دەستت دەگرن
و ناهیلن بگەیە زەوی
بە شیوەیەک لە زەویت دەدەن
کە دەنگی شکانی ئیسقانەکانت
بە تەواوی ئەبیستریت دەنگی
ئێسقانەکانت زەوی
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دێنێتە لەرز دەنگی
ئێسقانەکانت باڵندەکان
دەدالەپرمەی گریان دەنگی
شکانی دڵت فریشتەکان
دەهێنێتە دەنگ دەنگی دڵت
ڕەنگە قیامەت هەستێنێت.
مرۆڤەکان دەتوانن گیانی یەکتر بکەن بە وردە
شووشە هێندە ووردی بکەن
وەلێ مرۆڤ درندەترین
بوونەوەری خودایە گەر دەسەڵاتی بەیتێ
و لێی بێ ئاگابیت.لەهەموو لایەکەوە
لێت دەدات تا ورد وردت دەکات
کەتائەبەد خۆت پێ کۆنەکرێتەوە.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

لە بارەی مرۆڤەکان بڕیار مەدە
کات باشترین دادوەرە..

گوێم بۆ رادێنە
تۆ دەچیت لەگەڵ کورێکدا پەیوەندی
دەبەستی لە موو سوکترن یاری
بەهەستت دەکەن و دەڕۆن.
ئەوانە پێیان ناوترێت پیاو
هەر ئاژەڵێکی نێرینەن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

پیاو
ناتوانێت یاری بەم و بەو بکات
پیاو شەخسیاتی لەسەرووی
دڵ و ئارەزۆکانیوە داناوە
پیاوەکان خوشک و دایکی ئەم و ئەو
دەپارێزن وادەزانن وادەزانن
هی خۆیان پاراستوە

پیاو هەیە هێندە میهرەبانە
فریشتەکان حەسودی پێ دەبەن

من پیاوی وام بینیوە
هێندە گەورە و میهرەبان و بەئەخلاقە
فریشتە ئاسـایە

”

تۆی ئافرەتیش بەمانای
ووشە ئافرەت بە
تاکو پیاوەکان بێنە ڕێگەی ژیانت
نەک کورەکان و نێرە برسێکان
کەوەک ئاژەڵ
برسی و بێ نەفس بن پەلاماری
خوشک و دایکی خۆشیان دەدەن.

گەر دەتەوێ مێیەک بیت نێرێک
دێتە ژیانتەوە هەموو
دەم یاریت پێ دەکات

“

”

گەر دەتەوێ ئافرەت بیت
ئەوە پاوێکی هێندە
گەورە و میهرەبان دێتە
ژیانتەوە هەموو دەم نزادەبەیتە
لای خوداتالەژیاندابی هێڵێتەوە..

“

ئەوکچەبە

لەگەڵ پــەنا بەرەکان سواڵ بکـە
پارەی دەستی ئەم و ئەو وەرگرە بپارێزەوە لێیان
تەنانەت بکەوە سەر چۆک بۆیان
تەنها ئەو کچە مەبە
بەم کۆڵان و ئەو کۆڵاندا برۆی
کۆمەڵێک کور بەدوای خۆت نێیت
و هەر رۆژەو وەرەقەیەک وەرگری هەر
رۆژەو کورێک دوایێ کەوێت هەر
رۆژەو خۆشەویستێکت هەبێت
هەر رۆژەو دڵێک بشکێنیت
و هەستێک بروشێنیت

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بەمە شانازی مەکە
چونکە شتە هەرزانەکان کڕیاریان زۆرە
من وەک کوڕێک شەیدای ئەو کچەم
ئەگەر بە کۆڵانێکدا بەرێگادا بڕوات
کوڕ نەتوانێت لەهەمان
ڕێگاوە بێت شەرم دایگرێت
من شەیدای ئەوانەم کاتێک
دەبینرێت سەر دادەنوێنن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من شەیدای ئەوانەم
کە شەخسیاتی خۆی نافرۆشێت
بۆ بەدەست هێنانی دڵی ئەم و ئەو
شەرەفی خۆی پێ گرنگترە
وەک لەئارەزوو تێرکردنی نەفسی خۆی
من شەیدای ئەو کچەم
کە کور دەستی پێناگات
شەیدای ئەوانەم
کە بەدەست هێنانیان قورسەو
رۆشتن لەلایان قورستر
دەبێت کاتێک دەچیتە ژیانێوە
هێندە شرین و تێگەشت و بەئەدەبن

“

”

شەیدای ئەوانەم
کە زمان و دڵیان لەسەر یەک ئیقاعە

شەیدای ئەوانەم
کە گەورەی دڵیان خودایە
نەک بەندەیەک

“

”

ئەو مرۆڤانەی
زۆرێک لە ئازارە گەورەکانیان تێپەراندوە
ئیتر هیچ شتێک نایان روخێنێت.

“

## هاورێ

ئەشق شتێکی قێزەون و پیس نیە
ئەشق شتێکی پـاکە
ئەگەرمرۆڤی پیس دەستی پێ نەگات
بەڵام مرۆڤ ئەشقی پیس کرد
مرۆڤ دەستی بەهەرچی
بگات پیسی دەکات
هەندێ مرۆڤ هەیە هێندە پیسن
دەیانەوێ دینی خودا بەو
هەموو پاکیەوە پیس بکەن.
چجـا ئەو ئەشقە چۆن پیس ناکەن

”

هەندێ کات مرۆڤ
هێندە دڵ تەنگ دەبێت
تەنانەت ئومێد بوون
بەخوداش لەبیر دەکـات
***********
ئـەشقە راستەقینەکان
کـۆتاییان مــردنی لایەنێکە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەگەر
ویستت ئافرەتێک بکوژی
سەرەتا ئیهمالی کە
خۆشت نەوێ هەرچەند ویستی
گەر پۆشاکێکی نوێی بۆ پۆشیت
ئیهمالی کە بێ باک بە وەک ئەوەی
هیچی نەکردبێت هەرچی کرد
پێی مەزانە پێی بڵێ لەتۆ جوانتر
و باشتر هەیە باسی قەشەنگی
ئافرەتەکانی تری لەلابکە جوانی
ئەوان بدە بەچاویدا بەڵام ئەو
بەرچاوی ناکەوێ بەردڵی دەکەوێ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دڵی ورد ورد دەبێت هەر
هەنگاوێک بنێت دوای ئەو ووشانە
پارچەی دڵی دەکەوێت
تۆی پیاو تائەبەد پارچەکانیت بۆ کۆناکرێتەوە.
هەر لەشوێنی خۆیدا دەتوێتەوە
هەر لەناو سینەشیدا دڵی دەتلێتەوە
ئەوەی ئافرەت دەکوژێت
مردن نیە نـــا
ئیهمالی و خیانەت و خۆش
نەویستن و شکاندنەوەیەتی
مردن دوای هەموو ئەمانە
کۆتای بە ئافرەت  دەهێنێت.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

گەر ویستت ئافرەتێک بفرێنیت
ئیهمالی مەکە تورەی
کردی پێی بڵێ فریشتە
چۆن تورەدەبێت فریشتەکان
هەمیشە لەسەر خۆن
تۆ جوانترین و خۆشەویسترین
دروستکراوی خودای
کاتێک بینی سەیری ئافرەتێک
دەکەی پێتی ووت سەیری مەکە
پێی بڵێ من دەگەرێم
سەیری هەموو ئافرەتانی
دونیام کرد نیە لەتۆ جوانتر و
گەورەتر دەستەکانی توند بگرە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

بڵێ تۆ بەهەموو ئافرەتانی
دونیانادەم من چی لەوان بکەم
کە خۆشم نەوێن  تۆ خۆشەویسترین
مەخلوقی خودای ئەی فریشتە ئــاسا.
کاتێک جلێکی جوانت بۆ دەپۆشێت
هەر دەرکەوت دەس بخە سەر
چاوەکانت بڵێ تۆ مرۆڤیت
یان فریشتە  تۆ لەقور دروست
نەکراوی تۆ پارچەیەک مانگی
تۆ مانگ ئاسای بۆ
هێندە جوان دەرکەوتووی
پێی بڵێ غیرە لەخۆم دەکەم
کەسەیرت دەکەم

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئــاهـ تۆی پیاو دەتوانیت
خۆت بکەی بەژیانی ئافرەت
دەشتوانی بیکەی بەدۆزەخی
دەتوانی خۆت بکەی بەجوانترین
دروستکراوی خودا هەرچەند ناشرین بیت
دەشتوانی خۆت بکەی بەناشرینترین
هەرچەند جوان بیت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

تۆ پیاو
دەتوانیت لەگەڵ ئافرەتدا بفریت
تۆی پیاو دەتوانی ئافرەت
بفرێنیت بەبێ باڵ
دەشتوانیت
بیخەیتە ناخی زەوێوە.
ئافرەت لەئاو ســادەترە
ئەی پیــاو
کاتێک ئافرەتێک خراپ بوو
بەرۆکی خۆتان بگرن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەندێ دیمەن لەبیرناکرێن
ئازارەکەی وەک تەمەن لەگەڵ
مرۆڤدا بەردەوام دەبێت
***************

چاوەڕێی
ئاوات و خەونەکان و
سەرکەوتنەکان مەبە بێن
ئەوەی کەدەبێت هەوڵی بۆبات تۆی
************

نەبێ دڵ ئەقڵ مرۆڤ دەژێنێت
نەبێ ئەقڵ دڵ مرۆڤ دەژێنێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من ئەوکاتە پشتم دەشکێت
کەزەوی دایکم لەئامێز دەکات
**********
ئەوکەسانەی
ئەهلی دڵن هیچ کات توانای
جێ هشتنیانمان نیە
ئەوان تائەبەد لەسوچێکی
دڵدا هەڵدەگیرن
**********
ئەوەندە لووت بەرزمەبە
رۆژێک دێت بەسەر جەستەتدا تێدەپەرن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

واز لــەئەشق بێنن
هەمووومان بــەناوی ئەشـقەوە
یەکترمـان پیس کـرد
***********
مرۆڤ کەئەقڵی مــرد
دڵی ژەنگ دەیگرێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

گەرلەسوچێکی ژیاندا کەسێکتان بینی
ئەژنۆکانی خۆی لەباوەش گردبوو دەگریا
مانای ئەوەنیە ئەو کەسە کەسێکی
لاواز و سەرنەکەوت و عاتفیە نــا
مانای ئەوەیە هەست
و دڵ و ویژدانی هەیە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەو شوێنەی تێیدا
نائومێد و لاواز و بەئازار
وسەرنەکەوت و بووی
بیگۆڕە خۆتۆ تەنگەی
خـۆڵ نیت لەکوێدا دایان نایت لەوێ
بمێنی و چیان تێکردی
هەڵیگریت هەرکات ویستـیان
پاڵت پێوەنێن بـۆ ئەم سوچی
ژیان و ئەو سوچی ژیــان.
خۆ گوڵـ نیت لەکوێ دایان نای
لەوێ سەوز بیت هەرلەویش
سیس هەڵـگەڕێی.خۆ تۆ ماسی
نیت بتخەنە شووشەیەکەوە

“

نەتوانی شوێنەکەت بگۆڕی
هەر لەویشدا گیان بسپێری.
بیگۆڕە
ئەو شوێنەی درکت بەوە
کرد هی تۆ نیە بیگۆڕە
ئەوشوێنەی بەئازاربووی تێیدا بیگۆڕە
ئەو شوینەی سەرکەوتوو
نەبووی تیدا بیگورە

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەگەر ویستت کەسێک بکوژی
سەرەتا لەدڵـێوە دەست پێبکە
دڵی بشکێنەو لێگەڕێ
خۆی هێدی هێدی دەمرێت
*********
ئەڵێن لەنیوە شەودا دوعـا گیرایە
دەی دوعـادەکەم
خودا لەبیرم چێت وەک
چۆن لەبیری چـووم!

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئـاسمان غـەمگینە بەبێ تـــۆ
من دەبێت تا ئەبەد بگرم دەزانی بـۆ
جونکەبیردەکەمەوە هەمیشە
ئەم ووشانە لەمێشکمدا
وەک گەردەلووول دەسورێنەوەو منیان
شێواندوە ژیانیان ژیر و ژیر کردووم.
بیردەکەمەوە
ئەبم بەباوکی منداڵێک کەتۆ دایکی نیت
ئەبم بەباوکی منداڵێک بەتۆ ناڵێت دایکە
بەکچێک دەڵێم پەریسا کەتۆ دایکی نیت
کچێک بەمن دەڵێت باوکە بەتۆ ناڵێت دایکە
دەگریم ئەوەی دەبێت لەتۆ نیـە
ئەگریم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ژنێک نازم بەسەردا دەکات
کەتۆنیت بۆیە دەگریم
نازی ژنێک هەڵدەگرم کەتۆنیت
لەژنێک تورەدەبم لەئامێزی
دەکەم دەردە دڵم لەلا دەکات
و بەسەر شانمەوە دەدات لەپرمەی
گریان کەتۆنیـت بەڵێ بۆیە دەگریم
ژنێک خۆشی دەوێم وهەمیشە
لەگەڵمدایە کەتۆنیت ژنێک بەمن دەڵێت
خۆشەویستم کەتۆ نیـت
ژنێک دەڵێت ئەشقەکەم
کەمن ئاشقی ئەو نیـم
دەگریـم دەزانی بـۆ؟

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

مـندالێک دەبەم بۆ بازار
کەتۆ دایکی نیت
دەستی منداڵێک دەگرم ئەوەی لەولاوەیە
دەستی گردوە تۆنیت بۆیە دەگریم
ئێستا دەزانی بۆ دەگریم
یاخود یەک قەسیدەت بۆ
بنووسم تائەبەد بۆت تەواو
نەکرێت ومنیش لەناو فرمێسکدا
بتلێمەوە دەتوانم بە
فرمێسکەکانم یەک
قەسیدە بنووسمەوە و پێت
بڵێم بۆ دەگریـــــم بەڵام

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دڵنیام دیسانەوە پێت ناگات
وەک هەموو ئەوانی تر وەک
ئەوەی هیچم نەنووسیبێت دەمێنێتەوە.
گەر بگاتیش وەک خۆم لێی ناگەی
هیچ کات خوێنەرەکان وەک خودی نوسەرەکە
لەووشەکان ناگەن وەک خودی نووسەر
ئازار ناکێشن.وەک چۆن
نووسەرەکان بەدڵ دەنووسن
ئەوان بەدڵ ناخوێننەوە نا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

تێبگە ئەم گریانەی منیش
نیشانەی کەم هێزیم نیە نا
مرۆڤ کاتێک بۆ کەسێک
فرمێسک دەرێژێت
واتا نایەوێت لەدەستی باتـ
وەکەلەدەستی داو فرمێسکی رشت
واتا هەموو شتێکی لەدەست داوە.
ئەی خودا بیکە بۆخاتری نزاکانی دایکـم
هەموو شتێکم لێ بستێنەوەو ئەوم بەرەوە.
من پێویستم بەشتانێک
و کەسانێکە کەخۆشم
دەوێن چی لەوشت و
کەسانەکەم کەخۆشم ناوێ.

”

مرۆڤ هیچ کات ئەوەی
بۆنەبوە کەدەیەوێ
ئەوە نەبوە کەپڕ بە پێستی دڵی بـوە
بەڵام خۆی بەقەدەرەوە فریوداوە
ژیان چۆنی بوێ ئەوەدەبێت
نەک ئەوەی دەمانەوێت.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کورەکـان
کورەکان
دەردە دڵـ لای کچەباشەکان دەکەن
بەڵام ئاشقی کچە خراپەکانن
●●●●●●●●●●●●●●
کچەکان
کورە میهرەبانەکان دەدوێنن
دەردی مەعشوقەکانیان دەبەنە لای ئەوانـ
بەڵام ئاشقی دڵ ڕەقەکان دەبـن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کورەکان
هیچ کات ئاشقی کچەباشەکان نابن
کچەکان
هیچ کات شوو بەکورەباشەکان ناکەنـ
••••••••••••••
هیچ کات
دوو مرۆڤ هەمان شێوەی یەکتر
یەکتریان خۆش نــاوێت
••••••••••••••
زۆربەی زۆری ئەشقەکان یەکـ لایەنەن
بۆیە ئەنجامی ئەشق
جوداییە نەکـ گەشتن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەست بەرداری خەونەکانت مەبە
ئەوە نیـوەی سەرکەوتنەکانتـە
**********
هەمووومان لەچاوەڕوانی یەکتردایین
وەلـێ هەمووومان تەنهاین
من چاوەڕێی تـۆ
تۆش چاوەڕێی ئەو
ئەویش چاوەڕێی ئەو
بۆیە هەمیشە هەست بەتەنهایی دەکەین

“

”

گەر هەموو کەون کـۆببنەوە
نـاتوانن
فرمێسکی کچێک ووشک بکەنەوە
کە بۆ لەبیرکردنی کچێکی
کە ئاشقی بووبێتن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کەمن دەمرم هیچ شتێک ناگۆرێت
هیچ شتێک رووناداتـ دوای من
تەنها بۆ چەند کاتژمێرێک
لەسەر گۆرەکەم خۆشەویستیەکی
زاری و ناو یادگارێکانم
و هەموو شتەکانم لەوێ فرێ
دەدەن و دەرۆنـ دەرۆن
تانەیەنەوە سەر گۆرەکەم منیان بایادو
بەخەیاڵدا نایاتەوە هەمووشتێک
وەک خۆی لێدێتەوە تەنها
من نابم و بەس جێگەی
منیش هەرکەسەو لەلای خۆیەوە
بەکەسێکی کە پڕی دەکاتەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

تەنها دایکم نەبێت هەموو
دەم شەوان تابەرە
بەیان هەنسکی دەگاتە عەرشی خـودا
بەسەر وێنەکەمەوە خەو دەیبـاتەوە
کاتێک دەمـرم هیچ کەسێک
وەک دایکم بۆم
نامرێت ئەوەی خۆشەویسترین
کەسی بووم و
خۆشەویسترین کەسم بوو
جێگەی من پڕدەکاتەوە
هەموو خۆشەویستی من
بەوان دەدات و بێ باکە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
هەر هیچ نەبێت نایات یادێکم بکـات
مرۆڤ کاتێک دەخرێتە گۆڕەوە
خشۆکەکان لاشەی
ناخۆن نـا ئەوە
تەنهایەیەکەیەتی دەیخواتەوە
مرۆڤ هەیە کاتێک دەخرێتە گۆڕەوە
بەجۆرێک لەیاد دەکرێت تەنهایی
ئێسقانەکانشی دەخۆاتـەوە
تەنها من نیـم دڵتان
بۆمن تەنگ نەبێت
تەنها من لەیاد نـاکرێم
هەمووومان لەیاد دەکرێین
واز لەووشە بریقەدارەکان بێنە
“

بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

هەر کەمردی بەجۆرێک لەیادت دەکەن
وەک ئەوەی جێ پێیەکت نەبێت لەژیاندا
وەک ئەوەی هەر نەخولقابێتی
وەک ئەوەی ژیان و تۆ شتێکی نامۆبن

”

نەبوونی دایک تاقەتێکی دەوێ
کە خودا بەمرۆڤی نەداوە
************

هەموو
شرینەکان و خۆشیەکانی ژیان
لەدەمی بێ باووکەکاندا تاڵە
هەر وەک چۆن هەموو شرینیەکان
لەدەمی نەخۆشەکاندا تاڵن!

“

”

ئـاگاداربە
لەگەڵ هـەر درۆیـەکدا
کەسایەتیت دەروشێت
*************
مرۆڤەکان کاتێک دەرۆن لەیاد ناکرێن
بەڵکـو لەسوچێکی دڵدا هەڵدەگیرێن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

هاورێییەتی لێرەتاوانە
گەرلەگەڵ رەگەزێکی کە هاورێ
بیت بەتاوان بار و چاوێکی کە سەیر دەکرێن.
تەنانەت کاتێ منداڵ بوین
کچەکانیان دوور
دەخستەوە لێمان ,فێریان دەکردین کە
نەنگی یە یاری کردن لەگەڵ کچ !
هەتا گەورە بوین دیوارەکانیان
پتەو تر کرد بە جۆرێک
لە هەموو شوێنێک جیگەی کچ و کوڕ

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

جیاکرایەوەگەرئەوان فێریان نەکردینایە
ئێمە هەر واسادە دەماینەوە هەر
وا ئاسای یاریمان لەگەڵ
کچەکان دەکرد هەروا
سادە دەبوین جیانەکرایەوەو
دور نەخرایەوە ئێستا
هەردوو رەگەز بەشتێکی
ئاسایی سەیری یەکتریان
دەکرد نەک وەک ئێستا
برسی یەکترن نیەتە خراپەکانی
مرۆڤ ژیان تێکدەدات
پەرتەوازەی دەکــات .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من ئەوە بەباش نازانم کە
دوور دەخرێنەوەو دەبن بەدوو
کەسی نامۆ چەند دیوارەکان
پتەو تر کەن زیاتر برسی
دەبن من هاورێتی کچ و کور
بەشتێکی ئاسایی دادەنێم والێرە
کردوویانە بەشتێکی
قـورس و نـامۆ بەڵام من
هاورێتیەک دەڵێم هەم خوشک و
برابن بۆ یەکتر هەمان کات هاورێ بن.
سەرنج بـەن ئێمە خودا ئەقڵی
پێداوین بۆ هەڵبژاردنی
کەسەکان تابن بەبەشێک لەژیانمان
هەموو کەسێک ناتوانن هاورێ بن.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ببینن
هەتا ئەمرۆ بە دزیەوە لە یەک
ڕامێنین و بە دزیەوە باس
لە پێکەوە بون و بە دزیەوە
باسی یەکتری دەکەین ،
بە دزیەوە ناوی یەکتری دێنین
بەدزیەوە باسی هاورێتی دەکەین
نەک کەسەکان هەڵە بگەن
بە پەیوەندییەکی کە لێرە گەر
دووکەس هاورێ بن دەڵێن خۆشەویستن
تاکەی ئەم مێشکە پوکنەتان پاک
ناکەنەوە ورنەوە سەرخۆتان شتەکام
وەک خۆتان ئاسایی بن
و ئاسایی شتەکان ببینن.

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

نازانم کەی لەم وەحشی خانەیە
دەربازمان دەبێ . تا کەی
مرۆڤ دوو لەت دەکەن
کەی پیاو بە تەنها پیاوە ؟
کەی ئافرەت بە تەنها ئافرەتە ؟
کە کچ و کوڕمان لە یەکتری
دابڕی ئیدی ڕەگەز چی یە !
هەندێک جار کە هاوڕییەکی کچت
دەردە دڵت لا ئەکات یان
دەردە دڵی لا ئەکەیت.
من کە کوڕم هەندێکجار
پێکەنین و دڵخۆشی
کچێک ئەکرێت بۆ

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دڵتەنگیەکانم باش بن با
خۆشەویستیشم نەبێت رەنگەئەو
کچەی کەهاورێمە هەمان
شێوەی منێک بێت، کوڕ
زیاتر ئەتوانێت خەمەکانی کچێک
هەڵبگرێت، بە کورتی زیاتر
پەیوەندی بە وەفاوە هەیە،
وە هیچ باوەرم بەو قسەی
پێشینان نیە کە ئەڵێت "
هاوڕییەتی کوڕ و کچ دراوسێی دڵداریە '
وەدەوترێ هاوڕێیەتی
دەگۆری بۆخۆشەویستی .

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەمە ووشەی چەند کەسێکن
نەک چەنـ یەک دوو مرۆڤ
وە هەر کەسەو لەلای خۆیەوە
جیاوازە کەس وەک کەس
بیرناکاتەوەو کەسیش لەجێی
کەس بیرناکاتەوە ئەوەشی
ئەمانەی ووتوە بۆخۆی
وتوویەتی نەک من و تـۆ ،

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دوای ئەقـڵت کەوە
ڕێگای دڵـ تاریکە پـڕە لەچاڵ و چـۆڵـی
ئەمڕۆ لەچاڵێکدای سبەی لەچاڵێکی تــر
*********
مرۆڤەکانت
خۆش بوێ بەڵام بەشێوەیەک
بەرزیان مەکەرەوە خۆشت
دەستت پێیـان نەگات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کاتی ئەوە هــاتوە
دەبێت تێ بگەین
نابێت زیـاد لەپێویست
خۆشەویستی ببەخشین
چونکە گرنگی خۆمان لەدەست دەدەین.
***********
میهرەبــانی
نـاوی دووەمی ئافرەتـە
***********
ئەشق خیانەتی تێدا نیــە

“

ئێوەش لەمن باشتر نین
هەریەکەتان لەدڵی کەسێکدا مردوون
***********
هەرگیز ئەو مرۆڤانە لەدەست مەدەن
کاتێک زانیان خۆشیانت دەوێ
هەر وەک خۆیان دەمێننەوە
ئەوانە مرۆڤێکن بە پەنجەکانی
دەست هەژماردەکرێن

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

پیاوێکی وەکـ من وێـران
بەسینەیەکـی وردە شووشەوە
لەکوێی ژیاندا بحەوێتەوە
کەژیان هەلا هەلای کردبێت
*********
شەرت بێ
مردنێک بمـرم
هیچ کەس واهەست نەکا ژیـابێتم
**********
سەیرم لێ دێت
ئەشق و دابرانیـان نەوتـووە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

پێم بـاشە هیچ کەس ئاشقم نەبێت
باشترە لەوەی بەدرۆ ئاشقم بـن
**********
لەسەر دڵمم نـووسی
تکایە ماسکەکەت لەدەرەوە
دانێ و ئەوکات وەرە ژورەوە
لەوکاتەوە کەس سەردانی دڵـی نەکردووم
************
هەمووومان لەپێناو یەکتـر
خۆمان لەدەست دا

“

”

ئـــــاهـــ
ژیـــان چۆنت ویست ئەوە
بـوو کەنەمان دەویست

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

کاتێک مرۆڤێک ئازارەکانت بۆ رادەخات
کاتێکـ ئازارەکانی دەدات بەگوێتدا
کاتێک بەوە ئازاری کەم دەبێتەوە
بۆتۆی باس بکات
کاتێک تەنها تۆ ببینی گوێی بۆ رادێنێ
کاتێک تۆی زۆر خۆشەوێ
کاتێک بەوە ئازاری نامێنێ
کەکەسێک هەیە گوێی بۆرادێنــێ
کاتێک ئەمانە بەتۆ دەڵێت و دەیگێرێتەوە

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بەووشەکانی پێمەکەنە
ناهیچ کات هەڵەی وانەکەی
گەر بەگاڵتەش بێت
چونکە ئەو لەحاڵەتێکی
هەستیاردایە بچوکترین ووشە
دەیشکێنێت بچوکترین هەڵە دەیروشێنێت
************************

دەشکێتـــ
بەجۆرێک دەشکێت تەنانەت دەنگی شکانی
دڵی هەموو ژیان پڕ دەکات لەدەنگی شکانـ
هەموو دونیـا پڕ دەکات لەدەنگی گریــان
هەموو دونیـا دەکات بەوێنەی دڵ شکـان

“

”

دەبێتە نووسەر دەنوسێت دڵ شکانەکانی
دەنووسێت فرمێسکەکانی دەکات بەووشە.
بەسەریەوە دەدات لەپرمەی گـریان
بەجۆرێک دەیشکێنیت بۆ هەتاهەتا ئازارەکانی
لەسووچێکی دڵی بشارێتەوە
تا هیچ کەس پێی پێنەکەنێ.

“

## ئەشــق

ئەوەی لێرە دەیبینن ئەشق نیە
ئەشق شتێکی بەرزە مرۆڤ
دەستی پێناگات تەنها
ئەوانە نەبێت کە بەو بەرزاییەی ژیاندا
تێدەپەڕنـ و هەوڵی زۆری بۆ دەدەن.
ئەوەی لێرە دەیبینن هۆگر
بوونێکە یان ئاڵودەبوونێ
جوانتر بڵێم ئارەزووبازیەکـ
ببینە هەمووان چۆن بەناوەی ئەشقەوە
یەکتریان پیس کرد و پیسی دەکەنــ..

”

زۆربە ئــازارە
بەو ئومێدەوە بنووی کە بەیــانی
هەمووان خۆشیانـ بوێــی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

مرۆڤەکان ئـاوان تەواوی
تەمەن لەگەڵیدا چاکە بکە
لەسەرمەرگدا شتێکی هەڵە
بڵێ یان بیکە دەیدا بەبـایا
هیچ کـات بەیەک هەڵە هەموو
باشەکان لەیاد مەکە
هیچ کاتیش بەیەک هەڵەو یەک
چاکە مرۆڤەکان هەڵمەسەنگێنە
بەیەک هەڵە مرۆڤێک دەرمەکە لەژیانت
بەیەک چاکەش مەیخەرە ژیانتەوە
***********
هەق وابـوو
گریانی پیاو یەکێک با لەنیشانە
گەورەکانی قیامەت

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

گەورەمەبە شرینــم
گەورە بوونـ نووقم بوونی مرۆڤـە
لەدرۆدا
لەخیانەتدا
لەنامیهرەبانیدا
لەشکاندا
لەخوێنی خۆتدا لەتەنهایتدا
ئێستا سەر ئەژنۆکانت
دەروشێت و سەرت دەشکێت
ولـێ کەگەورەدەبیت هەم
دڵ دەروشێت و هەر خۆشی
دەشکێت کەگەورەبووی
سینەت پڕدەبێت لەوردە دڵـ.

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کەدڵ پـڕ بوو ژیان دەبێت بەمشتێـک

*************

مرۆڤ کەدڵ تەنگ بوو ژیانی

لێ تەنگ و تاریک دەبێت

*********

هیچ خەتای ژیان مەگرن

ئەوە ئێمەین ژیانمان شێوانـد

********

ووشەکان لاوازن بەجۆرێکـ

هەندێ کات چۆک دادەدەن

لەبەرانبەر هەندێ لەهەستەکـــان

“

مرۆڤایەتی کەوتە کـوێـوە
میهرەبانەکان لەکوێن
راستگۆکان
بەوەفاکان
لەکوێن ژیان وێرانی وێرانـە

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئێمە واین هیچ کات سەیری
دوای خۆمان ناکەین بزانین
چەند کەسمان جێ هێشتوە
چەند کەسمانـ لەبیرکردوە چەند
کەس بەدوامانەوەیە چەند کەس
بەدواماندا دەگەرێ  چەند کەس
بۆمان کەوتۆتە سەرچۆک چەند کەس
ئاواتی بینین و گەیشتنمان دەخوازنـ
هەمیشە سەیری پێشی خۆمان
دەکەین و بەدوای ئەم و
ئەودا رادەکەین مرۆڤێکت
خۆش دەوێ بەڵام ئەو خۆشی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ناوێی ئەویش کەسێکی کەی خۆش
دەوێ وەلێ ئەوەی خۆشی دەوێ
خۆشی ناوێ هەمیشە تەنها
پێشی خۆمان دەبینین گەر
سەیرێکی داواوە بکەین و یەکتر
قەبووڵ بکەین ئەوە هەمووومان پێک
دەگەین هەمووومان بەخۆشحاڵی
و بێ منەتانە پێکەوە
دەژین بۆهیچ کەس مەکەوەرە سەرچۆک
هەرکات بەجێیان هێشتی و تەنها
کرای ئەوە سەیرێکی دوای خۆت بکە
چەندین کەست وێڵ و تەنها کردوە.
ئێمە فێرین کەسێک رۆشت

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەکەوینە سەر چۆک بۆیان
کەمێک بوەستە بارۆژێک
سەیرێکی دوای خۆی  بکات و
بزانم کێی لەدەست داوە
گەر هەر بەدوایدا راکەی
نرخی خۆت لەدەست دەدەی هەر
لەشوێنی خۆت بمێنەوە بەڵام
بەشێوەیەک بەرز بەرەوە کە
گەرانەوە دەستان پێت نەگــات.

“

”

من ئەگەر گوڵ بوومایە
لەبری بۆنی خـۆم
بۆنی تاوانەکانی مرۆڤم دەردەکرد

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

„

گەرکچێکم بێت

پڕی دەکەم لەسۆز و
خۆشەویستی لە سۆز
لەوەفـا گەربزانم بەم خـۆ نزیکـ
کردنەوەیە بێزاریشی دەکەم
هەمووکاتم بۆ تەرخان
دەکەم هەمووکات
تەنها بۆ ئەوەی نەچێت بەدوای
سۆز و خۆشەویستیدا بگەرێت
لەپیاواندا شەیدای خۆیانی بکەنـ
و گیرۆدەی بکەن و دواى
حەزەکانیانیان پێ تێرکەن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"
و دوای دڵیان ورد ورد کـەن
ئیمالیان کەن هەرکات
نەفسیاتیانـ تێرکرد ئیدی ژیانیان
دەشێوێنن دەیان کەنـ بەیەک
پارچرنائومێدی  دوای بیگەیەنن
بەلێواری مەرگ و بەجێی بێڵێ.
کچێ خۆم هەرگیز فریوی ئەم ژیانە
ناشرینە نەخۆی هەرگیز
بامرۆڤەکان جوانیت نەشێوێنن
کچم تۆ لەناو ئەم هەموو مرۆڤە
پیسانەدا هەوڵدە پاکترین بە
لەناو ئەم هەموو ماسکانەدا
هەولدە بێ ماسک بە
"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

لەناو ئەم ژیانە درۆینەدا
هەوڵدە راسترین بە
کچی شرینم فریوی
جوانیەکانی مرۆڤ مەخۆ
فریوی ووشە بریقەدارەکانی مرۆڤ مەخۆ
مرۆڤ هەمووشت دەکات
تالێت نزیک دەبێتەوە
وەلێ هەرکات زانی خۆشی دەوێی و نەفسی
تێر بوو دەچێت لەسەر
گوڵێکی تر دەنیشێتەوە
کچەکەم هیچ کات
هۆگری مرۆڤەکان

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

مەبە چونکە بەرەو
نائومێدی و ئازارت دەبەن
هیچ کاتیش بیر لەئەشق
مەکەرەوە ئەشق شتێکی
بەرزە ئێمە پێی ناگەین ئەوەی لێرە دەیبینی
تەنها و تەنها هۆگر
بوونێکە یان ئارەزوو بازیەک
کچم ببینە تۆ بەس ببینە چۆن
بەناوی ئەشقەوە یەکتر پیس دەکەن
کچی خۆم هیچ کات
باخۆشەویستەکانی
هاورێکانت فریوت نەدەن
کاتێک قسەیان لەگەڵ

”

دەکەن یان ئاشقن
خۆزگەیان پێ مەخوازە
ئاوانە تووشی تاڵوون بوون
ئێستا هەستی پێناکەن.
کچـم
ئێستا ئەو کچانەی کەوتونەتە پەیوەندی
و شەیـدا بوونی کورێک برێک لەوکچانە
ژیانێکی خـۆش وپـڕ بەدڵ و ئەوەی
لەخەیاڵیاندایە ناژین لەهێلانەکەی
خۆیاندا چونکە هیچ
کورێک لەووشەکانی
ناچێت شرینەکەم ووشەبریقەدارەکانیان
دەکەن و خۆیان تێردەکەن.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"
و دەرۆن تۆش لەناوەراستی
ژیاندا بەسەر چۆکەوە
جێ دەهێڵن لەناوەراستی ژیاندا
دەستت بەردەدەن نەرێگەی گەرانەوە
چونکە بەکوێری دوای
کەوتوویت گرووتینی دڵم ئەم
ووشانەت بەچاوێکی تەر و
دەستێکی لەرزۆکەوە بۆ دەنووسم.
شرینەکەم
هەوڵدە لەناو خۆتدا بەدوای
خۆش بەختیدا بگەرێ هەوڵدە
خۆشەویستی لەناو
خێزانەکەتدا بکە نەک دەرەوە
"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
تۆنازانی نانا مەچۆ
دەرەوە دەرەوە پڕ پڕە
لەتاعوونـتاعوونێک زۆرێک تووشی بوونـ .
دەزانم
مرۆڤ زیاتر لەخۆراکـ
پێویستی بە سۆز و
خۆشەویستیە بەڵام من هەمووت پێدەدەم
تانەرۆی سواڵی
بۆبکەی و ژیانت بشێوێنن.
سەیرێکی باوکت بکـە
زۆرم خۆشدەوێی شرینم
ئەشق لێرە هەموو ئارەزووە شرینم
ئەها کچەکەم بروایەکـ
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بکە ئەم خۆشەویستیە
تەنها بۆکاتە تەنها کاتت پێوە
دەبەنـ بۆ پرکردنەوە تەنهاییان تۆ
بەکار دەهێنن مرۆڤ خۆی
لەخۆیدا هەمیشە بەدوای
باشتریندا دەگەرێت هەرچەندە خراپ
ترینییش بێت خۆی تۆ باشتر و
جوانتر نابیت تالەلات بمێننەوە.
کچـم کورهەنـ یاری
بەهەستەکانت دەکەن ئەزیزم
وەکـ بلێی خۆیان خوشکەکانیان
هەست و دلیان نەبێت

“

”

کچم لەژیاندا ئاشقی بەندەکان مەبە
بەندەکان دڵ بـەر و دڵ شکێنن
ئاشقی پەروەردگارت بە
هەرگیز بەجهێت نایەڵێت
و ڕۆژ بەڕۆژ بەرزتر و بڵند ترت
دەکات گەر چەند جارێکیش لەبیری بکەی..

“

”

## هـەرگـیز

باشەتـۆ هەرگیزپێت ووتراوە
ئیتر ئەو بوونی نـیە
ئیتر جێی پێیەکی لەسەر ئەم خاکە نیـە.ئیتر
جێگەی خۆش ویستن نیە لەلای ئەوێکـ
ئیدی تۆ وەکـ پەرەیەکی
رەش وای لەدڵی ئەودا
ناهەرگیز هیچ تاکێکـ ناتوانێ هەڵگری
ئەم ووشە قورسانەبێت ئاخر
دڵ توانای هەڵگردنی نیە!
دەی هەرگیز پێت ووتراوە
شەماڵیش بۆنی
هەناسەکانیت بۆنایەنێت.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

هەرگیز پەیوەندیت
بەکەسێکەوەکردوە
داخرابێت کەس نەبێت وەڵامت
باتەوە هەواڵێکیشت لێ نەبێت
حاڵی باشە ماندوو نیە
فرمێسکەکانی ووشکی کردوە
یاخود بەردەوامە شەوانە
دەبێت چ شەوێک ببات
بەسەر نا نا ئەم هەواڵانە
لەکوێوەبێن مەگەر خۆت فریوبەیت
و بڵێیت ئەمانەش بەسەردەبات
تێدەپەڕێ.سەختە سەخت ئیدی

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەستت بەو جۆرە مردنەکردوە
چۆن مردنێکە کەس نیە
شتێکت پێبڵێ هەرخۆت و
خۆت خۆتیش خۆت دەرباز
دەکەی لەئــازار بــەدەردی خۆتەوە
لەژورەماتەکەت لەسوچی
چواردیواردا دادەنیشیت و خەریکە
دەخنکێیت لەناو فرمێسکدا
دڵیشت والەسینەت دێتەدەرێ
هیچت پێ ناکرێ لەسووچی ئەوچواردیوارەدا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئیـــــلاهی
من ئەژنۆم شکاوە توانای
ڕۆشتن و وەستانم نەماوە
خـۆمن ئەو دیوارانە نیم هێندە
بەهێز بەپێوە بوەستم
دەی منیش ئیدی زۆرشکام ئیلاهـی
ئائەو دیوارانەش بێت
دەشکێن و دەروخێن
وەکـ چۆن بەدەستی مرۆڤەکان
نەبن ناروخێن و ناشکێن
خــۆمن لەدیوارەکان بەهێزتر و بەرگە
گرترنیم منیش مرۆڤە دەمشکێنێ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بەڵام ئیدی دەروخێم بەسەریانا
تۆ سەرنج بە بیست و یەک
ساڵی رەبەق تـۆ نەزانی ژیان
واتا چی ئامانج و هیوایەکت نەبێت
هەمیشە لەخەیاڵدا بگوزەرێی
سەخت لەوەدایە خەیاڵەکانیشت
تێک بشکێنن  ئێستا دەڵێی
کەسێک هەموو دەم دەدات بەسەر
سەرمداو دەیەوێ بەئاگام بێنێت
تکادەکەم کەسێک
چووخەیالەکانیەوە ئیدی لێی
بگەڕێن با بەوخەیاڵەوەبژی
گەر پێشی نەگات

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
دەی هیچ نەبێت چەند ساتێک
خۆش دەژێت گەرناتوانی خەیاڵی
کەسێک بکەی بەراستی ئەوە مەیشوێنە
مەیشکێنە چ دڵی بێت چ خەیاڵەکانی.
خەیالەکان گەورەترین ئازاربەخشن لەوە
بەئازارتر ئەوەیە خەیاڵەکانت بشێوێنن
حەقیقەتی ژیان سەختە خەیلی سەختە
هەرگیزبیرم نەکردبووە بەم
دڵەبچکۆلەیەمەوە بەرگەی
هێندەشکان بگرم
بەم تەمەنەوەهێندە ئاە هەڵکێشم
هەرگیز هیواکانتیان کوشتووەو
بڵێن قەدەر وای ویست
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
هەرگیز پێت ووتـراوە
تۆ هەر بۆ مردن بـاشی
باشە تۆ هەرگیز لەتاو ئازاری
دڵت خوێنی دڵت لەدەم هاتووە
باشـە تۆهەرگیـزلەبەر
کەسێک ژیانی خۆت شێواندوە
لەتاو ئازاری بێ ئەوی
شەوان خەو بەرچاوت کەوتـوە
باشە تۆ هەرگیز بەدیار دڵتەوە گریاوی
باشە تۆ هەرگیز دەستت بەسەر دڵدا
هێناوەو  دڵی خۆت خۆت بیدەیتەوە
هەرگیز
هەرگیز
هەرگیز
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

مـن وەک ئێوەنیم
وەک ئێوەنیم بەدرۆبڵێم گەردنتان ئـازا
وەک ئێوەنیم بەدرۆ پیرۆزی کەم
وەک ئێوە بەدرۆبڵێم دڵم
هیچی تێدانەماوە
وەک ئێوەنیم بڵێم ژیان
ئەوەنایەنی دڵگران
بین لەیەکتـر لەکاتێکدا پـڕدڵم رەنجاندنە
من وەک ئێوە
درۆنادەم بەرووتاندا
وەک ئێوە نیم دڵم شتێک
بڵێت و زارم شتێکی کـە.
نـانا من بە دروستی و

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ناخی دڵەوەپێتان دەڵێم
ئەوەی دڵی شکاندووم هیچ کات
لەیادی ناکەم و ئازاشی نـاکەم
وە هیوای پیرۆزبوونی
هیچ رۆژێکیانیشـ بۆ ناخوازم.
وەئەوەی پێش جەژنەکان
لەدڵمدا بوو هەمان شێوە هەر
دەمێنێت و دەمێنێت برینەکان
بەگەردن ئازایەکـ کۆتایی نایات.
وەکـ من بن دڵ و زارتانـ
لەسەر یەکـ ئیقاع بێت

“

”

گەر ئادابی قسەکردن فێرنەبووی
زمانت راخەو لەسەری بنوو
***********
هاورێم بگەرێوە
گەرانەوەی تۆ جوانترە
لەگەرانەوەی کات

“

”

دۆزەخ چیـە
هەر ئەوەیە مرۆڤێکـ
بەدڵـ شکاوی ژیان کات
**********
ئەزیزترین کەسی دڵیشم بیت
تـائەوکاتەلەدڵمدا دەبیت
کەدڵت نەشکاندووم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

دایکـە تـۆ بەس لێـم گەڕێ
دەستەکانم بەردە بارووحم دەربێنم
با لێدانەکانی دڵـ بوەستێنـم
بادەست بنێمەبیناقەی
خۆم وهەناسەکان بوەستێنم
بادەست بخەمە ژیانی
خۆمەوەو کۆتای پێ بێنم
دایکـە تۆ نازانی نازانی چەندە
ماندووم نازانی ئەم دڵەم
چەندە ماندووە بەدەستمەوە هەر
وەکـ و تەنگەی سەر زبڵدانەکان
هەرکەسێک دێت شەقێکی تێ

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەڵدەدات و دەروات هەر رۆژەو
دەکەوومە سوچێکی ژیانەوە خۆم بۆ
نادۆزرێتەوە نـاهێندە تێ
هەڵدراووم نازانم لەکوێوە
دەمبەنـ بۆکوێ  رێگەی
گەرانەوە نازانم هەر وەکـ
زیندانی کراوەکان چاوەکانیان دەبەستنەوەو
دەیان بەنـ ئاوا رێگەی ژیانم
نەبینی ئاوانەمزانی بۆکوێم دەبەنـ
چاوەکانمیانـ بەستەوەو
تائێرە منیانـ هێناخۆم نادڵــم دڵ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

لەکوێ بوو خودی کەسەکە هەر
لەوێیە جەستەیەکی سارد و سر
باهەر لەشوێنێکی باشدا بێت.
بـاهەر ساغ بێت کەدڵ لەت و پەتـکراو
شکەت بێت جەستە توانایەکی
نابێت روح ماندووبێت
جەستە  باهەرهەبێت
سودێکی نیـە هەندێ
دەم کەدەڵێم ماندووم جەستەم
نـا دڵم دەڵێم دڵـ ئەوەدلمە
روح و جەستەی مـاندووکرووم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

مرۆڤ کەدڵ و رووحی ماندوو شەکەت
بوو ئیدی جەستەشـ
لەجوڵە دەکەوێنێ
دایکـە لێم گەرێ با بەجۆرێکـ
خۆم بمرێنم وەکـ ئەوەی من
هەر نەبووبێتم بائیدی خوداميش
هێندە دڵی بۆم تەنگ نەبێت

لێم گەرێ باژیـــان راگـرم

“

”

مـرۆڤ هەرچەندە جوانـ بێت
دیوێکـی ناشرینی هەیە جگە
لەخودا هیچ بوونێکـ نایبینێت
****************

خــۆر
هەموو دەم درەنگتر
لەباوکم لەخەو هەڵدەستێت
و زووتر لـەباوکم دەگەڕێتەوە
خۆر دەگەڕێتەوە ولـێ باوکم نـا

“

”

## هـــاوڕێ

نـابێت هەمیشە لێبوردەبین لەهەمبـەر
ئەو هەڵانەی دەیدەن بەڕووماندا.
چـونکە کردنی هەڵە یەکەم جـار هەڵەیە.
وەلــێ دووەم و سێیـەم هەڵبژاردنە.

“

# بگەڕێـوە

تـۆ لەکوێی ژیانـدای بامن بەسەر
ئەژنـۆکانمەوە هەموو جیهانت
بـۆ بگەڕێم بامن ئەژنۆکانم
خوێناوی بن بامن ئازار
کێشم گرنگ ئەوەیە
لەبەردەم تۆدا گیانـ کێشم
ئەوەی دوای تۆ هاتە ژیانمەوە
هیچی بۆ نەکردم هیچ برینێکیانـ
دوای خۆیان بەجێ هێشت
بۆ ئەبەد بۆم تیمـار
نەکرێت ئەوەی هات

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

پارچەیەکی لەخۆشـ بەختێکانم
و ئەوەی بۆ سەفەری ژیانی
خۆی پێویستی بـوو
بـردیانـ و ڕۆشتن
ئێستا هیچ لە
خەندەکان ناگەنەوە بەدڵـ
ئێستا من لەناوەڕاستی
ژیاندا لەسەرچۆکـ کەوتووم
نەدەتوانم بگەڕێمەوە
رابردوو نەدەتوانم بمـرم لێرەدا
خۆم بۆ کۆناکرێتەوە نـا هەر
پارچەیەکم لەشوێنێکـ کەوتـووە

”

خۆزگە دەمتوانی
هەموویان کۆکەمەوەو بۆ
ئەبەد بـمرم هیچ
شوێنێکم نەبێت لەژیاندا
خۆزگە وەها دەمردم
وەک ئەوەی هەر نەبوویێـتم

“

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کەمرۆڤەکان دەمرن
هێندە گەورەیانـ دەکەنـ
لەپێستی خۆی دەریان دەکەنـ
************
لـەپشت ئازاری هـەر کورێکەوە
لەئەشقدا کـورێکی تـر هەیە

“

”

مرۆڤیش وەک رووبـار
لەچاوەروانیدا ووشک دەبێت
رووبـار لەچاوەروانی بـاران
مرۆڤیش لەچاوەروانی یەکـدا

“

”

## پێنووسێک و دیەیەکی تەڕ

نازانم چۆن بەبیرمدا
هات کەبێمە نووسین بەبێ
ئاگا پەرەیەکی و پێنووسێکم
لەژێر دەستم بینی.
بەڵام تێگەشتم دەبێت
بنووسم بەڵام نازانم چی
تەنها هەستم بە تەری چاوەکانم
کرد و گەرووپڕبووم ویستم
دەمویست بێمەنووسین ئەوەی
چاوەکان و گەرووی پڕکردووم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەڵیرێژمەسەر ئەم پەرەیە
وەلێ نەمزانی لەکوێوە دەست
پێبکەم لەسەر کام ئازار و
کام پارچەی دڵ بدوێم  دەستم
دەستن برد بۆ هەر پارچەیەکی
دەیدا لەپرمەی گریان و هاواری
ناو سینەی پڕکردبووم کە
دەیووت نانانا تکایە مەمکولێنەوە
بەئاسانی هێورنابمەوە
پڕ پڕم پڕ لەبرین لەدەرد
لەئازار چاو لەفرمێسک
و گەرووش لەهاوار.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من نازانم سەرقاڵی کتێبێک
بووم لەپڕخۆم لەژورێکی تاریک
و پەرەیەک و پێنوسێک بینیەوە.
ئیدی نازانم خەیاڵە یان دڵمە منی
بەرەو ئێرە هێنــا تەنها ئەوە
دەزانم دەبێت بنووسم وەک بڵێی
زۆرم لێکرابێت چون لە
زیندانەکاندا دەدەن بەسەری سەریانا
تا بدوێن ئەوەی دەیزانن ئاوا شتێک
دەدات بەسەر دڵمدا بنووسە بنووسە.
دەمەوێ بنووسم بەڵام
فرمێسکەکان چاوەکانیان گردووم.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەر کەدەمەوێ ووشەی دڵم
بخەمەسەر پەرەکە فرمێسکەکانم
پێش پەرەکە دەکەونەسەرپەرەکەم
وەک بڵێی بەپێنووسەکە بڵێن
تۆ لەتواناتدا نیە لەسەر ئازارەکانی
بدوێی تەنها فرمێسکێک
بەسە بۆ پەرەیەک. فرمێسک
تەنها ئاوێکی سادە نیە پڕ پڕە
لەئازار ڕەنجاندن بێ
چارەیی نائومێدی نائارامی
شکاندن کەوتنە سەر چۆک
لەدەست دان فرمێسک ئەمانەیە.
ئەمشەو شتێکی سەیر

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

گوزەراوە گەرووپـڕم دەمەوێ
هاوارکەم بەڵام نازانم بەرەو
کوێێ و بۆکێ تەنها ئەوە دەزانم
دەبێێ هاوارکەم سینەپڕم
هەندێ جار دەدەم لەپرمەی گریان
و دوای چەند کاتێک
لەشوێنی خۆم بێ ئاگادەبم
دوای چەندین کاتژمێر
دێمەوە ئاگا.زۆرلاواز بووم
گەر بکرێت دەدەم لەهەموو
دەرگاکان.پێیان دەڵێم ئەرێ
ئێوە چۆن وادەژین ئەرێ
چۆن بەهێزن ئەرێ چۆن وا

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

خۆتان بەهێز پیشان دەدەن
بەناخێکی رووخاوەوە چۆنـ
وا پێدەکەنن و قاقا لێدەدەن
کەچاوەکانتان پڕ فرمێسکە چۆنـ
وا خۆتان هەڵدەخەڵەتێنن من
لەژوورەکەم بەهۆی هاوار و
فرمێسکەوە بێ ئاگادەبم لەدەنگی
قاقای دراوسێکەمان دێمەوە
ئاگا.پێیان بڵێم ئەرێ ئێوە چۆن
بەرێگادا دەڕۆن چۆنـ جەستەتان
بۆ هەڵدەگیرێت  تەنها دەمەوێ
رێگای خۆشبەختی ببینمەوە
نازانم دەڵێی ئەم ژیانە جێ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بستێکی نیە بۆمن تا تێیدا
بگوزەرێم جارێک
خۆش بەختم بکات
بەزیادەوە لەقورگمی
دەهێنێتەوە.پێیان بڵێم
ئەرێ خۆشـ بەختی لەکوێدایە
با بدەم بەرێگادا لەملا
لەولا لەئاسماندا لەژێر
زەویدایە تەنها پێم بڵێن
با ژیانم کۆکەنەوەو بەو
رێگایەدا برۆم. دەمەوێ بزانم
ژیان چی بۆکردوونـ.خۆ
دەشزانم هیچی بۆ نەکردوون

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

بەڵام ناچار دەبێت گەڕێم
تادڵ ئارامیەک بم.دەشزانم
باش دەزانم ژیان لەکۆتایدا
دەمدا بەزەویدا پارچە پارچەم
دەکات هەموو پارچەکان
دەچەقێنێتەوە بەسینەمدا.ژیان
هیچ کات بەو جۆرە نەبوو کەمن
ویستم نازانم بۆدەبێت ژیان
بەم چەشنەبێت.بۆمەگەر ژیان بۆ
ئێمە دروست نەکراوە .بەڵام
من وای نابینم هەر دەڵێی کۆڵانێکی
تەسک تەسک و تاریک
کۆڵانێک لەکۆڵانەکانی
جەهەنم ببینن هەر مرۆڤەو

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

بەجۆرێکـ هەڵدەقرچێت.
من ئەزێتم زۆر چەشت تا
گەورەبووم بەڵام ئێستا درکـ
بەوە دەکەم ژیان واتا منداڵی
واتا جدی نەبوونـ گەورەبوونـ
نووقوم بوونی مرۆڤە
لەئازار و مەینەتێکاندا لەنائومێدیدا
لەشکاندا کەلەتەمەنی منداڵیدا
گەورەدەبیت واتا هەنگاو
هەنگاو بەرەو ئازار و رووبەروو
بوونەوەی ژیان دەڕۆیت
ئەها کەگەورە گەورە
دەبیت ئیدی کاتی
مردن دێت بزانن

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
گەورەبوون مردنە مردنـ
تادەتوانی گەورەمەبە
هەرچەندە دەسەڵاتێکمانـ
نیە بڕواکەن گەورەبوونـ واتا کاڵـ بوونەوە
کاڵ بوونەوەی ژیان کاڵـ
بوونەوە خۆش بەختی کاڵ بوونەوەی
خەندەکان .کەگەورەبووی هیچ
کات خەندەکان
و خۆشبەختێکانت
بەدڵت ناگەنـ ئازارەکان نەبێت.
ووشەی باشـ بوون
ئەمە گەورەترین درۆیە کە
گەورەکان کردوویانە بەخوو.
خۆیان و ئەوانی پێ فریودەدەنـ
“

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

دڵی لەت وپەت کردووە
ژیان بەچاوێکی فرمێسکاوی گەروو
پڕەوە بەدەستێکی
لەرزۆکەوە دەنووسن بــاشم.
رووبەرووش دەبن بەخەندە
درۆینەکانیانـ رازیت دەکەنـ
بەچاوێکی نیمچەتەرەوە دەڵێن باشین.
ئەمانە تەنها ووشەی
زارین لەناوەوە دونیایەکی
ترە برواکەن وێرانن وێرانـخراپ
ماندوقن بەدەست ژیانەوە
گەوروکان . چەند لەژیان وردبیتەوە
زیاتر دەتباتـ بەدوایدا بچیت
زیاتر غەرقت دەکات.

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

زیاتر و زیاتر دەتبات بەناخی
خۆیدا.بەجۆرێک دەتباتـ
بەناخی خۆیدا نەرووناکیەکـ
نەدەستێک نەدڵخۆشیەکـ
نەئاسودەییەک نەئومێدێک پێت
ناگات و پێت ناگات دەتکات
بەیەکـ پاچە نائومێدی .
تادەتوانی دواى ژیان مەکەوە خۆت
لەگێلی بە چۆن هاتوە با وابروات.

“

”

بیرلەژیان مەکەرەوە ماندوو
شەکەتت دەکات. لەدەست و پێت
دەخات و دەتخاتە سەر ئەژنۆکانت.
تادەتوانی نەزانـ وشێت ئاسا
ژیان کەنـ بێ ئاگاو بێ هۆشـ .
بەڵێ ئاوابژی ژیان واتا شێتی
شێتیشـ خۆی ژیانە.
شێت بە تـــا بژیت.

“

”

تـۆ
دەتوانی هەموو ژیان
کۆبکەیتەوەو بیدەی بەمـن
تەنها بێژە  خۆشم دەوێی
**********
کاتێکـ مرۆڤ نەیتوانـی
هەستەکانی بکات
بەووشە ووشەکان وەکـ
کرمێکـ هێدی هێدی
دڵی دەخۆنـ و لاواز لاواز
لە لێدانی دەخەنـ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئیدی هێندە درۆ مەدەن
بەرووی یەکـدا
هێندە بەدرۆ یەکتر
گەورەو گەورەتر مـەکەن.

کەسـ هی کەسـ نیە
بەرۆشتنێکـ هیچ کەسێکـ
ناروخێت نامرێت من دەتوانم بێ
تۆ بـژیم تۆشـ هەمان
شێوە دەتوانیت بەڵێ دەتوانین.
ئەم ووشانە بەکاری دەهێنن
راستیەکی کاڵ و کاتین تەنها
بۆ ئەوەیە شتێک بکەن ئەوانی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کە باوەربێنن کەخۆشی دەوێن
بەڵام من پێتان دەڵێم هیچ
کات فریوی ووشە بریقەدارەکان
مەخـۆن مرۆڤەکان
شرینەکانیانـ بەکار دەهێنن بۆ
بەرژەوەندی خۆیانـ ئەوەی
کەدەڵێت بێ تۆ ناژیم پێشتر
تۆنەبووی دەژیـا ئەوەی دەڵێت
تۆ هەناسەمی بێ تۆش هەر دەیدا.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئــــاهـ بەمنـیان دەوت
بێ تۆ نــاژیم و هەناسەمی،
ژیانمی،دڵمی،ترپەکانمی،لێدانەکانی
دڵم بەندن لەسەر
کۆتا ساتی پێکەوە بوونـ.
کەچی ئێستا بێ من دەژێت و
هەناسەدەدا دڵیشی وەکـ خۆی لێدەدات.

“

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

لـەم ڕۆژگارەدا
کەسـ هی کەس نیـە
*****************************
ئـاسودەی واتا
هاودەردێکتـ هەبێت
ئەوەشـ ئافرەت بێ
تۆ وەرە ئەمڕۆ دڵـ خۆشی کـە
ئەو یەکـ سەدە خۆشـ بەختت دەکات
وەرە زەردەخەنەیەکـ بدە بەڕوویدا
ئەو تاقیامەتـ خەندە لەلێوی نابڕێت
دڵی ئافرەتەکان مەشکێنن
باشووشەکان ژیانمانـ تاڵـ نەکەنـ

## دەردی شووشەکەم

من ئەمەوێت مرۆڤێک هەبێت
برینەکانی دڵم ماچ بکات نەک
برینی نوێ بخاتە دڵمەوە
چونکە مرۆڤ هیچ کات ناتوانێ
برینێک سارێژبکات
هەمیشە برین دەخاتەدڵەوە گەر
مرۆڤێک هەبێت
برین سارێژبکات من
پەیکەرێکی بۆ دروست
دەکەم لەتەواوی کەوندا!

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

من ئەمەوێت کاتێک دڵم تەنگە
بەهەستەکانیان شادم بکەن،
ئەمەوێت کاتێک لەو سەری
نا ئومێدیم بانگم بکەن و
هیوا بەخش بن، گوێ بگرن
من پیاوێکم سەراپام خەمە
تەنانەت پێکەنینەکانیشم
درۆن بەڵێ پێکەنینەکانیشم
درۆن کاتێک هێندە بەدرۆ
پێدەکەنم دەمم دەدا بەئازار
تۆسەرنج بەن چ موسیبەتێکە
پێکەنینەکانیشم ئازارم
دەدە ن کاتێک دایکم بانگم
ئەکات بە زۆری زۆرداری

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

به گیانه وەڵامی ئەیەمەوە
ئاخر دڵم شکاوە ئێوە نازانن
ئەوانەی دڵیان ئەشکێت حەز
ناکەن قسه بکەن حەز ناکەن
پیاسە بکەن حەزناکەن
پێبکەنن حەزناکەن
هیچ بوونەوەرێک ببینن حەز
ناکەن سەیری فلیم بکەن!
ئەوان حەز دەکەن بگرین
و گوێ لە گۆرانی بگرن حەز
دەکەن مرۆڤێک هەبێت
لەکاتەسەختەکاندا
خەمەکانی دڵیان ماچ بکەن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەوان بوونەوەرێکن ئەڵێی
لەم هەسارەیە ناژین نا هەرگیز
هەست بەژیان ناکەن ئەسڵەن
مردنیش بێت بەلایەنەوە
گرنگیەکی نیە مرۆڤ کاتێک روحی دەمرێ
چ ترسێکی هەبێت
لەجەستەیەکی سارد و مردوو
من جەستەی خۆم بەزۆر بۆ کێش دەکرێ
ئاخر مرۆڤ کاتێک رووحی
دەمرێ بەچی جەستەی هەڵدەگیرێ!
ئامن دەڵێم:
دڵی ئێمەی پیاو کاتی
ئەشکێ ئیتر دڵ نیە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

پارچەیەک بەردە
پیاوەکان خۆ راگر
نین لە بەرامبەر قسە رەقەکانی کچێک!
منی پیاو کاتێک دڵم وەکو
کانیەکی وشک بووی لێ دێ
ئیتردۆر دەکەم و نەگریسم ،تاوان
دەکەم و بەد ڕەوشتم ،تورە ئەبم
و قسەی نەشیاو دەکەم
دڵ دەشکێنم ،ئازاری هەموو
شتێک ئەدەم تەنانەت بەردیش
ئەوەی بڵێی ئینسانیەت تیامەنیە!
خاڵیم خاڵی لە هەموو ووشەیەکی
جوان خاڵیم لە خۆشەویستی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
پارچەیەک بەردە
پیاوەکان خۆ راگر
نین لە بەرامبەر قسە رەقەکانی کچێک!
منی پیاو کاتێک دڵم وەکو
کانیەکی وشک بووی لێ دێ
ئیتردۆر دەکەم و نەگریسم ،تاوان
دەکەم و بەد ڕەوشتم ،تورە ئەبم
و قسەی نەشیاو دەکەم
دڵ دەشکێنم ،ئازاری هەموو
شتێک ئەدەم تەنانەت بەردیش
ئەوەی بڵێی ئینسانیەت تیامەنیە!
خاڵیم خاڵی لە هەموو ووشەیەکی
جوان خاڵیم لە خۆشەویستی
و سۆزێک کەچی کە
دەڕۆمەوە دایکم دەستی
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

دەکاتە ملم و بەخۆیمەوە
دەگوشێو ماچم دەکات ،
ئاشقی ڕاستە قینە دایکمە!
ئامـ پیاو کە تەنیا ئەبێت چەنێ
شتی جوان بە دڵ و مێشکیا
دێت تەنهای پیاوەکان مەشێوێنن
دەبن بەدرندەگەر
تەنهای بکری لەکۆتاخاڵدا!
پیاو لەتەنهایدابەخودی خۆیدا دەچێتەوە
دەگری پەشیمان
دەبێتەوە لەو هەڵانەی کردویەتی!
پەشیمانە لەوەی
کەسانێکی شکێنەری ناسی
دەگەڕێتەوە بۆلای خودا

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەوکات تێدەکا جگە لەپەروەردگاری
ئاشقی مەخلۆقەکانی نەبێت!
ئا بەڵێ دەگری پیاو کەدڵی
دەشکێت بەلاّم بەتەنها
تا پێی نەڵێن بێ هێزە بەڵێ پیاو بوهێزە
پیاوم دیـووە
هەنسکی بوو کە دەگریـا
بە عەقلی ئەو پێ دەکەنیم..!
هەتاجارێک مرۆڤانێک
بەرۆشتن و شکاندنی شووشەکەم
فرمێسکیان لە چاوم هێنا
ئینجا زانیم
گریانی پیاو چەند بە سۆزە!
ئەگەر دڵت تەنگ بوو

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

بەئارەزوی خۆت بگری ، مەڵێ من
پیاوم پیاو نابێ بگریێ ،
گریان دەربرینە لە هەستە
مرۆڤایەتیەکان ، ئەوەی لە ژیانی
نەگریاوە ئەبێ بەخۆیدا بچێتەوە...!!
شتێکم بیر چوو پرسیارێک پیاو مرۆڤە...؟
بیستومە ئەڵێن مرۆڤ هەستی
هەیە بەڵام پیاو نیەتی چۆن..؟

”

چونکە پیاو ناگری. بەڵێ پیاو ناگری
تادڵی نەشکێت و روحی نەمرێت!
پیاو
لە حاڵەتی دڵتەنگیا نازناوی پیاوی پێ ئەدرێ
مەنعی خەم و تیاچونی ژیان!!
پیاوانە بـگری
بەلآم بۆ مرۆڤێک
مرۆڤایەتی تێدابێت !

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەزانــی
نەناسینی کەسێکـ لەکاتی
خۆیدا کە پـڕ بەپێستی
دڵـەهێندەی ناسینی کەسێکـ کەدڵی
شکاندووی ولێی پەشیمانی دڵـ دەئێشێنێ
************

مرۆڤەکان
زۆرکات دەستیان لەوکارانەدا
هەبووە کەخۆیان دژین.
هەمووومان دەستمانـ
لەناشرینکردنی ژیاندا هەیە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

تـــۆ دڵتــ شکانـدم
واهەست دەکەم دراوم بەداروو دیواردا.
***********
لەگەڵ ئاوابوونی خۆر و
چۆلەگەکاندا بەجێی هێشتم
خۆر و چۆلەگەکان گەرانەوە
بەڵام ئەو نـــا
*********
ڕابردووم دەنێژم و لەئەمرۆدا دەژیـــــم
**********
دڵی ئافرەتەکان مەشکێنن
باخودا ئاسودەیمانـ لێ نەسێنێتەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دڵی ژنەکان مەشکێنن
ژیان وەک پەرداخێک دەشکێت ئـەما
هەر پارچەیەک و دەچێت
بە ژیانی پیاوێکدا
************
کێـوم دەشکێنن بیشکێنن
بـەس دڵـم نـا
*************
مـرۆڤ کاتێک لەئەشق
دەکەوێ نامرێت
دەگۆڕێت یان بۆ
نووسەر یاخود شێــت

“

”من لەناو خۆمدا مـردم ئـەما

چۆن هەناسەدەدەم ئازار دەچێژم
نازانـم شتێکی سەیر دەروونی پڕکردووم
ئازارە،رقە،نائومێدیە،
تاوانە،نازانم سەرم لەخۆم
دەرناچێت
هەندێ جار سەردەخەمە کۆشم
تاکەمێک لەخۆم بگەم
بەڵام ناگەم بەهیچ.
دڵم دەدات لەپرمەی گـریان
نازانم دڵم زۆر گۆڕاوە زۆر
ناسک تەنانەت لەتەمیش ناسکتر
چۆن دەجوڵێمەوە دەشکێم چۆن“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

دەجوڵێمەوە دەکولێمەوەو
دەتلێمەوە نازانم
بوهۆی ناسکێوەیە
یاخود شکانەکانێتێ تەنانەت
نیشتنەوەی مێشوەکان لەسەر
تورەم دەکەن و دڵم دەشکێنن.
تاقەتی خۆشم نەماوە یەک پارچە
نائومێدیم.هەندێ جار
دادەنیشم  بەدیار خۆمەوە
دەڵێم تۆبڵێی ئەمە
خەون بێت یان خەیاڵ ئەی
خودا بەئاگام بێنەوە گەر خەوە یان
خەیاڵ من وا دەخنکێـم

هەندێ کات منداڵێک دەبینم
دەڵێم خودا شتێک نیە لای
تۆ مەحاڵ هەڵم بگرەو بمخەرە
پێستی ئەومنداڵەوە چی دەبێت ئیلاهــی.
مـــاندووم رۆژ و شەوم بۆ
جودا ناکرێت رۆژیشم لێ بووە
بـەشەو هەمیشە
دەمەوێ بنووم سێ بەشی
رۆژ من بەنووستن تەواو
دەکەم نازانم دەمەوێت
شتێک بکەم ژیان زوو بڕوات و
بێ ئەوەی هەستی پێ بکەم خۆشترین
کاتەکانی ژیانم

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ئەوکاتەیە کەنووستووم.
وێــرانم
تەنانەت ترپەکانی دڵیشم
ئازارم دەدەن سینەم پڕە لەوردە دڵـ
وردە شووشە پارچە
شووشە لەگەڵ هەر لێدانێکدا
دەچێێ بە سینەمدا و
خوێناویم دەکات تەنانەت
هەناسەکانم ئازارـ بۆم
لێدانەکانی دڵم بێزاریان کردووم
ئاخر ئەوانەش ئازارم پێ دەگەیەنن
ناتوانم هەنگاوێک نێم زۆر
ماندووم هەنگاوێک دەنێم ئەوی
کەبەدوایدا نایات و نایاتـ
هەندێ جار هەنگاوێک دەنێم

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

لەسەر ئەوی کە دادەنیشم
دەدەم لەپرمەی
گریـان.بەزۆر خۆم
بۆ کێش دەکرێ بەزۆر
ئەم جەستەماندووەو دڵە
شکاوەم بۆ هەڵدەگیرێت هەر دەڵێی
دونیا بەسەر منەوەیە هەر دەڵێی دونـیا
هەموو شەقەکانی
کۆ کردبێتەوەو لەمنی هەلبدەدات
هەر دەڵێی تاوانی
هەموو مرۆڤەکان من

“

”

باجەکەی دەدەم ژیان و
مردنم بۆ لێک جیاناکرێتەوە
نازانم ئەمە ژیانە یان کۆلانێک
لەکۆلانەکانی جەهەنــم،
ئـــاهـ ژیـانـ هیچ کات بەدڵی من نەبووی

“

”

هیچ شتێک لەژیاندا بـەدڵی من نابێت
تەنانەت مـردنیشـ
ئەوکاتەی دڵ داوادەکات نـایاتـ و نـایات
**********
دوای خەونەکـانت بکەوە
هیچ شتێک مەحاڵـ نیە

“

ئـافرەتی
لـووت بەرز و بـێ منەت هەرگیـز
ناچێتـە دڵی پیـاوەوە
*************
مرۆڤەکانیشـ هەر وەکـ هەنگ وانـ
شیلەی ژیانت دەمژنـ و دەڕۆنـ

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کورەکانـ
کاتێک دڵیـان دەشکێت ئەو
شارە جێی دەهێڵن و دورۆنـ

کچـەکانیشـ
کاتێک دڵیان دەشکێتـ
وشوێنێکیانـ نیە بۆ رۆشتنـ هەر
لـەناوخۆیانداو لەشوێنی
خۆیانـدا دەمـرن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەندێ ووشەهەنـ
هەرگیـزلەبیر ناکرێـن
هەندێک دەتخاتەوە پێکەنینـ
هەندێکیشـ پرمەی گـریانـ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

گـەورەترین خۆش بەختی ئەوەیـە
هۆگـری هیچ کەسێک نە
و هیچ کەس هۆگرت نەبێت
بیری هیچ کەسێک نەکەی
و هیچ کەس بیرت نەکات
هیچ کەسێکت خۆش نەوێ
و هیچ کەسێ خۆشی نەوێی،
ئەوکات ترسی لەدەست دانیشت نابێـت

بـــەڵام کاتێک لەگەڵ
مرۆڤەکاندای چـی
هەر کەهۆگریانـ بوی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئیدی لەدەست و پێت
دەخەنـ هێندە ماندووت دەکات
سارد،ووشانی رەقـ،هتد..
کەبیری دەکەی لەبیرت دەکات لەپێت
دەکات ئیهمالت
دەکـات فەرامۆشت دەکات
کاتێکـ زانی خۆشت دەوێ
ئیمالت دەکات بەهەموو شێوەکـ
لێت دەدات دڵت خاشـ خاشـ
دەکات لەخۆتت دەکات،
لەژیانت دەکات'لەخودات دەکات،
لەخۆشیت دەکات،لەتەنهایت دەکات،

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"بەهەموو شێوەک بەکارت دەهێنێ
بۆخۆش بەختی خۆی،
بۆ تەنها چەند ساتێک
خۆش بەختی خۆیان هەموو ژیانی
ئینسانێک بکەن بەدۆزەخ ئاسا
بێباکن بۆیە بەکەس
مەڵێ خۆشمەوێیت
لێ گەڕێ ،با لەناخی خۆتدا
بتسوتێنیت لەوە باشترە
وردە وردە بتسوتێنن بێ ئەوەی
هەست بەسوتانت بکەی،
بەڵام پێی مەڵێ خۆشمەوێت
چونکە سروشتی ئینسان وایە ،"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

کاتێک دڵنیا دەبێتەوە کەسێک
خۆشی دەوێت ،ئەوا هیچ
بەهایەکی بۆدانانێیت،ئیهمالی
ئەکات ،لەبەرچاوی ئەوکەسە
ناشرین دەبێت بۆیە بەکەس
مەڵێ خۆشمەوێیت شکۆی خۆت لەدەست
مەدە..

هەمیشە خۆت و تەنهایی پکەوە
قاقا لێدەدەن دەست بەسەر دڵی
خۆتدا دەهێنیت و دڵی خۆت دەدەیتەوە
و هیچ کەسێک نابێت جوداتان بکات.

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

بەڵام کاتێک مرۆڤێک دەست
بەسەر دڵتدا دەهێنێت و دڵت
دەداتەوە لەکۆتادا هەر ئەوە
پڕ سینەت دەکات لەوردە دڵ.
وەکاتێک وێڵت دەکات و
دەروات نەرێگەی گەرانەوە دەزانی
نەرۆشتن دەبێت لەناوەراستی ژیاندا
بکەویتە سەر چۆک و بدەی لەپرمەی
گریان
و بڵێیت: ئای خراپم
کرد ئەوەی نەدەبوو بیکەم
ئەوەی نەدەبوو بیڵێم ووتم
ئەوەی نەدەبوو بیدەم دام

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەموو دڵخۆشیم ئەو بوو
بەڵام ئێستـاکـەنیـە
هیچم نیە وەک سواڵکەر دەپارێمەوە لەخودا
بۆ پارووبەک خۆش بەختی

ئـارام ئـازاد
دڵێک لەشووشە
بـالەژێـر جەستەشـدا بـمریت
کەسێک نەبوو تێت بگـات هەر تەنهـایی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هـەموو ئێسکەکانــی گیانـت
بشکێتـ بەسـ دڵت نەشکێــت
*********
جـوانی رووخسـار خۆراکـی کاتـە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
من جوانترین کـورنیم
نیم وە باشترینیش نیم
لەمن جوانتر و لەمن
باشتر بوونی هـەیە بەڵام
هیچ کەس نیە وەکـ من.
بەڵام هەرگیز بەهۆی ڕەفتارەکانمەوە
خۆم ناشرین نەکرووە هەمیشە
جوانی ڕەوشتم لەپێش رووخسارمەوە
داناوە زۆریان دڵ شکاندم
وە ئازاریشم چەشت بەڵام ئازاری
کەسم نەدا دەمتوانی دڵی یەکـ
بەیەکیـان بشکێنمەوە وەلێ
ویژدانم ڕێگەی پێنەداوم دەنـا
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئێستا ژیانم لێ دەکردن
بەدۆزەخ ئـاسا وەلێ لەهەموو
بارەکاندا وەک پەبولە باڵیان
قرتاندم بەڵام ئێستاش هەر
پەپولەکەی جارانم و شێتی ڕوناکیم
لەهەموو کاتانەشدا تا ئێستاش
من شانازی بە دڵ پاکی و سادەیم
دەکەم هەرچەندە دەزانم
باجیشێ پێدەدەم بەڵام هەر
ئاوا دەبـم چونکەشتێکە
هەموو کەسـ نیەتی
مـن بەم شێوەیوم کـەهەم
سروشتی خۆم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

بۆهیچ ئینسانێک ناگۆڕم
وە هەوڵیش نادەم بەدڵی
هیچ کەسێک بژیم
ئەوەشی بەم شێوەیە
منی قەبووڵ نیە دەرگا والآیە
بەهیچ جۆرێ ناکەوومە سەر
ئەژنۆ تەنانەت بۆ هیچ مرۆڤێک ئەوەی
منی بوێت بەهەموو جیاوازیەکانەوە
قەبووڵم دەکات"

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

ئــەشق

دیویێکـی خیانەتە و

دیـوەکـەی کـە بێ وەفـایی

*************

کاتێکـ دڵ تەنگی رووم تێدەکات

دەست بەسەر دڵی خۆمدا دەهێنم و

دەڵێم تەنگ مـەبە مردن نزیکـترە لەلێدانەکانتـ"

************

دەستـی هیچ کەسێک مەگرە دەستەکەی

کەی خۆت نەبێـت.لێرە هەموو

دەستەکان بۆنی نائومێدیان لێدێت

و بەرەو تاریکـای ژیانت دەبـەن"

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"مرۆڤ هیچ کاتێک جوانـ نیە ئەوەی
کەجوانی دەکات سێبەرەکەیەتـی
بە وەهمی مـن
مرۆڤ سێبەرەکەی جوانترە
لەخۆی چونکە سێبەرەکەی
نەخیانەتـ
نەبێ وەفای
نەدرۆ
نەدڵ دەشکێنێت
نە بریندار دەکات
ئــۆ ئەی مرۆڤ
هیچ نەبێت وەکـ
سێبەرەکانتـان جوان بـن"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"مرۆڤ هیچ کاتێک جوانـ نیە ئەوەی
کەجوانی دەکات سێبەرەکەیەتـی
بە وەهمی مـن
مرۆڤ سێبەرەکەی جوانترە
لەخۆی چونکە سێبەرەکەی
نەخیانەتـ
نەبێ وەفای
نەدرۆ
نەدڵ دەشکێنێت
نە بریندار دەکات
ئــۆ ئەی مرۆڤ
هیچ نەبێت وەکـ
سێبەرەکانتـان جوان بـن"

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

دڵی مرۆڤەکان مەشکێنە مـردن
دەرفەتی چاکـ بوونەوەی دڵەکانت پێناداتـ"
********
ئیتر هەرگیز هەوڵ نادەم
بۆ کەس دڵتەنگ بم
چونکە ئەوکەسەی منی بوێت
هەرگیز دڵ تەنگـم نـاکات"
*******
ئـەی ئەوکەسەی کەبەبێ دەنگـی
چاودێریم دەکـەی کەی دێیتـە قسـە"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

خـۆشبەختی
هەروەک ئە وسێوە حەرام
کـرا لەمـن کەئـادەم خـواردی"
************

هەندێ جار ئازارەکانـ
مرۆڤ تائەوپـەری مردن دەبـات!
****************

کاتێک دەنگی گریان و ناڵەی
ئافرەتێک دێت بەگویچکەمدا
نەمهیرەبانی پیـاو بەدی دەکـەم
نەخۆشەویستی درندەی نـەبێت
پیاوەتیت لەئازاردانی ئافرەتدانیـە.
لەخۆشەویستیتدایـەبـۆی!

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

من زۆرجار ئەگەر هاوڕێکانم
نەبن دونیا ئەمبات دونیـا تەواو
شەکەتـم دەکات دەمگەیەنێتەئەوپەڕی
نائومێدی ئەوەی
کەهەمە هاورێکانمن کەلێرە منیـان
هێشتۆتـەوە.وەلـێ
ئەوان نەبان من دەمێک بوو
لەتەنهایدا روحم دەسپـارد هەرچەند ژیان
ئازارم بات قەبوولێکی دەکەم تەنها شانـ
بەشانی هاورێکانم
بژیـم هەموو ئازاری
ژیان لەکـۆڵ دەنێم تەنها چەند
ساتێک لەگەڵیاندا بەسەر بـەرم.

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

لەگەڵ هاورێـکانم  جاری وا
هەیە  هێندە پێدەکەنین بێرمان
ئەچێت مرۆڤین بیرمان
دەچێت لەکوێین.دەچینە
دونیـایەکی کـەوە نەئازار
نـەغەمگینی هەر دەڵێی
تائێستا پێـمان بەگەشتووە.
هەمووشتێکم دەدەم هەموو ئازارەکانیش
لەکۆڵ دەنێم تەنها بۆ
خاتری چەند ساتێک لەگەڵ بــونتـان..

غەریبیتـان دەکـەم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

لەکەس نەچوونمم خۆشدەوێ

باوەڕم بە ژیانی نمونەیی نیە.
بەڵام هەست دەکەم خۆم
کەسێکی نمونەییم وە
هەوڵیش دەدەم نموونەی بـــم

حەزەکانی من لە حەزی خەڵکی
ناچن نەک حەزەکانم تەنانەت
نامەوێ لەهیچ روویەکەوە
لەکەس بچم دەمەوێ جیاوازبم.
جیاواز بەرێگادابچم.جیاواز
بیربکەمەوە.جیاواز

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"پێبکەنم.جیاواز بگریم.
جیاواز غەمگین بم.جیاواز
بدوێم لەهەرچی روویەکەوە بێت جیاوازبم
لەهەر ئینسانێکی ئێرە
نامەوێ وەک هەموو ئەو
مرۆڤانەی ئێرە وەک یەک بژیم.
زۆرێک هەن تەواوی هەوڵیان
دەدەن بۆ ئەوەی لەکەسێکی
کە بچن لەکاتێکدا دوو مرۆڤ
کاتێک لەیەک دەچن دانەک
لەدووانە زیایەن چونکە ژیان
پێویستی بەکۆپی نیە ژیان پێویستی
بەشتی نوێیە تاقەشنگتر دەرکەوێ."

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بەڵام ئێستا هەموو هەوڵی
مرۆڤەکان بۆ ئەوەیە بەکەسێک بچن
هەندێ جار غەمگینیش دایان
دەگرێت بەو نەچونیانـ هەمیشە
هەوڵدەدەم جیاوازبم گەر ئەو
جیاوازیەشـ ناشرینم بکات بەڵام
گرنگ رێگەی نوێ تاقیدەکەمەوە
کە کەنایکەنـ.هیچ کات سەیری
زۆری و کەمی مرۆڤەکان ناکەم
لەرێگاکانی ژیاندا چونکە مەرج
نیە ئەو رێگەیەی مرۆڤی زۆر
لەسەر بێت رێگەیەکی راست بێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
مەرجیش نیە ئەوەی کەمی
لەسەربێت هەڵەبێت.رەنگە ئەو رێگەزۆرەی
کەمرۆڤی زۆری تێدا دەروات
تەنها چاولێکەریەکی هیچ بێت و
تەقلید کردنی ئەوانی کە بێت.
من نامەوێ وەک هەندێ مرۆڤ بژیم
کەتەنها بەحەز و خواستی ئەوانی
کەدەژین لێرە هیچ کەسێک بەدی
ناکەم بەدڵی خۆی بژیت وەلێ
هیچ کات بەدڵ خۆش بەخت نین
چونکە هەر رۆژەو بەجۆرێک دەژین.
وەلێ من نەلەهیچ ئینسانێک
دەچم نەهەوڵدەدەم لەکەس بچم
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
خۆزگە بەژیانی هیچ کەسیش ناخوازم
هەرچەندە خراپیش بێت گرنگ
بەکەسـ نەچم وە هەوڵی ئەوەش
نادەم هەمووان خۆشیانـ بوێم
و هەمووان رازی کەم لەخۆم.وەلێ
ئەوەی منی بوێت و منی
خۆش بوێت بەهەموو جیاوازیەکانەوە
منی قەبووڵ دەبێت ئەوەی منی
قەبووڵە ئەوەهەم بەم شێوەیە
ئەوەشی منی قەبووڵ نیە برۆنـ
کەسانێکـ بدۆزنەوە پڕ بەدڵی
خۆتان هەر ڕۆژەو بەجۆرێکـ
نمایشت بۆ بکات و ماسکێکی
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

نوێ بپۆشێ.من هەر

ئەوەدەبم کەهەم بۆ هیچ کەس

سروشتی خۆم ناگۆرم یەک

رووخسارم هەیە بێ ماسک

جوانترین جیاوازیم ئەوەیە کە

بەبێ ماسک دەژیم.وە شتی سەیر

و سەمەرەم پێ خۆشترە

وەک لەوەی شتێکی دووبارە

بکەم هەمیشە شتی

نوێ تاقیدەکەمەوە جیاواز

لە خەڵکی تر خۆشەویستیم کردوە ،

وە بیرم دێ تەنها لەبەر

خاتری دڵم زۆر جار بە تەنیا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

به کۆڵانی خۆشەویستەکەما، بە بەردەم
ماڵی خۆشەویستـما رۆشتووم
بەڵێ من خۆشەویستم  بووە
بەڵام خیانەتکار و بێوەفا نەبووم
بەڵکە هەر لەبەر ئەو جیاوازیەم
ئەوو منیان جێهێشتوە
یاخود ئەو منی قەبووڵ
نەبـووە جێهم هێشتـووە
ئەوەش شتێکی ئاساییە چونکە
مرۆڤ هەمیشە بەدوای شتی
نوێدا وێڵە لەجێی ئەوەی خۆی
شتێکی جیاواز بکات لەجێی ئەوەی

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

مرۆڤەکان تاقیبکەیتەوە ڕێگەکان
تاقیبکەرەوە من هەموو
ڕێگاکانی ژیان تاقیدەکەمەوە
هەرچەندە بکەوم هەڵدەستمەوە
وەک ئەمانەی ئێرە نابـم
کەکەوتن ئێدی هەڵناسنـەوە.
ئەم ڕۆژانە کتێبم زۆر
خوێندۆتەوە جیاواز لەوانەی
کە کتێبەکانیان تۆزی
لێ نیشتـووە.تەواو ترسی
ئەوە دایگرتوم کە لە کەسێکی
نمونەییەوە ببم بە کەسێکی
ناشاد و توشی خەمۆکی ببم ،

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
هەست دەکەم زیاد لە هەموو
شت پێویستم بە قەناعەتە
زیاد لەپێویست پێویستم بەئیرادەیە
من جیاوازدەبــم هەرچەندە
بکـەوم گرنگ بەکەس نـەچم
بەکەس نەچوونی خۆم خۆش دەوێت
ئەوەی بەوجیاوازیەوە منی
ناوێت ئیناسانی کەزۆرە کەبەدڵی
ئەو بژیت دەرگاکراوەیە بۆ
رۆشتن بەڵام بۆ هاتن کەمێک
درەنگ دەرگا دەکەمەوە بۆ
هاتنە ژیانمەوە ئەوەشی منی
بەم سروشتەجیاوازەوە
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

قەبووڵ نیە دەرگا کراوەیە.
لێرەشدا خۆم جیاواز دەردەبرم
هەرچی ڕاستیە خستـمەروو
کەهەندێ کەس ئەمەناکەنـ ماسکەکانیانـ
لەرووخسار دەکەن و تێدەپەرنـ بەژیاندا.
بەڵام من لێرەدا هەرچی هەبوو
خستـمە روو بەبێ ماسک وەک
ئێوەنیم ووشەی جوان بەکار
بێنم بۆ شاردنەوەی ناخم یاخود
درۆ بدەم بەرووتاندا تالەگەڵم بەردەوام
بم ئەمە ئەمەیە سرووشتی من!!

“

مرۆڤەکانی ئێـستا

زۆربەیـان لەووشوێنە نین کـە هەنـ
هەندێ جار جەستە لەشوێنێکـەو
دڵ و بیریان لەشوێنێکی کـە!
بـۆیە هیچ کات لەوشوێنەی
هەنـ خۆشبەخت نابن.
نەلەوشوێنەنـ کەجەستەیانی لێیەنە
لەوشوێنەشی کە دڵیانی لێیـە
************************
هەرگیز شەخسیاتی خۆم نافرۆشم
بۆ بەدەستهێنانی دڵی کچێکـ!

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

مناقەشەکردن لەگەڵ هەندێک کەس
تەنها سوکایەتی کردنە بە " کـات "
************
ئـەی بـاوکـان
کچەکانتـان فێربکەنـ لە
باوەشی خۆتان بنـوون
دڵنیابن بێـوەفای کـورێکـ
هەموو شەو دەیگریەنـێ

“

## مـن ئـیدی فێـربووم

ژیـان پـەلکـێشمـان دەکاتە
بـوونەوە دەبێت لـێی
فێربین هیچ هەلێـک لە
دەست مەدە بـۆ فێربوونـ!
مـن
فێربووم بەهێز بم
فێربـووم ئازارەکان هێزی
زیاتر بەمرۆڤ دەبەخشن
فێربووم مرۆڤ دوای
هەڵەکردن دەکەوێ
بەڵام هەڵسانەوەی
مرۆڤێکی کەدەبێت!

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

فێربووم متمانەم بەخۆم هەبێت
هیچ کات متمانەلەدەست نەدەم !
فێربووم ئەبێت
هەمیشە دڵت ڕەق بێت
ئەگەر نا زۆر بە زوی ئەشکێیت پێت
فێـربووم لەجێی فرمێسکەکانـم
کەسانێک بسرم کەهۆکارن.
فێـربووم
گەر کەسێـک خۆشی بوێـی لەدڵـەوە
هـیچ نـەبێت غەمگینـت نـاکـات.
فێرت بووم زۆر بەزووی
هەموو شتێکی ناخۆش لەبیر بکەم
فێربووم ژیان یەک ڕۆژ و دوو ڕۆژە

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هـاکا مـەرگ هات و
هەمووشت بەکۆتاهات .
فێــربووم
بۆیە هەمیشە نزیک بم
لەدۆستانم بچرپێنم
بەگوێیاندا کەئەوان چەندە بۆمن گرنگن!
فێــربووم  لێبووردەبم
بەڵام بۆکەسانێـک کەشیاونـ
فێــربووم  درندەبم بۆ
کەسانێـک ئاژەڵ ئاسا دەژیـن
فێــربووم
هەرگیز خۆم بۆ هیچ
کەس بێتاقەت نەکەم

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

هـاکا مـەرگ هات و
هەمووشت بەکۆتاهات .
فێــربووم
بۆیە هەمیشە نزیک بم
لەدۆستانم بچرپێنم
بەگوێیاندا کەئەوان چەندە بۆمن گرنگن!
فێــربووم لێبووردەبم
بەڵام بۆکەسانێـک کەشیاونـ
فێــربووم درندەبم بۆ
کەسانێـک ئاژەڵ ئاسا دەژیـن
فێــربووم
هەرگیز خۆم بۆ هیچ
کەس بێتاقەت نەکەم

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

فێــربووم

کە هیچ کەسێ شایەنی

فرمێسکەکانم نین

ئەمە لەخۆباییبون

نەبوو بەڵکو کەسێک

منی نەوێت منیش ئەبێ

لەبیری بکەم .بەڵی ئەوەی فێــربووم

ئەوەی ڕێزی

لێگرتم خــۆشم بوێت

ئەوەی منی نەویست زۆر

بە ئاسانی ئیهمالی بکەم ..

بەڵێ ئەوەتا ئەوەی منی

نەویست ئیهمالم کرد.

“

”

فێـربووم  بووم
ماسکەکـان فرێـدەم بۆهەمیشە یەکـ
رووم هەبێت گـەر ناشرینـیش بێـت
فێـربووم  هەمیشەخۆم بم
نـەک ئەوەی کـەدەیانەوێ..

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

گەورەمەبە دڵـی خاڵۆت
گەورەبوون ئـەو خەندانەت لێ دەسێنێتەوە
گەورەبونـ موسیبەتە
گەورەبوونـ نوقم بوونی
مرۆڤە لە جـدیاتا!
ئێمەی مرۆڤ
منداڵین خۆزگە
بەگەورەبوون دەخوازین
گەورەدەبین خۆزگە بەمنداڵی
پیر دەبین. خۆزگە بەمردن
دەمرین و خۆزگەی گەرانەوە بەژیان

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بۆیە ئێمە هیچ کاتێک بەدڵی خۆمان
ناژین هەمووژیانمان خۆزگەیە!

جوانترین خۆزگە
خۆزگە بخوازی هێندە تاوانت
زۆرنەبێت داوای گەرانەوە
بکەی بۆژیان بۆ بەدەست
هێنانی بەهەشتەکەی پەروەردگار!

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئـالێرە لـەم جەنجاڵی ژیـانەدا
هەندی مـرۆڤ هێندە گـەمژەن
لـووت بەرزی بـەشەخسیاتـ تێگەشتوونـ!
************
تـەنهایی روحی مرۆڤ تـێردەکات
بــەڵام ژیـانی لێـدەستێنێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ویـستم ژنـ بێنم تا تەنها نەبم

بەڵام زۆرێکم بینی
ژنیان هێنا تاتەنهانەبن
یان هاوسەرگیریان کرد تاتەنها نەبن
دواتــر
منداڵیانـ بـوو
تـا تـەنیا نەبن

ژنــەکەی
لە ژوورێکدا نینۆکەکانی ڕەنگ دەکا و
کەسێکـ نییە
دەستی بگرێ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

لەژورێکدا فرمێسک
بەچاوانیدا دەهاتە
خوار کەسێک نـەبوو بۆی بسرێت.
لەژورێکدا دڵ تەنگە
کەسێک نیە دڵی باتەوە
یەک تۆفان ووشە
لەگەڕوویدا پەنگی خواردوە
کەسێک نیە وەک خۆی
گوێی بۆ بگرێ و لێی تێبگات.

“

”

پیاویشـ

بە وشەوە سەرقاڵە
بەنووسینەوەی دڵـ تەنگێکانیەوە
بەخوێندنەوەی
کتێبەکان وادەزانێت
خۆش بەختی ماڵەکەی
بەکتێبەوە بەندە!

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

منداڵێک
لە نێوان هەردووکیاندا
پێویستی بە کەسێکە یاریی
لەگەڵدا بکا بەڵام ئەمەیش هەر
وەک ئەوان تەنهایە
کەسێک نیە دەست بەسەر
شانیدا بێنێت و بڵێت
باوکت هەمیشە لەگەڵدایەو
هیچ کات تەنهات ناکات!

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

منداڵێک
لە نێوان هەردووکیاندا
پێویستی بە کەسێکە یاریی
لەگەڵدا بکا بەڵام ئەمەیش هەر
وەک ئەوان تەنهایە
کەسێک نیە دەست بەسەر
شانیدا بێنێت و بڵێت
باوکت هەمیشە لەگەڵدایەو
هیچ کات تەنهات ناکات!

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ئەی پـیاو
هەستە هەستە خۆش بەختی
لەکتێبەکاندا نیە خۆش بەختی لەدڵی
خێزانتدایە خۆش بەختی لەوەدایە دەست
بەسەر شانیدا بێنیت و دڵی بەیتەوە
فرمێسکەکانی بۆ بسری وەک
خۆی لێی تێبگە گوێی بۆ رادێنە
ئیهمالی مەکە ئافرەت
بەئیمال کردن چەند جارێک
دەمرێت هەرجارێک
کەبیردەکاتەوە تۆی هەیەو
یەشتا هەر تەنهایە
جارێکی کەدەمرێت!

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەی ئافـرەت
تۆش هەستە واز لە رەنگاو رەنگ
کردنی پەنجەکانت بێنە
هەستە ئازارەکانی خێزانت
رە نگاو رەنگ بکەن پێکەوە!
هەستە لەجێی ئەوەی لەو
ژورە بەتەنها فرمێسک رێژیت
هەستە برۆ لەگەڵ
هاژینەکەت بیرێژە باهەست
بەتەنهای یەکتربکەن.
هەستە ئەو ووشانەی
کە لەگەروتدا وەک گەردەلوول

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

دەسورێتەوە هەڵی
رێژە تادەتوانی هەڵرێژە
بگری هەرچەند توانات
هەیە تەنها لەبەردەمی
یەکتریدا بگرین تەنهای بەس کەن.
ئای بۆ ئەو منداڵەی کەهەر
لەیاریکردنی منداڵیەوە
بەتەنها یاری دەکات تا ئەبەد
تەنهای لە رووحی جودانابێت!
ئای ئێمەچەند تەنهـاین
چەند بەتەنها دەگریـن
چەند بۆ تەنهایی دەردە دڵ دەکەیـن
چەند تەنهایمان خۆش دەوێت

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

کاتێک دڵ تەنگ دەبین
رادەکەین بۆ شوێنێک تەنها
بریا بۆ مرۆڤەکان وادەبووین

وەرن باتەنهایی لابەین و
مرۆڤ بخەینەجێگەی!

ئێمە، هێشتا تەنیایـن

بۆیە بریارمدا هەر خۆم تەنهابم
باشترە لەوەی خێزانم و
منداڵەکانم تەنهابن!

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کاتێک دڵ تەنگ دەبین
رادەکەین بۆ شوێنێک تەنها
بریا بۆ مرۆڤەکان وادەبووین

وەرن باتەنهایی لابەین و
مرۆڤ بخەینەجێگەی!

ئێمە، هێشتا تەنیایـن

بۆیە بریارمدا هەر خۆم تەنهابم
باشترە لەوەی خێزانم و
منداڵەکانم تەنهابن!

“

بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

# باوک

هەرکاتێک بمرێت یەشتا هەر زووە
مردنی باوک پیربوونی رۆڵەکانێتی
باوک کەکۆچی کرد ئازار بەرۆکی
رۆڵەکانی بەرناداتـ تانەیخاتە نێو گۆڕ
وەرە ئازارێکم بۆ بێنە
بەئازار تربێت لەبێ باوکی
وەرە مرۆڤێکم بۆ بێنە غەمگین
تربێت لە رۆڵەیەکی بێ باوک!!

“

”

مـرۆڤەکـــان

هـەمووان تـا نیوەی
ڕێگەبەردەوام دەبــن لەگەڵت
مــرۆڤ تــانیوەی ڕێگا لەگەڵ
کەسێکـ دەبێت و دەچێت
نیوەکەی کەلەگەڵـ کەسێکی کەتەواو دەکات
هەمووانـ بەم شێوەیە بەردەوامین
ئێستا هەمووان بەنیوەی ماوینەتەوە
هیـچ یەکەمان کامڵ نین
هیچ یەکێک بەدی ناکەم تائەبەد
بەردەوام بێت لەگەڵ مرۆڤێکدا!!

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەوانەشی بەیەکـ دەگەنـ و پێکەوەن ئێستا
پێشتر لەنیوەی رێگا وێڵ کراون!
هەردوو دویانەوێ دوونیوەی
یـەکتر پڕبکەنەوە و کامڵ بن!

بۆیـە هەمیشە خۆمان بەتەنها دەبینین!

“

بـەردیشـ وەکـ مـن بـژیـایـە رۆژێکـ
هـەر دەشـکا

****************

هیچ شک نابەم
جگە لە دڵێکی لەتو پەتوو
چەن وشەیەکی خوێنـــاوی

ئێمەی مرۆڤ فێرین نەتوانین شتێک بکەین
یان بەدەستی بێنین
هەڵدەستین ناشرینی دەکەین!
*************
ئـیلاهی
ئارەزوومە دڵم پاکـ بکەیتەوە
پاکتر لەومنداڵەی کـە مـانگ دەبینێت
ئارەزووی دەسـت لێدانی دەکات!!

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەڵێن ئەوانەی
خەم و سەختی زۆر دێتە ڕێگەیان
خودا خۆشی ئەوێن
تۆ بڵی هەبێت لەمن
خۆشەویستتر لەلای خودا
******
زۆر گرانەبۆکە سێکی روون
بکەیتەوەکە دلت ئازارت دەدات!!

“

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کـورته یەک لـەمـن بـۆتـۆ

کورێک هـەیـە پێی
دەلێت شـێت لـەنـاو
مرۆڤـەکان ئـەژی بـەلام دوورلـەهەمووکەس
رقـی لـەهەموو شتێک دەبیێتەوە،
رقـی لـەدەنگی مرۆڤەکانـەلـەقاقا درۆینەکان
لەگریانەدروینـەکانـ ئـەو زیاتر
لەهەمووشتێک لەژیانـ ئەترسێ،
خـووی بـەشیوازی مردنـەوە
گـردوە،زۆربـەی کاتـ بەتاریکی
لـەژورەکەی دانیشتـوە،یان
خەوتـووەو خەوبەتۆوە دەبینی یانـ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

دانیشتووەو فرمێسک بەرۆکی
گردووۆەو و دلی خۆی دەداتەوە
زۆربەداماووی،هەرکاتێک
دەخەوێ بەیانی هەلدەستێ خێرا
باوەش دەکات بەیادگاریەکاندا
کەیەشتابۆنی تۆی لێێ دێـت ،
بەهێمنی چاو دادەخاتەوە
بەئومیدی تەواو کردنی خەوەکەی،
ئەم کورەی کەشرینـ بوو
لای هـەمووکەس ئێستا
زۆرتاڵە بەسەر
شەقامەکاندا ئەرواتـ وەک و بلێی
بەس خۆی هەیـە

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کەسێکی خەیاڵاویش!
لەسەرشەقامەکان بەخەیاڵ
لەگەڵ تۆبوون لەوساتەدا دەچێتە
خەیاڵێکی قووڵەوەبەجۆرێک دەچێتەخەیاڵەوە
وەک بڵێی لەگەڵیدا دەستت
لە دە ستەو پیاسەدەکەی!
لەپڕ خۆی ئەکێشێ بەپیرە پیاوێکا،
کەهەموو خەیاڵەکانی
لەبیرئەباتەوەی تا ئەورادەیەبێ
ئاگایەلەژیان بەڵێ ئەو
لەدونیای خەیاڵدا دەژی!
بەڵێ ئەمە بەتەواوی منم دوای تۆ!

“

”

ئافرەت
دڵێکی دەوێت وەک تابووت بێت
جگەلەخۆی جێگەی هیچ
ئافرەتێکی تری تێدانەبێتەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەگەر ڕۆژێک
کەسێک دوای نەبوونم
لەمنی پرسی
بڵێن ڕۆشتووە سەیری مانگ بکات
ئەگەر هەر پرسیەوە
بڵێن ڕشتووە بـۆ
سەر هەسارەیەکـی تر
ئەگەر
هەر بەردەوام بوو
لەپرسینم بچرپێنن بە گوێچکەیدا
بڵێن ڕۆشتــووە تا ئیتر نەگەڕێتەوە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەگەر رۆژێک
کەسێک دوای نەبوونم
لەمنی پرسی
بڵێن رۆشتووە سەیری مانگ بکات
ئەگەر هەر پرسیەوە
بڵێن رشتووە بـۆ
سەر هەسارەیەکـی تر
ئەگەر
هەر بەردەوام بوو
لەپرسینم بچرپێنن بە گوێچکەیدا
بڵێن رۆشتـووە تا ئیتر نەگەڕێتەوە

“

”

یـەڵدا چیە؟
نـەمۆمێکە
نـەجگرە کێشانێک
نەئـازارە
نە تەنهـاییە
یەک نەهــاتن
تەواوی شەوەکانت بـۆ دەکات بەیەڵدا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
خوشکێکم هەیە
ژیــان نیە
بەڵام ژیان بێ بوونی ئەو دەمرێت
خوشکێکم هەیە
ژیــان نیە وەلێ مردیشمە
خوشکێکم هەیە
جوانی و میهرەبانی
بەژیان دەبەخشێت
خوشکێکم هەیە
هێندە بیری دەکەم
خۆم بیر نامێنێت
خوشکێکم هەیە
هێندە خۆشەویستە
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
وەختە تووشی نەخۆشی
هۆگر بوونم دەکات
خوشکێکم هەیە
زیدە قەشەنگ
وەلێ ناخی لە جوانێکەی جوانترە
خوشکەکەی من
لەهی کەستان ناچێت
ئەو تاکوو ئێستا
لەدڵەوە دڵ خۆش نەبوو
خوشکەکەی من
تا ئێستا یاری بەهەستی
هیچ بوونێک نەکردووە
هی من لەکەس ناچێت
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئەو جگە لەخۆی
کەسی نەدواندووە
خۆشکەکەی من
لە هی کەس ناچێت
جگە لەتەنهاییەکەی
کەس لەئامێزی نەکردووە
خووشکەکەی من
کچ نیە
ئافرەتە
من دەمەوێ
خوشکەکەی خۆم
بخەمە شووشەیەکەوە
لەناوەراستی شاردا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

هەڵی بواسـم
تاهەمووان چاویان ببرن لەو
تاهەمووان فێربن
فێربن مەردانە ئافرەت بن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ماندوو نەبیت ئەی دڵ
بەم هەموو خۆشەویستیەتەوە بۆی
چۆنە نەبــوویتە بـەئەو
ماندوو نەبیت دڵی ماندوو
بەم هەموو بیرکردنەوەتەوە
چۆنە ژیان لەبیری نەکردووی
ماندوو نەبیت ئەی دڵ
بەووتنەوەی بەماندوو نەبوونی من
هیچ ناگۆڕێت ئازارەکان نەبێت
کەزیاتر و زیاتر دەبـن
دووری ئەو نــەبێت
هیچ شتێک من نـاگۆڕێت

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

دووری ئەو زۆر شت دەگۆڕێت
زەردەخەنە بۆ فرمێسک
رووناکی بۆ تاریکی
دڵخۆشی بۆ بەدبەختی
هیوا بۆ نائومێدی
رۆشتن بۆ وەستان
بەردەوام بوون بۆ نەبوون
رووح بۆ دەرچوون
ژیان بۆ مردن
ئەی ئەگەر ئەو بمرێت
هیچ ناگۆڕێت هیچ
تەنها ژیان لەمنی کەم دەبێت

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ئای ئەگەر
ڕۆشتن.بەدەست من دەبوو
ئەوەی برۆشتابا دەمنێـژا
ئای گەر دڵ دەبینرا
تاکوو دڵەشکاوەکانمان دەبینی
بزانم چۆن هەلا هەلا بـوون
بریـا
مردۆکانمان دەبینی
هەستمان دەکرت
بزانم چەندە ئاسودەو خۆش بەختن
بریـا
تۆ ڕووەکێک دەبووی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

لەرەگ هەڵم دەهێنای تاکوو
بۆهیچ بوونێک جوان و دەرنەدەکەوتی
تاکوو باوەشی من
ئاوی سەوزبوونت بێت
بریـا
دڵت دەبوو
تاکوو هەستت
بەم دڵە لەت و پەتەم دەکرد
بریـا
خۆشت دەویستم و دەرۆشتم
تاکوو هەستت کردابا چەند سەختە
مەعشووقەکەت وێڵ و
لە ژیان کراوت بکات

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

دەزانی

بەتۆم دەووت ژیان

ئەوکات بەراستی ژیان بووی

وەلێ ئێستـا مردنی مـنی

دەزانم رۆژێک دێت

نەبوونت دەمگەیەنێت

بەناوەراستی مردن

مردنێک دەمرم هیچ بوونێک

هاوشێوەم نەمردبێت مردنێک

وەک ئەوەی نەبووبێتم هێندە بەتوندی

زەوی لەئامێز دەگرم و هاوار

هەڵدەستێنم دەڵێم

تۆ لەکوێ بووی ئەی

مـردنی لەدڵا جێگــر.ئەی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ئەو مـردنەی تەنها لەدڵمدا بووی
باشە تۆ تائێستا ئەوەندە
ئارەزووی مردنت
کردووە بۆی بگـریت.
لەکوێ بووی بمزانیبـا
ژیان ئەوەندە سەختە بێ ئەو
مردن هێندە ئاسودەکەرە
ئەوە ژیانم دەکوشت و
لەمردندا دەژیـــام
لەدڵا جێگـرم تۆ
دەڵێم بەڵێ تۆ
ناپرسی بۆ هێندە
مردنت خۆش دەوێت

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”
با من پێت بڵێم دەڵێت
کاتێک مرۆڤەکان
دەگەن بە دوونیایی ئەبەدی لەوێ
لەگەڵ ئەو کەسە دەبن
کە خۆشیان ویستووە
من دەزانم دەزانم
هێندەم خۆش ویستـووی
لەدونیا ئەبەدێکە هیچ ئەزیزێک
لەدەوورم نابێت جگە لەتـۆ
تۆ لەگەڵم دەبیت
لەو دونیـــا؟
وەڵامەکەی هەڵگرە
بۆ ئەوکات
دەزانی بۆ؟
“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

چونکە مرۆڤەکان دڵ گۆڕن بەیانی
پێت دەدەن و شەوەکەی دەبێت
بەدڵێکی شکا و یەک کۆمەڵ
ووشەی رووشێنەر و لەبیرنەکراو
پێیان بدەیتەوە ووشانێک
هەمووودەم بەیاد کەوتنەوەی
درزێک بخەنە دڵەوە تاکوو
ئەو درزە دەبێت بەشکاوی
بەڵێ تۆش
ئەهلـی ئەوانی...
لە دەرگای دڵم مەدەن
ژیان دەمێکە لێرە کۆتایی هاتووە
دەمێکە ژیان ئێرەی جێ هێشتووە

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بــەیەک
گەشتنەکان راستین
بەڵام بۆ هەندێکمان
خـەیاڵیش نـین
تـەنها و تەنهـا خەوونن
***********
بۆ ئەمرۆ بـژی
بەیانی موڵکی کەس نیە
رەنگە ئەمە کۆتا
سبەینێت بێت تێیدا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ئەگەر
ناتوانی دڵخۆشم بکەی
هۆگـرم مەکە
ئەگەر نـاتوانیت
خۆشت بوێم
باخۆشم نەوێیت
ئەگەر ناتوانی بۆم بژیت
با بـۆت نەمرم ئەگەر دەتوانیت
لەبیرم بکەی با بیرت نەکەم
ئەگەر دەتوانیت
کەسێکی ترت خۆش بوێت
با مـن هەمووانم
خۆش بوێت جگە لەتۆ

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ئەگەر دەزانیت دەرۆیت
ئێستا برۆ دوای نـا
مەخـابن
هەرچەندە ئازارم بدەی
زیـاتر دڵخۆش دەبـم
هەرچەندە خۆشت نەوێم
بەقەد خۆم و خۆت خۆشم دەوێی
هەرچەندە بـۆم نەژیت
من بـۆت دەمـرم
هەرچەندە خۆشت نەوێم
بەقەد هەمووان خۆشم دەوێی
جگە لەخۆت چونکە خۆتم
وەک تۆ خۆش دەوێت

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

وەک کەس نا

هەرچەندە برۆی

هەرچەندە دووربیت

من بەقەی ئەو

دووریەت خۆشم دەوێی

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ژیان چیە
بەیانیەک دڵ دەبەخشیت
شەوەکەی بەشکاوی پێت دەدەنەوە
ژیـان چیە
بەووشەی ئەزیزێک دەوەستێت
هەر بەوانیش بەردەوام دەبێتەوە
ژیـان چیە
هاتن و ڕۆشینێکە
ژیان چیە
کەوتۆتە نێوان
دڵ خۆشی و دڵ تەنگێوە
ژیان چیە
جگە لەهیچ هیچ نـیە

“

هەندێک پیاوەکان
هێندە بێ ئەخلاقن
دوای
خۆش نەویستن
ئیهمالــی
هەست پێ نەکردن
ئەشکەنجەدان
دڵ شکان
خیانەت
بەجێ هێشتن
دوای هەموو ئەمانە ئافرەتەکان
دەتوانن بەووشەیەکی شرین
روویەکی شرین دیسان دەتوانن

”

پیاوەکانیان خۆش بوێتەوە
ئەوان دیسـانەوە چەندیان جار
هەلێکی تر بە پیاوەکان دەدەنەوە
بەڵام پیاوەکان
لەسەرووی هەموو ئەمانەوە
بەسووتان و تێکدانی
زەویەوە نەوەستان
هەستان جوانی ژیانیان سـووتاند
جوانی ژیــان
واتا ئــافرەت
جێگەی هەق بوو
لەجێی جوانی
نـاوی ئافرەت بـهاتـابا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ژنەکان مەکوژن
با خۆر لە خۆر ئاوابوونەوە هەڵنەیات

ژنەکان مەکوژن
با پیاوەکان هەست بە وجوودی خۆیان بکەن

ژنەکان مەکوژن
باهەر چوار وەرزنەبێت بە پایز
لەجێی گەڵاکان پیاوەکان هەڵوەرێن

ژن ئیشقە
پەنجەرەکەت بکەرەوە
باتا ئەبەد هەناسەی ئیشق هەڵمژیت

# بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

کاتێک ژنەکان دەکوژن
پیاوەکان وەک
باڵندەیەکی لاڵیان لێ دێت
کاتێک دەیانەوێ بخوێنن ناتوانن
کاتێک پڕ دڵیان قسەیە کەسێک نابێت
گوێیان بۆ رادێنێ جگە لە تەنهایەکانیان

کاتێک ژنەکان دەکوژن
پیاوەکان ئیفلیج دەبن
ئیفلیجی جەستەی نــا دڵ

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ژنەکان مەکوژن
کەسێک نابێت خۆشتانی بوێت
گرنگی بات.لەئامێزتان
بگرێت.فرمێسکەکان
بسرێت.دەردت
هەبێت ببێت بەدرەرمان
ببێت بەژین و ژیان.
هەست بکەن کە ئێوەش
هەن هەست بکەن کە پیــاوون.

ژنەکان مەکوژن
ئەوان گەر خۆشتان نەوێ
خۆشتانیان دەوێیت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

"

بۆیانیش نەژین
بۆتان دەمــرن

ئـاگاداربن
تائەوکات بۆتان دەمرن
کەدڵیان  نەمــردووە

ژنەکان بەدزیوە ئاشقتان دەبن
دەگرین هاوار لەگریان گریانی نهێنی
کاتی بیرکردن و بێ دەسەڵاتی

هاوار لەحاڵی ژنەکان
کاتێک دڵیان دەشکێت
بەهۆی ژنێکی تـرەوە

"

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ژنەکان پڕن لەقسە
بەڵام بێدەنگن
هەندێکیان زۆربڵێن.هەندێ کات
قسەی بێ سەرووشوێن
دەکەنبەڵام ئەمانە قسانی دڵیان نین
تەنها خۆیان فری و دەدەن نایانەوێ
پیاوەکان بەزەییان پیاندا
بێتەوەئەوان دەیانەوێ پیاوەکان
خۆشیان بوێت وەک
خۆیانگوێیان بۆ رادێنن
وەک چۆن لەگەڵ دڵی خۆیاندا دەدوێن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

شەو هەیە
هەرگیز پیاو ناتوانێت تیپەڕێنێت
بەڵام ئەوان تێیان پەڕاندبەئازار.
فرمێسک.ئیهمالی.خۆش نەویستن
دڵێکی لەت و پەتەوە
شەوەکانیان تێدەپەڕێنن
ئەوان کاتێک شەودادێت
دەچنە سەرکاتی نووستن کاتێک روو
لەپیاوەکان وەردەگێرن دەگرین
هەندێ بۆژیانی بۆئەوەی هیچ کات
بیری نەدەکردووە ئەمە ژیانی
بێت کە ئێستا تێیدایەو رووی
وەرگێراوەو دەگەریت و
کەسێک نیە فرمێسکەکانی بسرێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

و ئەو ووشانە بچرپێنێت بە گوێچکەیدا
کە پێویستە.هەندێ بۆ رابردوویان
دەگرین بۆ ئەوەی لەگەڵ
ئەوکەسەنەبوون کەدەبوو ببن  لەگەڵ
ئەوەبوون کەقەدەر وویستی
نەک خۆیان زۆر سەختە لە تەنیشت
کەسێکەوە یت و گریان و
ناڵەت بۆ کەسێکی کەبێت و
ئەوکەسەش لێت نەگات و
وا هەست بکات ئاسوودەی بەوو
ژیانەو لەوویستی خۆتدابوو
لەپشت هەر ژنێکی بەزۆر بەشووکراو
چەندین هۆکار هەن کەپیاوەکان

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بەخیانەت و بێ وەفایی
لێکی دەدەنەوە.
هەندێ بیردەکەنەوە
بیرکردنەوە لەوەی کەسێک نیە وەک
خۆیان بۆیان بمرێت هیچ
کەسێک وەک خۆیان لێیان ناگات
کاتێک ئەم بیرانە دەکەنەوە
فرمێسک جێ خەویان تەر تەر دەکات
دڵیان هەلا هەلا دەبێت
هەناسەیان توند
دەبێت وەک بڵێی
لەکونێکی دەرزێوە
هەناسەبەن و هەڵی مژن
دەیانەوێ هاواربکەن

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بتلێنەوە بەڵام ناتوانن
ناچار لەناخەوە دەشکێن
دەرووخێن لاواز لاواز دەبن تاکوو
هێندە لاواز تا بێ ئاگادەمێنن.
دیسانەوە بێ ویستی خۆیان بەیانیەکی
تر بەرێ دەکەن و شەوەکان
دەگەرێنەوە.هەندێ بیردەکەنەوە
خەون دروست دەکەن
خەونێک کەبەخەونیش نایەنە دی
ئەوان بەکۆمەڵێک هیواو ئاوات
و فرمێسکەوە خەو دەیان باتەوە
بەئومێدی ئاواتەکانیانەوە بە خەبەربێنەوە
ژنەکان شەوەکان ناژین تەنها هەن.

“

”

ژنەکان
لە دوای توڕەبوون هەزار جار
ئاشتت ئەکاتەوە تەنها بۆ ئەوەی
لە دەستت نەدات، هەندێکجاریش
ئەوەندە دلی دەشکێنیت
و بێ هەستی دەنوێنی
کەهەست بەژیان ناکات لەدوای
ماوەیەک بە فرمێسک و
دەستێکی لەرزۆکەوە نامەیەکت
بۆ ئەنێرێت و پێت ئەڵێ "بێ تۆ هیچ نیم
هیچ"ئەوە قسەیەکە کە ژنەکان دەیکەن.
هەندێکجاریش بەس بۆ ئەوەی
ئاشتت بکاتەوە هەرچەندە

“

”

تۆش دڵت شکاندبێت .ئەو ئامادەیە
تەواوی بوونی خۆی بکاتە نامەیەکەوە
بۆتی بنێرێت تۆی پیاویش
زۆر بێ دڵانە بێ ویژدانانە چەند
جارێک بەڕێی ئەکەیت لەدڵت
دەتەوێ دەری بکەی بەڵام ئەو
ناڕوات لەبەر دەرکی
خۆت و دڵتدا دەکەوێت تا
نەڕوات.وەلێ ئیتر بۆ
کۆتا جار کەرۆشت ئیدی
هیچ شتێک نای
گەڕێنێتەوە سەر هەمان ژن
هیچ گەرچی هەموو

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

بوون بۆی بکەونە سەرچۆک
گەرانەوەی مەحاڵە.
ئەوان ئیدی لەژیاندا بێ
هەست و بێ دڵ
دەردەکەون و دەێن و دەچن.

ژنەکان
وەک پیاوەکان نین
کاتێک دڵیان بشکێت و بێدەنگ بن
ئەوان کاتێک دڵیان دەشکێت دەیانەوێ
هاواربکەن قسەبکەن
لەگەڵ هەموو دوونیادا

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

”

ژنەکان پێدەکەنن
بەڵام دڵ تەنگن

هەندێ دەگرین
بەڵام دڵ خۆشن

جیاوازی دڵ تەنگی
ئەم و دڵخۆشی ئەو
پیاوەکانیانن

“

”

ژنەکان مەکوژن
تەنها ترسی ئەوان
لەوەیە دوای ئێوە بێ کەس بمێننەوە
ترسی ئەوان لە خیانەت.
گرنگی نەدانی ئێوەدایە

ژنەکان مەکوژن
ئەوان بەرانبەر ئێوە
هیچ هەڵبژاردەیەکیان نیە
جگە لەوەی ئێوەیان خۆش بوێت
گەرچی ئێوە ئەوانتان خۆش نەوێت

“

## بەشێک لە وتەکانی ئارام ئازاد

ژنەکان مەکوژن
ئەوان خۆیان لەپێناوتاندا دەمرن

ئاگاداربن
دڵیان مەشکێنن
گەر دڵیان بشکێت
ئەوا هەموو دەرگاکان
بەرووتاندا دادەخەن

دڵی ژنەکان مەشکێنن
ئەوان کاتێک دڵیان دەشکێت
تادەمێنن خەریکی پینە کردنی
دڵیـــــان دەبن

خۆزگە
ژیانیش هێندەی خەمەکانمان
خۆشدەبوو

# نامەکان

نامەیەک بۆ باوکم :

## سـەلام بـاوکە گیـان

دیسـانەوە واجـەژنە دووبـارە چـاوەڕێی گەرانەوەتم

دەشـزانم ناگەڕێیتەوە بەڵام  هەر چاوەروانم.

بـاوکە

دەزانی چاوەروانی وەکـ دەریـا وایـە رۆژ

لەدوای رۆژ بەنەهاتنی باران ووشکـ دەکات

چاوەرێتم باوکە

وەڕە تەنها ئەمشەو لەباوەشم بنوو

ئیدی دووبارە بگەرێرەوە بۆلای خودا!

ئیـلاهی

تەنها ئەمشەو رووحی من و باوکم

بەیەکـ بگەیەنە تەنها ئەمشەو!

## نـامەیەکـ
## لە شوێنێکی هــەرە دوورەوە بـۆتۆ

سەلام گروتینی ژیـانم دادەی مــن

بـاشی ؟
دەزانـم کە ئێستـا دەڵێیت باشـم لەکاتێکدا کە غەمگینی..
من درۆنـادەم بـەرووتا باش نیم هیچ باش نیم
دڵـم ئازار دەچێژێت کاتێکـ لەکەسە ئازیزەکانی دووردەکەوێتەوە..
بەڵام غەمگین مەبە من هەمیشـە
هیوام باشیتە هەرچەندە
هیواکانی من تـۆ باشـ ناکەنـ بەڵام
لەم دوورە رێگایەوە هیچم
بۆ ناکرێ بۆ خۆشبەخت بوونتـ
تەنها دەتوانم لەناخی دڵەوە هیوات
بۆ بخوازم و هەوڵی باش بوونت بدەم.
دەزانم هەمیشە دڵـ پڕ و غەمگینی
بەڵام واخۆت دەرناخەی

من دیوی جوڵانەوەکانت دەبینم دیـوی ووشەکانت
دەبینم کەدەڵێی
باشم دیـوی پێکەنینەکانتـ دەزانی سەختە مرۆڤ
هەمیشە درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات بڵێی باشـم زۆر
بەناچاری خەندە بخاتە سەر لێوەکانی..
ئەزیزی من ئەوەی لێم تێدەگات تۆی و ئەوەی لێت تێدەگات
منم کەوایەهیچ کات باژیان ماندووت نەکات
لەخـۆی چونکە ماندوو بینینی ئەو روخسارە ئەفسوناویەو
ئەو ناخە میهرەبانیـە بۆمن مردنێکـە.
من هەمیشە تکا کـارم لەخودا هەمیشە تـۆم بۆ بهێڵـێ
چونکـە تۆ نموونەی مرۆڤایەتیتـ هەمیشە لەدڵی خۆمدا
خۆزگەیەکـ دەخوازم دەڵێم بـریا زووترێکـ دادەم دەنـاسی
جوانتر بڵێـم هەر لەمنداڵیەوە لەگەڵم بـای
خۆزگەم دەخواسـت  هەر لەووکاتەی لەمنداڵیدا
سەرم دەشکا بەبەردەکان بەدەستی تـۆ بایـە.
بەڵام تـا تۆ هاتی هەزار جـار دڵ شکا لەجێی سـەر.
دەدەی مــن
من هیچ کات دەستـ بەرداری خۆشەویستی تـۆ نابم گەر هەموو
کـەونـ دەست بەردارت بێت لەبەر هەڵەیەکـ
یان هەرشتێکـ ئەوە دەستی من هەمیشە ئامادەیە.

گەر پشتیان تێکردی پشتی من هەیە هەمووکات
هەموو کات وەک قەلغان دەبم بۆت..
هیچ کات وابیر نەکەیتەوە تەنهای زۆرێک
هەن لەدەورت ئەو زۆرەش تەنها هاوڕێنەکەتە..
گەر تەنهایت ئاواش پڕ نەبووەوە
هەر هەستت بەتەنهای کرد من
لێرەم لەترپەکانی دڵت لێت نزیکترم.دادەم
من ئامادەم ئامادەم گوێ لەسکاڵاکانت بگرم
بۆ ئەوەی بێزاربم بەڵکە دڵ
خۆش دەبم وە
لێ مرۆڤ هیچ کات بێزار نابێت لەخۆشەویسترینی.
هەرچی بکەم و بڵێم ناتوانم ووشانێک پێک
بێنم باس لەخۆشەویستی خۆمت بۆبکەم
گەر هەرچی ووشەی ناو دڵەکان و سەر زارەکان بدزم
وهەمووان بەلالَی بمێننەوە ناتوانم باس لە
خۆشەویستیت و گەورەیت و میهرەبانیت و بەهێزیت و
ئیرادەیت وناخە ئەفسوناویەکانت بکەم..
هەمیشە بەرۆشتنەکانت غەمگینی دام دەگرێت تا دەگەڕێیتەوە
.تانەگەڕێیتەوە خۆشیەکان بەدڵم ناگەنەوە

غەریبیت دەکەم

نـامەیەک
لەدڵ شووشەوە بۆ فریشتەکەی مامی

سڵاو
خۆری تەمەنم.خۆشبەختی من.
بچووکۆلە لەدڵا گەورەکەم واساڵێک
بەسەر بوونت و ساڵێک بەسەر دڵخۆشی مندا تێپەڕی
بەهاتنە ژیانەوەی تۆ بەدروست بوونت.بوونی تۆ شتێکی
کەم نەبوو خودا پێی بەخشین ئەی لەدڵا گەورەکەی من
تۆ هەرچەندە بچووک بیت بەڵام کاتێک دەتبینم
دلخۆشیەکی گەورە بە دڵم دەبەخشیت ئەی جوانتر لەژیان.
نازانم بۆ هێندەی ئەشقێک لەدڵمدا گەورەی
نازانم بۆ هەرگیز
خۆشەویستم بۆت کەم ناکات وەک ئاشقێک
بۆ مەعشوقەکەی
بەبینینت زیاد دەبێت و بەدورركەوتنەوەو بیەکردنت زیاتر..
خۆری تەمــەنم
ئەو بایانانەی کەبەدەنگی تۆ بەئاگادێمەوە
ڕۆژێکی نوێیە بـۆم جیاوازتر لەهەموو ڕۆژەکانی تر نازانم
شتێک بەژیان دەبەخشیت نازانم جوانیە یـان چێژی

پێدەدەی کەهەموو بوونێک توانای ئەمەی تێدانیە..
ئەو شەوانەی کەلەگەڵ تۆ تەواو دەکەم
تەواو نابێت چونکە خۆشێکانی هەمیشە
لەیاد و دڵمدایە خنجیلانەی مـــامی ...
هیواخوازم گەورەیت ببینم
بتوانم بەخۆشەویستیم خزمەتێکی
بچووک بدەم بەرووتدا دڵخۆشت
کەم وەک چۆن لەم تەمەنەدا
منت گەیاندوە بەم خۆشبەختیە....
پاکترینی ناو ئەم پیسـانە
هیواخوازم کە گەورەبووی
دەستی مرۆڤەکان پێت نەگات
چونکە مرۆڤەکان هیچ کات نرخی ئەوشتانە
نازانن کەهەیانە یان
دەیشکێنن یان پیسی دەکەن یان جێی
دەهێڵــــن ئەوان ئەوکاتە
نرخی شتەکان دەزانن کەلەدەستی دەدەن بەڵام
گەر رۆژێک لەدەستیان دای با بۆ ئەبەدی بێت
با دیسـان نەگەڕیتەوە ژێر هەمان دەست و
هەمان دڵ و هەمان ئازار چونکە دەرۆنەوە..

مرۆڤەکان ئەهلی مانەوە نین ئەوان
بۆشایی ژیانی خۆیانت پێ پڕدەکەنەوە...
شرینی مـامی
مرۆڤەکان هەمیشەلەدورەوە جوان بوون
ئەوان لەنزیکەوە جوانیان لەدەست دەدەن
هەرچەندە نزیکتربیت لێیان ناشرینتر دەبن
چەند لێیان نزیک بیتەوە دیووە ناشرینەکانیانت بۆ دەردەکەوێت...
هەرچەندە خۆشت
بوێن ئەوان لێت دووردەکەونەوە
هەرچەند چاکە بدەی بەروویاندا
کەیەکجـار نەتکرد یان هەڵەیەکت کرد
دەتسرنەوە بـۆ ئەبەدی.
ئانیـایی مـن
هەمیشە مرۆڤێک بە دەستت بەشکانی هیچ شتێک نەگات
گرنگترینیـان دڵی مرۆڤەکان باڵی پەپوولەیەک بشکێنەو لەفرینی
بخە بێچۆکان لەدایکیان دوورخەرەوە و بیانخە ناوەراستی دەریاوە
باڵی دایکیشی بشکێنەو بالەم سەری دەریاوە سەیری
بێچۆکەی بکات چۆن لەئاو مردن دەچێت و نووقـم دەبـێت
بەڵام هەرگیز دڵی مرۆڤێک مەشکێنەو
لەدونیـای مەکە مرۆڤ کەدڵ شکاو بـوو

ئیدی بــاسی ژیان و دڵخۆشی بۆ مـەکە..
مرۆڤێکبە شکانی قاچی مرۆیەک دڵت بێنێتە لەرز تاکوو
دەستت بەشکانی دڵەکان نەگات مرۆڤ هەمیشە
لەبچووکەوە دەست پێدەکات گەر شکانی قاچی
مرۆیەک ئازاری نەدای دەستت بەدڵی
مرۆڤەکانیش دەگات هیچ کاتیش دڵ
خۆشی خۆت بەهیچ کەسێک مەبەستەرەوە
ئەوان رێگە گەلێک بەکار دەهێنن بۆ دڵخۆشی خۆیان ئەوان ....
خۆشبەختی من گوێم بۆ رادێنە
مرۆڤەکانت وەک خۆی خۆشبوێت زیاتر لەخۆیان پێ مەبەخشە
چونکە گوڵەکان کاتێک تێر دەبن دەخنکێن
مرۆڤەکانیش کاتێک تێربوون دەڕۆن..
هیچ کات مرۆڤەکان زیادلەخۆیان بەرزمەکەرەوە چونکە رۆژێک
دێت هێندە بەرزت کردونەتەوە خۆشت دەستت پێیان ناگات
ئەوان هەرچەند بەرز ببنەوە تۆ بەبچووکی دێننە بەرچاوی خۆیان
مرۆڤەکانت خۆش بوێت بێ هیچ هۆکارێک خۆشت نەوێن لەبەر
ئەوەی دەوڵەمەندن خۆشت نەوێن لەبەر جەستەیان لەبەر لارو
لەنجەیان لەبەر ئەوەخۆشت نەوێن لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی
ڕوخسارێکی رووخسار جوانن مرۆڤە ناخ جوانەکانت بوێت ....
جوانی تاسار بۆهیچ ئینسانێک نامێنێتەوە رۆژێک دێت لەکۆتایدا
هەر دڵەکان و ناخەکانیان دەمێننەوە جوانی رووخسار مانایەکی

نامێنێ بەپێی مرووری زەمەن رووخسارەکان لۆچ هەڵدەگەرێن
بەڵام ناخەکان هەر بەجوانی دەمێننەوە رووخسار جوانی
خۆراکی کـاتە هەزار رووخسـار
یەک جوانی ناخ ناهێنێت بـەبێ ماسک

ئەوانەت خۆش نەوێ
درۆ دەکـەن تا جوان بن لێرە مرۆڤ هەمووشتێک
دەکات تا دیووە ناشرین و تاریکەکەی بشارێتەوە
ئانیـایی من
دەزانی کێت خۆش بوێ
ئەوانـەت خـۆشبوێ
کـە ووتی دێـم بەیەکجاری بێت کەوتی من هەم بەهەموو
واتایەک هەبێت ئەوانەت خۆشبوێ لەکاتی سەرمای زستاندا تەنها
خەمی خۆی نەبێت. زیاتر لەنەخۆش بوونی خۆی هی تۆی
بێت ئەوانەت خۆش بوێت لەکاتی پیاسەکردن بەناو
شار و کوچەو کۆڵانەکاندا چاکەتەکەی دادەنێت و دەیدات
بەسەر شانتدا.ئەوانەت خۆش بوێت لەکاتی باران باریدا چەترەکەی
زیاتر لەخۆی بۆتۆیە.ئەمانە شتانی ئاساین بەڵام نیشانەی
خۆشەویستین.ئەوانەت خۆش بوێت تەنها بۆخۆی و خۆی نەبێت.
ئەوانەت خۆشبوێ کە دڵت تەنگ بوو جێت نەهێڵێ کەدڵ تەنگ
بووی هاو دڵت بێت هاوتەنگیت بێت کاتێک فرمێسک لەچاوانتدایە

پێش ئەوەی بێتە سەر ڕوومەتت بۆت بسرێت و
بڵێت من لەگەڵتدام
لەهەموو توند و چەڵەمەکانی ژیاندا کەسانێکت خۆش بوێت
کاتێک ئازار یان خەمت هەبوو زیاتر
لەخۆت ئازار و خەم بخۆن زیاتر لەخۆت
ئــاهـ هەڵکێشن
کەسانێکت خۆش بوێت کاتێک تەنانەت
ئەگەرپێشی بڵێی دەمەوێ تەنهابم
ئەو بەجێت نەهێڵێ شان بەشانت ئـــاهـ هەڵبکێشێ"
ئەوانەت خۆش بوێت
کاتێک هاتە بەردەرگات بینی لەسەر دەرگای
ژوورەکەت نووسیــووە نامەوێ کەس ببینم و
هیچ کەسێک خۆشی بوێم دەمەوێ تەنها بــم..
بەڵام ئەو نکۆڵی لێبکات تابەرەبەیان لەدەرگابات
ودانیشێت تا دەکرێتەوە ئەوانەت خۆش بوێت
کەئەو دیوار و بەربەستە دەبرێت بۆگەشتن بەتۆ
بۆ ئەوەی هاو دڵ تەنگی و هاو فرمێسکت بێت
ئەوانەت خۆش بوێت کە هاو مەرگتن..
هیچ کاتیش کەسێکت لەخۆت خۆشترنەوێت
چونکە دیســانەوە مرۆڤەکان وەک خۆت لەگەڵت نامێننەوەو وەک
خۆت لێت تێ ناگەن و وەک خۆت خۆشیــان ناوێیت
کاتێک دڵت تەنگ دەبێت وەک خۆت ئازار نــاچێژن.....

ئەزیزیتـر لەئەزیزم
لەژیاندا ئاشقی بەندەکان مەبە
بەجۆرێک پەروەردگارت لەیاد بکەی
بەجۆرێک ئاشقی خودابە
بەندەکانــی لەیاد بکەی
چونکە خودا دەمێنێتەوە
وەلێ بەندەکان هەمیشە لەسەر رۆشتنن.
پەروەردگارت هەرچەند هەڵەبکەی
یەک داوەی بەخشین دەتبەخشێت
بەڵام بەندەکانی هەرچەندە چاکەبدە بەروویاندا
بەیەک هەڵە بۆ ئەبەدی دەتسرنــەوە..
بەندەکان دڵ بەر و دڵ شکێنن ئەوان
دڵ دەبەن و شەوەکەی بەشکاوی پێت دەدەنەوە.
تەمەنی مــن
ناڵێم هیچ مرۆڤێکت خۆش نەوێت
گەر رۆژێک کەسێکت خۆش ویست
هەموو دڵتی پێ مەدە
پارچەیەکی هەڵگرە بۆ ئەوکاتەی
کەتەنها خۆت و خۆت دەمێننەوە
لەسوچێکی ژیــاندا دانیشــەو
ئەو پارچەیەی دڵت لەوەباش

بگرەو مەهێڵەکەس دەستی پێبـگات

## نامەیەک کـەهیچ کات ناگات!

زۆر دڵـ پـڕم
زۆر دووڵم لە نووسینی ئەم نـامەیە نازانم تەواوی دەکەم یان
نـا دەگات یاخود هەروا وەکـ ئەوەی هیچم
نەنووسیبێت وەکـ ئەوانی تر دەمێنێتەوە!
دوودڵم بـە ڕادەیەک دوودڵم، دەستەکانم ئەلەرەزنـ دڵـم هـاتۆتە
لـەرزین هەروەکـ وەک ئاسمان لەکاتی باران بارینداا لـەناکاو
دەست دەگات بـە گرمە گرم  وەکـ ئەوەی ساتەکانی کۆتالێدانی
بێت هێندە شڵەژاوم تـرپەی دڵم وەک تەپڵی هەڵایسانی جەنگـ
لە قەفەزی سنگمدا دەنگ ئەداتەوە.شڵەژاووم وەکـ جەنگاوەرەکانی
بەرەی جەنگ کە روحیان بەستۆتەوە بەکۆتافیشەکەوە هەر
دێڕێک ئەنووسمەوە دەجار دەیخوێنمەوە و پاشان دەیسڕمەوە
و جارێکی تر دەینووسمەوە دیسانەوە دەیسرمەوە ئاخر ئەوانەی
دەینووسم ووشانی دڵمن کە دەیخوێنمە هەست دەکەم پێناسەی
هەستەکانم ناکەن بۆیە دەستم تێناچێت درێژەی پێ بەم ناچار
دەبێت بەچاوێکی پڕ فرمێسکەوە ووشانی دڵم بسرمەوە
بەکاتتکی دژوار و سامناکا تێدەپەڕی کاتێکـ دەتەوێ ئەوەی
لەدڵتدایە بیکەی بەووشە لەوە سەختر ئەوەیە کاتێکـ
دووبارە دەیخوێنیتەوە یەشتائەوەت نەنووسیوە
کەدەتەوێ بیگەیەنی.

ئەوەنیەکەدەتەوێ بیڵێی.ئەوەنیەکەلەدڵتدایە.
ئەوەنیەکەپێناسەی ئازارەکانت بکات.
ئەوەنیە کەهەستی
پێدەکەی.یاخود ئەو کەسەشایەنی ئەوەنیە ووشەکانتی بۆ دەربڕی
یاخود کەسێک نیە لەووشەکانت بگات بۆیە ناچار چاوەکانت
فرمێسک گەلێکیان پێدا دێتەخوار و دەبێت ووشە بەووشە هەموو
دیسانەوە بسریتەوە ئێستاش دڵنیانیم کە ئەم نامەیە تەواوئەکەم
یان وەک ئەوانی دی ئەمیش دەسڕمەوە.. ئاخر سەختە
تێبگەیت ئەوەی دەینووسیت هەرگیزئە وەنیەکە هەستی پێ
ئەکەیت ئەوەنیەکەدەتەوێ بیڵێی من هیچ کات نەمتوانیوە ئەوەبڵێم
کەهەستی پێدەکەم لەوە سەختتر ئەوەیە تۆ بە هەموو تونێتیەوە
بۆ کەسێک بنووسیت و دواتر تێبگەی کە (ئەو) ئاوەزی
خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕەی تۆی نیە ئارەزوی نیەلەگەڵت بدوێ!

مەرگ چیە؟ مەگەر هەر ئەوەنیە تۆ بە هەموو هەستتەوە لە
کەسێک بپرسیت و (ئەویش) خوێنساردانە پێت بڵێ : لێم مەپرسە
یان بەووشانێکی سارد دەتتەزێنێت مرۆڤ هەیە
بەرووی ساردی نەخۆشت دەخات هێندە ساردە!
مـــرۆڤ
نـەدەزانێ هەسـت چیە
نـەدەزانێ دڵ چیە
نـەهەستی تێگەشتنی هەیە!
تـەنها خۆی و خۆی بەلاوە گرنگە!

بـریـا خـودا تـەنها ئەو مرۆڤانەی بخولقاندایە
بـزانم ئـەو کات ژیـان چۆن دەگوزەرا!

ئـەو پەیامەی کـەهیچ کات ناگات

## نامەیەک بۆ خودا

سڵاو خودا منم
کورەدل شووشەکە
ئەی خودا دڵم برێک جار شکاوە زۆر دڵ پڕم
لەدەربرینی ئەم ووشانە بۆت تکاکارم لێت ئاسودەم کە
خودا من کورەمیهرەبانەکەی جاران نیم نازانم
شێواو نائومێد یەک دونیا ئازار غەمگین شکاو سینە پر
شووشە نازانم دەنگی شووشەکان
بێزاریان کردووم خر خر خر خر چۆن
دەرۆم بەرێگادا دەنگم لێوە دێت ژیان وەک تەنگەی لێکردووم.
وەرنە
بمتەکێنن وەرنە یەکیک دەستەکانم بگرێت یەکێکی
کە پێیەکانم تاچەند دەتوانن بمتەکێنن بمدەنە بەدار
و دیواردا داروو دیوارم
پیادەنە بزانم جیم لێ دەتەکێت نەتۆزە نەپیسی نانا
تورەی.رق.نائومێد.درندەی.
هەندێ جار دەدەم لەپرمەی گریان بەسەر دڵمەوە
هەندێ جاریش دەستێک دەێنم بەسەریداو
دەڵێم هیچ شتێک و کەسێک بۆتۆنیە غەمگین
مەبە مردن لەم نزیکانەیە

دڵ دەڵێت: مردن بەمن چی ئەوکاتەی دەمەوێت نایـات
هەندێ جار دڵم دەکەوێتە سەر ئەژنۆ بۆ روحم دەڵێت:
ئـەی تکایە دەرچۆ لێرەم کە
لەئازار و لێدانم خـە نەخۆت ماندوو بکە نەمـن
بەڵام خۆم لەژورێکی مات و تاریکدا
بۆ دڵم هەندێک جاردەبم بەدایکێکی
میهرەبان دەست دەهێنم بە سەری و پێی دەڵێم :
غەم مەخۆ ئەوەش بەسەر دەچێت بەلام دلنیاشم
تامنێک تێنەپەرم لەژین هیچ کات
غەمەکان تێناپەرن لەمندا بەڵام دەبێت والەدڵ بکەم لێبات.
من
بۆدڵم هەندێک جاردەبم بەپیرە پاوێک و
بەتوڕەبوونەوە دەڵێم بەسە ئیتر گەورە بوویت
تاکەی ئاوا دەگوزەرێی و
خۆ منداڵ نیت هێندە دوای شتە بێ ماناکانی ژیان
مەکەوە گەورە بەئیدی هیچ شیاوی ئەم ئازار
و فرمێسکانەی تۆ نین نەژیان
و نە بەناوەمرۆڤەکان ئەوەی شیاوی تۆبێت نەی
دەگەیاندی بەئێستا ئەوەی شیاوی تۆبێت دڵی
نەدەهات ئازارت باتۆ رابرووش
بخەژێرپێیەکانت تابڵند تربیت و داهاتووی پێ ببینی.

هەندێک جاریش دەبم بە هاوڕێیەکی باش
دەستی دەگرم و دەیبەم دوور دوور دەیبەم
دورتر لەزەوی بۆ ئاسمان
هەرچی بێت تەنها دووری خەمەوە بەجۆرێک دوری
دەخەمەوە هەست بەژیان نەکات دەیبەم بۆ ناو
باغ و کەنار دەریا دڵم زۆر بێزار
و ماندووە بە دەستمەوە دەستی دەگرم دەستم بەردەدات
رادەکات دەکەوێتە سەر ئەژنۆ دەگریەت وەک
وەک منداڵ دەبێت بیگرمە باوەش یان پەلکێشی کەم
بەدوای خۆمدا دڵم
ماندووە بەدەسمەوە وێرانــە
نازانم دەبێت چۆن ئاشتی کەمەوە لەگەڵ ژیان .
دەیبەمە شوێنێکی دوور
بەڵام هەست دەکەم نزیک دەبمەوە لەخودا
دەکەومە گۆ لەگەڵ خودا
دەڵێم:
هاتوم بدوێم لەگەڵت گوێم بۆ
رادێنی رێگەیەکی دوور دوورم بریوە
خۆت وتت ئەها کاتێک دەمدا لەپرمەی گریان پێت
دەووتم من نزیکم تەنها نیت ئێستا
من ئەو رێگایەم بـری بۆلای تۆ ئەهـا دەتووت

هەرکات و هەر چرکە ساتێک
توانیت
قسەی بکەی من لێرەم
دەساهیچ کەسێک کاتی بۆمنێک نیەلەگەڵی بدوێم
دەردە دڵی بۆبکەم
کەسێک نیە ببێت بەدەرمان بۆم ئەی خودا
من حاڵێکم باش نیە ئێستا
خودایە
دیسانەوە هاتووم بڵێم
دڵم دڵم دڵم دڵم دەمکوژێت
وەک منداڵ مناڵێک دڵی
پڕە لە فرمێسک ئاوا ئاوا قسەلەگەڵ خودا دەکەم
فرمێسک چاوانی کز کردووم
خودا خۆزگە فرمێسکێک دەبووم
چۆن ئاوا بەئاسانی دێتە خوار و دەچێت بەناخی زەویدا
ئاوا بتبردمایە بەناخی زەویدا
خۆزگە ئەومنداڵە دەبووم
کەهەر لەرەحمی دایکیدا دەمرێت و ژیان نابینێت
خودام تکادەکەم بەمرۆڤەکاندا بچۆرەوە.
هێندەباشەکان مەبەرەوە خراپەکان ببە بەناوی زەویدا.
بـائەم دێرانەش تەنها لەنێوانی من و تۆدا بێت

خودام بائەم دیمەنی کەوتنە سەر ئەژنۆیەشـ هەر
نێوانی خۆمان بێت بـا ئەم
فرمێسکانەش هەر نێوانی خۆمان بێت ئەی خودا
دەستم بگــره
بمگەرێنەوە حزووری خۆت شت گەلێک هەن پێویستە بڵێم..
چاوەرێتم تکا بمبەرەوە حزورتـ!!

## نامەیەک بۆ گریتینی ژیــانم

سڵاو

سڵاو شرینترینی دڵم.شازادەی بێ نــازم
دەزانم ئێستا غەمگینی و ئازارەکان باڵیان
بەسەر دڵدا گردوە دەزانم خوێنی دڵ شکانەکانت
گەرووی گردووی ژیانی تەنگ و تاریک کردوی هەستت
پێدەکەم ژیان خراپ
ماندووی کردووی هەموو دەم بەدەست دڵتەوە
دەتلێیتەوە دەزانم سینەت وەک تەنەگەی لێ هاتوە پڕە
لەوردە دڵ لەگەڵ هەر
هەنگاوێکدا غڕە غڕ میشکی بردوی غڕەی
دڵت نایەڵێت ئاسودەبیت.ئەوەی تۆ دەیچێژی
من دوو ئەوەندە هەستی
پێدەکەم لێرەوە دەسوتێـم تۆ زیاتر لەمیهرەبانێکی.
پاکترینی ناو ئەم پیسـانە غەمگین
مەبە ژیان تێدەپەرێت بەخراپی و باشێکانێـوە
رۆژێک دێت هێندە دڵ خۆش
دەبیت دەدەی لەشەقەی باڵ رەنگە دڵ خۆشێکانت باڵت بۆ
دروست بکەن مرۆڤ دەتوانێت بەدڵ
بفرێت دڵخۆشێکان باڵ بەدڵ دەدەن گەر
بەخەیاڵیش بێت دەیفرێنێت.

دڵ شکانەکانیش نەک باڵەکانت دەشکێنن
خەیاڵ و خۆشیێکانت دەشکێنن
گوێم بۆ رادێنە مرۆڤ کەدڵ شکاو بوو
هیچ شتێک دڵ خۆشی ناکات
تەنها دەتوانێت خەندەیەک
وەک ماسکێک بەکاربێنێت بۆ رەمزی من بـاشـم
سەیرێکی من بکە من دەبینی وایە
دەهەستیشم پێ بکە چەندە خۆشم دەوێی
چەندە لەدڵمەوە نزیکـی هیچ کات نەکەی
لەمردن نزیک بیتەوە ئەسڵەن نەکەی
مەرگ بە بیرتدا بهێنیت ئەوەی منی لێرە هێشتۆتەوە هەبوونتە.
وەک من بە ئەها من هەستت پێدەکەم
ئەوەی تۆی بەژیان بەستۆتەوەو بۆخاتریان
دڵ خۆش دەبیت بووکە شووشەکەتەدڵخۆشی
ماڵەکەت کە کچە نازدارەکەتە
لەگەڵ منێکدا بە تەواوی زەویت ناگۆرمەوە بە زیندوو
مردوو ئەی جوانتر لەنیشتمان
من هەمیشە خۆراگری و میهرەبانیت لێوە فێردەبم
تۆ چیایەکی زیدە بڵندی بۆمـن.دەزانم
هێندە رەنجـاوی و شکاوی لەگەڵ هەر هەنگاوێکتدا
بەناو ئەم جەنجاڵی ژیانەدا پارچەیەک
لەدڵتدا پێتدا دەچەقێت و شەوانە فرمێسکت لێ دەتکێت.

دەزانــم دڵ کە لەخۆشەویسترین کەست شکا
ئیدی هەم دڵ و هەم خۆت سەر گەردان دەبن
نازانی رووبکەیتە کوێ نازانی سەربکەی بەکام
کوچەدا نازانی سەر بکەی بەدڵی کێدا
نازانی ئازارەکانت بۆکێ دەربری ناچار
سەر دەخەیتە کۆشی خۆت
هەردوو ئەژنۆکانت وەک منداڵ لەباوەش دەگریت
و دەدەی لەپرمەی گریان هەنسکەکانت
دەگات بە عەرشی خودا
کەچی کەسێک نیە لێرە هەستت پێبکات کچە نازدارەکەت
بەدەنگی هەنسکەکانت
لایەک دەکاتەوەو دێتە لات و سەرت بەرز دەکاتەوە
تۆش بەچاوێکی خوێناوی و چاوێکی پڕ
فرمێسکەوە پێدەکەنی بەروویدا و لەباوەشی
دەکەی وەک ئەوەی باوەشت
بەمردندا کردبێت هێندە ئاسودە دەبیت دڵەغەمبارەکەم هیچ
کەسێک وەک مردوویەک دڵ خۆش نیە مردن کۆتای
بەهەموو ئازارەکان دەهێنێت ئەها نابینی
هەندێک لەمرۆڤەکان بە خەندەیەکەوە ژیان بەجێ دەهێڵن
وەک بڵێی ژیان جەهەنم بێت هەرچەندە لێکمان کرد
بەجەهەنــم دەزانم شەوانیش کاتێک رووناکێکان

دەکوژێنیتەوەو دەچیتە ناو تاریکایی ژوورەکەتەوە
سەر دەخەیتە سەر
سەرینەکەو پشت لەهەموو شتێک دەکەیت و دەگریت تابەرەبەیان
هیچ شتێک و هیچ کەسێک نیە
فرمێسکەکانت رابگرێت ناچار چرکە بەچرکە دڵ
شکانی خۆت بیردێتە دەگریت بەسەر
شکانەکانتدا مرۆڤ هیچ کات دڵ شکانی خۆی بیرناچێتەوە تەنها
تیماری دەکات دەنا شوێنی برینەکان
هەر دەمێنێت شەوانە هەموو برینەکان بەفرمێسک بەسەر دەکاتەوە.
ژیان بەم هەموو سەختیەوە هەر
تێدەپەرێت
شرینم تێدەگەی چی دەڵێم تێدەپەرێ
واتا رۆژێک هەر دەمـرین.یەک شت تکایە بەدڵ
گوێم بۆرادێنە هیچ کات نەکەی بمریت ئەوەی من
دەکوژێت بیرکردنەوەیە لەمەرگـت ئەوەی من
دەبەستێتەوە بەم تاریکی
و جەنجاڵەی ژیانەوە تۆی ئەی جوانتر لەژیان ئەی نیشتمانی دڵــم
تۆ بمێنەوە لە ژیان ئەوەی ژیان جوان دەکات تۆی
ئەوەی ناشرینی دەکـات بێ تۆیـە هیچ کەسێک
وەک من هەست بەدیوەکەی تری تۆ
نـاکات من دەزانم تۆچیت چ مەزنێکیت
لەناو خۆتدا حەشارداوە تۆ یەک پارچە

جوانیت تۆ فریشتەی یان فریشتە تـۆیە گەر هەمووان وەک من
هەستت پێبکەن دەتخەنە ناو شووشەوەو لەناوەراستی
شاردا هەڵت دەواسن تا هەمووان لێت فێربن و
ژیان جوان و جوانتر بێت.
بمێنەوە تا بەردەوام بــم لێرە بمێنەرەوە
با بتوانین بـــژین

# نامەیەک بۆ هاوڕێکەم

سڵاو هاورێ رووح سووکەکەم

هیوادارم کە ئەم نامەیە دەخوێنیتەوە لەو پەڕی
دڵ خۆشیدا بیت ببەخشە کەهەمووکات ناجارت
دەکەم نامە دوور و درێژەکانم بخوێنیتەوە بەڵام هەرچی بێت
من ئارەزوودەکەم راستێکانی دڵم بدەم بەرووتدا ئەی خۆشەویست.
وەلێ ئیتر دەبێت وابێت تونها تۆ
ووشەکانم دەخوێنیتەوەو وەک خۆم هەستی
پێدەکەی ئەی میهرەبان.
دەزانم ئەم ژیانە جەنجاڵە سەرقاڵی کردووی
بەخۆیەوە کاتیان بۆ نەهێشتویتەتەوە تاکوو
دەردەکانی خۆت بێنیتە لام و دەردەکانی خۆم
بێنمەلات دەرفەتێک نیە
تاکوو بەدیداری یەکتر شادبینەوەو وەک هەمووکاتەکانی
پێشوو دانیشین و ئازارەکانمان بەسەریەکتردا دابەش  بکەین
بەڵام من وەک شتێکی بچووک و کاتی
تادەتبینمەوە نامەیەکت بۆدەنووسم هیواخوازم
پڕ بەپێستی دڵت بن
و بەدرێژیان ماندووێتی دات نەگرێت ئەزیزی دڵــم

هاوڕێ شرینەکەم
خۆشەویستی و سۆزی تۆ بەرادەیەکە
لەدڵمدا دەستیان بەسەر هەموو دڵمدا گردوە لەناو
هەموو کوچەکانی خەیاڵدا بوونت
هەیە بیرلەهەرچی خۆشەویستیەک بکەمەوە
تۆم دێتە یاد چونکە بێ رادە خۆشم دەوێی بێ
هیچ دەستکەوتێک نازانم
تەنها دەزانم خۆشم دەوێی بەلەگەڵ بوونت ئاسودە دەبم
واتا خەم و ئازارەکان لەبیر دەکەم نازانم هیچم
لەخەیاڵ و دڵدس نامێنێت ئەها بزیشکەکان
کاتێک مرۆڤ بێ ئاگادەکەن
دەچێتە خەو خەیاڵەوە ئاوا دەڵێۆ بێ ئاگام دەکەی
لەم جەنجاڵەدا هیواخوازم منیش
هەمان شێوەبم بۆتۆ ئەی جوانتر لەجوان
تەنها تۆ دەتوانی ئازارەکانم لەبیر بەیتەوەو
وەک خۆم برینەکانم تیماربکەی تەنها تۆ
دەتوانیت لەسەر برینەکانم بدوێی و هێوریان بکەیتەوە.
تۆ بەرادەیەک گرنگی بۆم سەرتاپای بوونمت داگیرکردوە
بیردەکەمەوە و دەڵێم ئەم هەمووساڵە و دووربوون
لەم هاوڕێیەی دڵـم چۆن ژیان بەسەر چووە لەم گۆڕستانە
بائومێدیەدا کەئومێدی من تۆبووی چۆن بەسەر چوون
هاوڕێم مرۆڤ کەکەسێکی خستە سەرووی دڵێوە

ئیدی ئومێدی دەبێت بەوو بۆیە شوێنی تۆش
جێگیرە هیچ کێشەو توند و جەنجاڵی ژیان و
دوورکەوتنەوەو بێدەنگێکان
ناتوانن شوێنت بگۆرن تەنانەت خۆشت
ناتوانیت گۆرانکاری بەسەردا بهێنیت ئەی ئومێدی مـن
هاورێ بێدەنگەکەم
تکاکارم لەبێدەنگیم مەروانە منیش هەمان
شێوە گرفتەکان و نزمێکانی ژیان تەواو بەخۆیابەوە
سەرقاڵ و ماندوویان کردووم
پێشتر تۆ هەبووی شەوانە دەردە دڵم بۆ دەکردی
و بەسەر شەقامەکاندا بەرێگادا دەچووین و
ئازارەکانم دەدا بەرووتدا و سەرم دانواندبوو
پڕ چاوەکانم فرمێسک بوون
سەیری چاوەکانتم نەدەکرد
تاکوو فرمێسکەکانم نەبینیت و ئازار کێشیت
ئازارەکانی تۆ من ژێر و ژوور دەکەن ئەی
هاورێی بەوەفا تۆبلێیت تۆ بۆخۆت
سەرچاوەی وەفا نەبیت ئەزیزی دڵـم خۆشەویستـم
بیرتە بیرتە لە رابردوودا لەژورێکی تەم
و تاریکدا دەدانیشتین و ئازارەکانمان بۆیەکتر
باس دەکردوو پێدەکەنین و قاقامان لێدەدا دەمان
ووت ئەمەش تێدەپەرێت سەیربکە

سەرنج بە تۆ بۆمن چیت دەتوانیت ئازارەکانیشم
بێنیتە پێکەنین.ئازارەکان لەگەڵ تۆ دەگۆڕێن بۆیەک پارچە دڵخۆشی.
ئەی بیرتە کاتێک نەخۆش دەکەوتم بۆچەند
ساتێک چۆن دەهاتی بەدەوورمدا
دایکم کەجەرگیم هێندە خۆی پێوە سەرقاڵ نەدەکردم
تایەکت دادەگردم دڵت دەدامەوە شیرت بۆدەکردم
هەندێ کات هەرخۆشت دەرخواردت دەدام.
من ئەمانە هیچ کات لەبیرناکەم
هەموویان بوناو دەمارەکانمدا دێن
و دەچن هەر گیز بوون و گەورەیت لام کەم
نابێتەوە هاورێکەم تۆ نیشتمانی منی.

هاوبەشی دڵـم
هەندێ کات زۆر درەنگ دێیت  بەرادەیەک
دەگەم بەلووتکەی نائومێدی ئازارەکان دەمگەیەنن
بەلووتکەی مەرگ بەڵام نامکوژن
هەندێ کات هێندە درەنگ دیت دەترسم زۆر دڵم
ئەترسێ لەوەی کە ڕۆژێک نەمابێت تاکو
من لەگەڵ تۆ بەسەری ببەم زۆر دەترسم لەوەی کاتێک
رووح دەسپێرم بەخودا
تۆ لەسەر سەرم نەبیت و بۆکۆتا جار
نەتبینمەوە دەترسم لەوەی ئەو ساتە نەبینم کە

شادببم بە نیوەی دڵ و ڕوحم تکا ئەکەم
زوو وەرە زوو وەرە با بەرگی خەم لەخۆم ڕا بماڵم و لەگەڵ
تۆ بەرەو بەهەشتی نەبڕاوە هەنگاو بنێم...
وەرەو دەست بدەرە دەستی
تەنیایم و نمونەی جوانی هاوڕێ بەهەموو دونیا
نیشان بدەین پیشانیان بەین لەناو ئەم
هەموو خیانەت و بێ وەفاییەی ژیاندا
هێشتا دوو هاوڕێی راستە قینە ماوون وەرە باخۆمان
هەڵبواسین بەناوەراستی ژیانەوە با
بۆهەموو دونیایی بسەلمێنین کە
هاوڕێی راستگۆ و پاک بوونی باوە بائەوانیش
چاو دڵیان بەئێمەوە هەڵبواسن.
من دەمەوێ لەگەڵ تۆدا داستانی هاوڕێیەتی
تۆماربکەین هەرچی کووچەو کۆڵانە ببێت
بەباسی هاورێتی و گەورەی ئێمە چاخانەکان
پڕبن لەباسی من و تۆ بەردەرگی
هەر ماڵێک و لەدەمی هەر پیرێژنێکدا ببێت
بە باسی هاوڕێیەتی من و تۆ لەقوتابخانەو
هەر کوڕ و کوچەیەکتدا نموونەیەکی جوان بین بۆیان.
لێمان فێربن من دەزانم چی لەناخی
تۆ دەگوزەرێت و من چیم بۆتۆ بەڵام رەنگە
هەندێ کات کێشەکان و توند و

چەڵەمەکان گۆرانکاری بەسەر خۆشەویستی مندا بهێنێت لەتۆدا
بەڵام دڵنیابە لەوەی لەلای
من هیچ ناگۆڕێت و شوێنت هەر بەرزە و لەلووتکەدای شرینم.
دەزانم ئێستا فرمێسک چاوەکانی پڕ کردوویت
نایەڵت بەروونی خوێنەری ووشەکانم بیت
دەزانم دڵ پڕی من لەکاتی نووسینەوەی
ئەمانەدا بۆت بیرم لەهەموو ئەوشتانەش
کردۆتەوە کە لەکاتی خوێندنەوەی
ئەم پارچە نوسراوەدا بەسەرتا دێت هەستت پێدەکەم.
غەمگین مەبە هاوڕێم هەموو شتەکان تێدەپەڕێت
گەر تۆ نەرۆی و دوورنەکەویتەوە رۆژێک دێت
وەک هەموو جارەکانی پێشوو بەسەریەکتدا
دەردە دڵ دەکەین و لەئازارەکان خۆمان هەڵدێنین
گەر تۆ نەرۆی ئێرە پڕدەکەین لەبۆنی وەفا.
گەر تۆ نەرۆی رۆژێک دێت وەک دوو
منداڵ دەست لەشانی یەک دەنێین
بەرز بەرز قاقا لێدەدەین باسی ئازارەکان بۆیەکتر دەکەین
تۆبڵێ من لەلاتم منیش دەڵێم
لەگەڵتم بۆهیچ ساتێک جودای بەسەر ئێمەدا نـایات.
بەڵام گەر تۆ بـڕۆی بەسادەترین شێوە

هەموو ئەوانەی ووتــم "هیچ" وەک ئەوەی هیچم
نەوتبێت.دووبارە دەیڵێمەوە خۆشەویستیم
بەبێدەنگیم هەڵمەسەنگێنە.
هیوام مانەوەتە لەم نزیکانە و دوورترنەرۆی.
خۆشــم دەوێی هاورێکەم

## نامەی
## هاودەی من یارە ڕۆشتووەکەم

سڵاو

لەژوورە تاریکەکەمەوە تاکوو ناو گۆرە تەنگەکەت
هاودەمی من یارە رۆشتۆکەم یارە خۆش
نەدیوەکەم زۆرت بیردەکەم نازانم دەبێت
باجی چ تاوانێک بێت واخودا تۆی لێ بردبمەوە بۆدەبێت
خودا هەمووکات پاکەکان زیاتربەرێتەوە وەک
لەپیسەکان ژیان بەتۆ وە ئیقاعێکی کەی هەبوو
کەتۆ کۆچت کرد هەمووشت گۆرا ئیدی شەوانە
لەجێی پێکەنین گریان بەشی من دەبێت کەتۆ کۆچت کرد
کەس نیە گوێم بۆرادێنێت و قسەی دڵمی بۆبکەم
کەس نیە بڵێ خۆشم دەوێی بەدڵ
کەس نیە فرمێسکەکانم لەچاودابێت و بمخاتەپێکەنین
کەس نیە بلێی تائەبەد لەگەڵتدا دەبم کەس نیە شەوانە
تابەرەبەیان دەردە دڵی بۆبکەم و برینەکانم تیمار بکات تەنها تۆبووی
تۆ ئێستا لەکوێی ژیانداى بۆ بەم ناوەختە
کۆچت کرد بـۆ بۆ نەتهێشت قسەکانی دڵم تەواوبکەم
خۆشبەختی من تۆبووی ئێستا کەنیت ولەگۆردای
من خۆش بەختی لەکوێوە بێنم چ من دڵخۆش دەکات
بێمەسەر گۆرەکەت یان بێمەنـاوی

لەگەڵتدا من دەمویست لەژیاندا پێکەوە بژین
بیرتە بیرتە چەند ئاواتمان هەبوو پێکەوە بیکەین
لەداهاتوودا بیرتە تەنانەت ناوی منداڵەکەشمان نابوو
تەنانەت باسمان لەرەنگی خانۆکەشمان کردبوو بیرتە چەنجارێک هاتی
بمکەی بەهاوبەشی ژیانت هەموو دەم کێشەیەک
رووی تێمان دەکرد و دوا دەخرا وەک بڵێی خودا نەیەوێ
ئاخر ئەی خودا بۆچی نەتویست ببێت بـۆ؟
بیرتە دەتووت من بمرم چی دەکەی
دەمووت کەدەڵێی بمرم من لێرەوە گیان دەکێشم
بەووتنی وام لێ دێت چ جـا ببێت بەراست.

شرینەکەم یارە لەژیان کراوەکەم
من درۆم نەدا بەرووتدا وا هێدی هێدی
گیانت بۆدەکێشم گیان کێشانەکەی من زۆر سەخترە
لەوەی تۆ تۆ خودا بەیەک چرکە بردیتێوە
بێ ئەوەی پێشوو ئازار کێشیت و بیری لێ بکەیتەوە.
ئاخر من ئەوەتا هەموو رۆژێک دەمرم دەڵێی دراووم
بەداروو دێواردا تاقەتی هیچم نەماوە
تەنانەت ترپەکانی دڵم کەبۆتۆیەو تۆی لێ نیت
وا دەمکوژن ئەژنۆکانم شکاوون دەلەرزن
ناتوانم خۆم بەپێوەبگرم دەڵێیت منداڵێکی تازە پێ
گرتووم کاتێک دەکەوێتە سەر پێ ناتوانێت خۆی

بگرێت و بەهەزار لادا
دەروات و دەیەوێ خۆی بگرێت و
ناتوانێت تــاکوو دەدات بەزەویدا
ئینجا دەدات لەپرمەی گــریان منداڵەکە
ڕەنگە بوکەشووشەیەک ژێری بکاتەوە
بەڵام بووکە شووشەکەی من تۆ
بووی کەشکای و چووی بەناخی زەویدا بەچی
ژێرببەمەوە من تائەبەد دەبێت ئەژنۆکانی
خۆم لەباوەش بگرم بگریم
بەسەر خۆمێکی بێ تۆدا تۆ لێرەنیت بەلێرەنەبوونی تۆش
هەمووشتێک دەمرێت هیچ
شتێک ناگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کەتۆ هەبووی
هیچ شتێک من ناگەڕێنێتەوە ئەوکاتە یادگاری
و خەیاڵەکان نەبێت ئەوەی دوای تۆ
منی بەستوە بەژیانەوە یادگاری و خەیاڵەکانی رابردووە
یادگاری هەیە مرۆڤ دەکوژێت
هەشە دەیبەستێت بەژیانەوە نایەڵێت بمرێت تائەوکاتەی
کاتی خۆی دێت ئێستا من لەژورەتەم و تاریکەکەمدا
دانیشتووم و بەدیار یادگاریێکانتەوە دەگریم لەوەتەی
کۆچت کردوە من هیچ شەوێک
نەبوە بێ فرمێسک و بێ وێنەکەت بنــووم
ئاخر نازانم نازانم بۆخودا تۆی لێ سەندم

خودا گەر تاوانێکم کردبوو هەر باخۆم باجەکەم
بدایە بۆ بەکەسێکی کەپێت دام خــودام
بەڵام ئەمەی کەمن ئێستا تێیدام باجدانێکی کەم نیە
خودا دەزانی دڵم بەچی خۆشە دوای
باجدانەکەم منیش بمرم و بگەڕێمەوە لای یارەکەم
لەم ڕۆژانەدا دەچم گۆڕێک لەتەنیشتی
دەکەم و جێی دەستێک بۆخۆم دەکەم بۆناو گۆڕەکەی ئەو
تاکوو ویستم بمرم دەستێکم لەدەستتدابێت.
خێر خۆازێک هەر دەبێت خۆڵم
پیاکات و جێ پێیەکم لەژیاندا نەهێڵێت.

هاودەمم هاو ژیــانم
پێم ناڵێیت چۆن خۆشم نەویێ من چۆن بۆت
نەمرم ئاخر چۆن نەکەوومە ئەم باروو دۆخەوە
بێ تۆ ئاخر چۆن بیرت نەکەم
من و تۆ چوار ساڵی ڕەبەق پێکەوەبووین تائێستا
تورەیت نەدا بەڕوومدا تائێستا دڵت نەشکاندووم
تائێستا نەتووتبوو نـا ئەمە نا ئەوە ئاخر کێ وەک تۆ بوو
وەک تۆش دەبێت نــازانم بروایەک ناکەم تائەبەد
کەسێکی وەک تۆ هەبێت ئاوا
پاک و سادەو میهرەبان و قەشەنگ جێگەت لەژیان بگرێتەوە.
هیچ کەسێک نابێت بەتۆ ناتوانن بەدەستی خۆیان نیە

نازانم دەڵێی فریشتەبووی بۆتەمەنێک لێرەبووی
و رۆشتووی.ئەها دەمووت من زۆر دڵخۆشم بەلەگەڵ بوونت
هەست دەکەم خەیاڵە یان خەوونە ئادەستێکم
پێوەبە بزانە خەوون نیە
تکایە گەر خەوونە با درێژە نەکێشێت
تۆش دەتووت خەونی چی ئەشقەکەم ئەمە راستیە
ئەمە ئەوکاتەیە کەتێیداین خەون و خەیاڵ نیە
بەڵام ئێستا چی چیبکەم من خەوون بوو هەمووشتێک
خەوون و خەیاڵ بوو من هەستم
بەوە کردبوو من هەرلەوکاتەی لەدایک بووم
فریشتەیەک چرپانی بەگوێچکەمدا پێی ووتم
خۆشبەختی وەک ئەو سێوە حەرام کرا لەتۆ
کەئادەم خواردی.من دەستم بۆتۆ برد خودا
تۆی لێ سەندم و لەو بەهەشتەی
تێیدابووم دەری هێنـام من ئێستا لەکام
کوچەی ژیاندا بۆت بگەرێم تۆیەکی زیندوو لەکوێ بێنم لەکوێ.
زۆر سەختە کەسێک بەناو دەمارەکانتدا بێت
و بچێت و لەژیاندا بوونی نەبێت وا لەبێ تۆیدا
خوێنەکانیشم تاقەتی هاتن
و چونیان نەماوە ماساوون یادگارێکانتە هەندێ کات
هەندێکیان دەگەیەنێت بەدڵم.
ئاخر هەمووشتێک دوای تۆلەمندا وەستـــا.

## ئەی ئەم دڵەتەنگەی من یارەکەم

زۆرکات لای پەنجەرەی ژورەکەمەوە دادەنیشم
پەنجەرەکەم تەم گرتوویەتی ناوی تۆی لەسەر
دەنووسم وەک ئەوەی پەنجەرەی ژورەکەشم بگریت هەر کەناوت
دەنووسم پیت پیت ئاویان پێدا دێتە خـوار
وەک ئەوەی تۆ بناسن بزانن چەندە خۆشم دەوێی
چەندە میهرەبان بووی.
نازانم دار و دیوار تۆی خۆش ویستـوە

من ئێستا رووناکێکانم کوژاندۆتەوەو
بەدیار پەنجەرەیەکی تەماوێوە دانیشتم و سەیری مانگ
دەکەم بەڵکەخودا رەحمێکم پێ بکات و کەچاووم
داخست بۆ ئەبەد نەیکەمەوە و کە
لەو دونیاکردمەوە یەکەم دیدارم بۆتۆبێت ژیان بێ تۆ
هیچ نیە هیچ کۆچەکەت زیاتر لەوەی
کەتۆی کوشت من هەموو رۆژێک بەدیارتەوە دەمرم
هەموو شەو نزام دەگەیەنمە لای خودا
نـازانم خوداش وەڵامێکی نیە بـۆم منی ناچار
لێرە هێشتۆتەوە نازانم بۆ نامباتەوە
دەبێت بوونم چی بێت لێرە بێ تۆ چاوەروانی چیم لێ بکرێت
من دوای تۆ دڵم مـرد ئیدی هیواو ئاوات و داهاتووم

نـــەما نا هیچ شتێک وەک ئەوە نەما کەتۆ هەبووی دەمویســـت.
ئــاهـ مردنی تۆ چۆن من دەخواتـــەوە
مردنی تـۆ چی بەسەر مندا دەهێنێت
هەرگیز بیرم نەدەکردەوە مردنی تۆ وابەمن بکات.

## نامەیەک
## بۆ هاورێکانی خۆم و
## هەموو هاورێی هاورێکـانم

سەرەتا وەفـاشتێک نیە هەموو کەس تواناى هەڵگەرتنی
هەبێت واتا هەموو کەس ناتوانێت
تائەبەد بەوەفابێت لەگەڵ یەک کەسدا دەگۆرێت
ئیدی بەهۆی شتی مادیوەبێت یاخود
کەسێکی نوێ جیاوازیان نیە گرنگ ئەوەیە بێ وەفا دەبێت
هاورێ گیان شتەمادێکان ئەوەنایەنن هەستی
مرۆڤەکان بروشێنێت یان مرۆڤەکان لەدەست
بدەی بەهۆیانەوە شتەمادێکان
دێن و دەرۆن و دیسان دێنەوە بەڵام هاورێ
راستەقینەکان دێن و برۆی دەمێننەوە
کەزیاد رۆشتی دەرۆن کەتۆ
دەگەرێیتەوە نەماوون و تائەبەد ونیان دەکەی
شوێن پێیەکی تۆنامێنێت
لەژیانیاندا دەبێت دابنیشیت و ئاواتیان
بۆ بخوازی و خۆزگەی و هەناسەی پەشیمانی هەڵکێشی.
هاورێی من
هیچ کەسێکیش شیاوی ئەوەنیە کەسێکی بۆ فەرامۆش بکەی
چونکە هەمووان نامێننەوە ئەوەی

کەمایەوە ئەوە هاوڕێتە ئەوەی کەدەڕوات هاوڕێت نەبــوە.
ئەوەشی ڕۆژێک هاوڕێتەو دووڕۆژ هاوڕێت نیە ئەمە
هاوڕێ نیە ئەمە بۆشایەکانی ژیانی
خۆیت پێ پڕدەکاتەوە و هەرکات کەسێکی نوێی دەست
کەوت و بۆشایەکانی پڕ بویەوە بەک
وێڵت دەکات لەپێت دەکــات ئەمانە هاوڕێ نین
هیچ کات نەکەی بۆ هاوڕێی دووەم یەکەم فەرامۆش بکەی
چونکە دووەمیش کەبەم کردارەی
زانی لەکەداردەبیت و متمانەت لەدەست دەدەی.
گەربەنمایشیش بێت لەگەڵت بەردەوام دەبێت
تاکوو هێدی هێدی دوور دەکەویتەوە کاتێک دێیتەوە
ئەگا هەردووکیانت لەدەست داوە یەکەمت
لەدەست دا بەهۆی گرنگی نەدان و لەیادکردنەوە
دووەمیشت لەدەست دا بەهۆی بێ متمانەیەوە.

هاوڕێکانم گوێ بۆمن رادەهێنن
چەند خولەکێک وەرن و گوێم بۆرادێنن هیچ نەبێت چەند
خولەکێک بدەن بەمن چەند خولەکێک لەو کەسانە کەم
بکەنەوە کەمنتان بۆلەدەستدا کەمن تاکوو
ئێستاش بەیادی ئێوە دێم
و دەچم بەیادی ئێوەپێدەکەنم و خۆزگەی بەردەوام
بونتانم دەخواست چەند خولەکێک لەئەوانەبدەن

بەمن کەئێستا لەمن ئەزیزترن کەپێشوو هەبووم

من هەرچی بتوانم بۆ هاورێ راستەقینەکانم
دەیکەم هەموو هەوڵیشم دەدەم ئەوەی لەتواناشمدا
نەبێت بۆیان دەکەم گەر بزانم بەدروستی
لەگەڵمن و متمانەم پێیان بێت
بەڵام گوێم بۆ رادێنن ئەوەی من دەکوژێت فەرامۆش
کردنمە بەهۆی کەسە نوێیەکانەوە یاخود
شتێکی مادی ئاخر پێم بڵێ من بەچی متمانەم بەتۆبێت
کە گێرفانم پڕبێت وەها لەگەڵمدایە دەڵێیت
پێستە بە ئێسقانمەوە بەڵام لەجێی ئەوەی دەستم
لەدەست نێن دەست لە گیرفانم
دەنێن کاتێک لەرووی مادیەوە هەندێ کات پڕدەبم
ئەوانیش وەهاپڕدەبن لەگرینگیدان و
بەدەوردا هاتن دەڵێی کەسێکی نوێم و
بۆ ئەوان زۆر خۆشەویستم
ئاخر وەرە پێم بڵێ بۆمن بەمادە هەڵدەسەنگێنی
یەعنی مرۆڤ ئەوەندە هیچە وەرەقەیەک بتوانێت
بەرز و نزمی بکات بۆ دەبێت پارەیاری بەدڵتان
بکات بۆدەبێت بکردرێت بـــۆ پێم ناڵێی دڵەکام
گرنگن یان پارە هەستەکان گرنگن یان
پارە ئەوانە دێنەوە هەوڵی بۆبەی

بەڵام دڵەشکاوەکان بەلێبوردن و تیمار کردن نابنەوە
بەدڵ هەستەکان کەرووشان ناگەڕێنەوە
باری جاری جاران.هیچ شتێک ئەوە نایەنێت بۆ ئیدی؟

لێم تێدەگەن؟
یان یەک هاوڕێتان هەبێت یان کەچەند دانەیەکتان
هەبوو وەکو یەکتر گرنگیان پێبدەن
یان گرنگێکان دابەش بکەن بەسەریاندا،چونکە هیچ
شتێک وەک ئەوە مرۆڤ ناکوژێت بەهۆی کەسانی
نوێوە لەیاد بکرێن ئەوان نایەڵن هەستی پێبکەی
هەر لەشوێنی خۆیاندا دەمرنـ.
ئاخر هاورێ تۆنازانی چ هەستێکە کەسێک هات
ئەوەی کەلەبیربکەی و فەرامیشی بکەی نا نازانی
تۆ هەست بەمەناکەی چونکە من وانەبووم
بۆتان و نەمێهشتوە ئەم هەستەتان بۆدروست بێت،
چونکە ئازار گەلێک لەخۆدەگرێت کە تۆنەتچێژاوە.
ئەها بۆنموونە دانیشتووین دەمێکە لەکوچەیەکی ژیاندا
قاقا لێدەدەین و قسەی خۆش دەدەین
بەرووی یەکتدا ئازاری یەکتر تیمار دەکەیــن
هاوڕێیەکی ترت دێت.

دەڵێت سڵاو
تۆش دەڵێی سڵاو هاورێکەم باشی
ئیدی بەردەوام دەبن جار جارێکیش لایەک دەکەن
بەلای مندا بۆی دڵم لەخۆم دانەمێنێت
هەسرِ بەکەمی نەکەم هەست نەکەم کـە گرنگ نیم
ئیدی هێدی هێدی روو لەو دەکەیت و من وێڵ
دەکەی گرنگی بەو دەدەی ئەسڵەن وەک
ئەوەی ئەو کەسە نەبیت کە پێش چەند کاتژمێرێک هەبووی
ئێدی پشت لەمن دەکەی دوای کە قسەتان تەواو
دەبێت و هیچتان نامێنێت بۆ پڕکردنەوە ئەو بۆشیایە
رووم تێدەکەن و دەڵێیت بۆ بێدەنگیّ هاورێم ئاخر
من چی بڵێم دڵت بشکێنم
بەووشەکانم وەک چۆن دەمشکێنی بڵێم هاوریّ تازەکەت
هات بڵێم دیارە پارە دارە یان هەر
شتێکی کە کە گرنگی دانی پێوە دەبەستیتەوە
ئاخر من چی بڵێم نــازانم ناچار دەڵێم گوێتان بۆ
رادەهێنم بەڵام درۆ دەکەم گویّ لە شکانەکانی
خۆم دەگرم هێدی هیدی دەشکێمەوە مـــن.
ناچار درۆیەک دەدەم بەرووتاندا دەڵێم کارێکم
هەیە ببەخشن دەبێت جاریّ من برۆم دەتبینمەوە
هــاوریّ لەگەل هەر هەنگاوێکمدا پارچەم لیّ دەکەوێت.بەڵام
ئێوە لــێم ناگەن رووم وەرگێرا وەک جــاران رووتان تیّ ناکەمەوە.

من ئێستا ئەوە مانای هاورێتی لەلام هێشتۆتەوە
دوو هاورێــمن کەبەوانەوە دەزانم هاورێ
بەوەفاهێشــتا لەژیاندا لەگەڵ بێ وەفاکاندا
ژیان دەکەن و دێن و دەچــــن.
ئەو هاورێیانەشی ئەم ووشانەم دەبینن و لەخۆیاندا ئەو
ووشانە نابیننەوە ئەوە دیارە یەکێکن لەم دوو هاورێیە
ئەوەشی هەست دەکات ووشەکانم ئەوان
دەگرێتەوە ئەوە بەشێکن لەوەی
کەتێدا باسم کردوە بەڵام هاورێم هەیە نەک چەن ووشەیەک
هەموو نوسراوەکە دەیگرێتەوە بەداخەوەم بۆیان بەڵام هەست
بەلەدەس دان ناکەن هاورێیانــم تا لەدەست نەدەن
هەست بەکەمی ناکەن هیچ کات چونکەمن  وەک ئێوە
نــابم تەنها ئەوەنەتــان زانی لەدەست دراووم
لەلاتان ئەوکات نەک خودی خۆتان تەواوی کەوون
ناتان گەرێنێتەوە ژیــانم چونکە منیش وەک ئێوە
دەبم لەگەڵتاندا بەرەو پێش دەچم و ئەوەی
لەدوامەوەیە هەر لەدواوە دەمێنێتەوە
جارێکی کە نە رووبەرووێ دەبمەوەو نەدەهێڵم بێتەوە
رێگای ژیــانم زۆر بەکورتی وەک خۆتان وێڵتان دەکەم
وەلێ ئێوە زۆرشتان فێری من کــرد فێرتان کردم
هیچ کات لەپێویستی خۆی زیاتر بە دەورووبەر نەدەی
هیچ کات کەسێکت لەپێویستی خۆی زیاتر خۆش

نەوێت چونکە خۆشەویستێکەت دەخاتە ژێر پێی و هێندە
بەرزی دەکەیتەوە رۆژێک دێت خۆشت دەستت پێیان ناگات.
هێندە گرنگیان پێدەدەی رەنگە هەندێ کات
بەشێک لەجەستەی خۆتیان پێبدەی هەرکات
بۆشایەکەیان پڕ بوەوە وەک ئەوەی
هیچت نەکردبێت لەیادڕ دەکەن..
تکایە کاتێک لەخۆتان رانابینن هاورێکانتان هۆگری
خۆتان مەکەن و وێڵیان بکەن ئیدی
بەهەر هۆیەک بێت مادی بێت یاخود کەسانی کە.
لەخۆتان رانابینن ئەرکی هاورێیەتی
هەڵمەگرن و پیس و لەکەدارێ مەکەن...

## نامەیەک بۆ بـاوکم

سڵاو باوکەهیواخوازم رۆژێک بەرێکەوت بێت یاخود
هەر جۆرێک کەسێک بێت و ئەم نامەیەت بۆ بخوێنێتەوە
دەزانم دەزانم کە گرنگیەکیشی نیەبەلاتەوە تەنها ئەوکاتە
چاوت پڕ فرمێسک دەبێت و بەخۆتدا دەچیتەوە
دوای هەموو شتێک لەبیردەکەی من
ئەمانە باش دەزانم،وەلێ من لێرەدا دەمەوێ ناخی
خۆم ئاسودەبکەم هەندێ ووشەو ئازارم بدەم بەرووتدا
کەلەژیاندا بەسەرت هێناووم و بێ ئەوەی خۆت
هەست بەمانە بکەی.

باوکـە نازانم لەکوێوە دەست پێبکەم
شتەکان ئاڵۆزن بەسەرمەوە روونتر بڵێم ئازارەکان ئاڵۆزن
بێزار و ماندوویان کردووم شەکەت بووم.
من هەر لەساوایوە هەستم بەئامێزت نەکردوە
و هەمیشە فەرامۆشت کردووم تەنها من
نا هەمووومان.لەتۆزیاتر خۆم
لەباوەشی مامانەکان دەبینێوە ئەوەندەی ئەوان لەئامێزیان
گردم تۆ ئەوەشت پێ نەکرا،

بـــاوکەسۆز و خۆشەویستی باوک چیە؟
نازانم من نەبینیوە باوەش هەستم بەسۆز و خۆشەویستی
نەکردوە ئاخر بۆ ئەو هەستەت بۆ دروست نەکردووین باوکە بـۆ؟
دەڵێن نیە گەرمتر لەباوەشی باوک نیە خۆشتر لەسۆز
و خۆشەویستی باوک ئەرێ من لەتۆ دەپرسم باوکە
بۆ مەگەر تۆ باوکم نیت بۆمن ئەو گەرم و خۆشیە نازانم چیـە؟
هێدی هێدی گەورەبووم باوکە بەڵام هەر تۆم نەبینی
وەک بـاوک هەمیشە وەک کەسێکی ئاسای دەهاتی
و دەچووی تەنها دەهاتیتە بەر چاوەکانم
هەستم پێنەدەکردی ئەی بـــاوکـ،

زیاتر لەتۆ خەڵک دەیدواندم خەڵک دەهات
و هاودڵم دەبوو لەئامێزی دەگردم ئاخر
بۆ خەڵک مەگەر تۆ بـاوکم نیت؟

من هەموو ئەوکاتانەی کەپێویستم پێت بوو
لەلام نەبووی هەستت پێناکەم ببەخشە ئەمە
دەڵێم دەزانم بەسەر زاری ناوت دەبەم
بـاوک بەڵام هەست ناکەم

چونکە باوک بوون کەم نیە دەبێت
هەست بەبەرانبەر بکەی کەچۆن
وای لێبکەی ئەو کەسایەتییەی دەبێت هەوڵدەی بـــاوکە،
من کاتێک تووشی نائومێدی دەبم تۆنیت کاتێک
پێویستمە تۆنیت کاتێک دەگریم تۆ نیت کاتێک
دەکەووم لەسوچێکی ژیاندا ئاواتی مەرگ
بوون دەخوازم تۆنیت ئاخر تۆکەی
دەبیت باوکـــە کاتێک مردم وەلێ من
ئەوکات پێویستم بەهیچ بوونێک نیـە

تۆ ژیانی خۆت سەرقاڵی کردووی بەخۆیەوە
نـا مرۆڤ کە بوو بەباوک نابێت ئیدی بۆخۆی
بژێ دەبێت بۆ رۆڵەکانی بژێت لەپێستی خۆی گەورەیان
بکات و بیان هێڵێتەوە دەبێت پارچەلەخۆی بکاتەوە تابژین، ئاخر
باوک بوون ئاسان نیـــە باوک بوون هێزی
دەوێت خۆ راگری دەوێ زەحمەتی دەوێت دەبێت واز لەهەموو
ئەو خۆشیانە بێنیت کەلەسەرووی خۆشێکانی ئێمەوەن...
تۆ تۆ ئەوەی خواری خۆتیش پێ نەداین.

باوکە
مەڵێ ئیدی گەورەبوویت و پێویستت بەمن
نەماوە هەمیشە گەورەکان بەهۆی ئەم
ووشەیەوە ئازار دەکێشـــن

هەمیشەگەورەکان خۆیان تەنهای دێتە بەرچاو
مەگەر سۆز و خۆشەویستی چ هەقی
بەسەر تەمەنەوە هەیە تەمەن پێوەرنیە بۆخۆشەویستی
منداڵ و گەورەکان بەخۆشەویستیەوە بە پێوەن
و دڵخۆش دەبـن هەست دەکەن کەبوونیان
هەیەو گرنگن بۆ کەسـانی کە بوونی خۆیان خۆش دەوێت.

باوکە لەووشەکانم رامەمێنەوە لێم
بگە لەسەر ئیقاعی ئازارەکانی چەندین ساڵەم دەدوێـم
غەمگین مەبە دایک و براگەیشتۆکـەم بەشی تۆش
خۆشەویستی و سۆزیان پێداووم نەیان هێشتوە لێم
کەم بێت بەڵام هەرکەسەو سۆز و
خۆشەویست بەخشینی جیاوازە
هەر کەسەو دەووری خۆی دەبینێت لەژیان کەس
ناتوانێت لەجێی کەسێک بێت و جێگەی
ئەو کەسە بگرێتەوەجێگەی کەس بەکەس پڕنابێتەوە.

من لەوەتەی هەستم بەبوونی خۆم کردوە
هەستم بەبوونی تۆ نەکردووە ئەسڵەن ئەوکاتەشی
لاوبووم هەستم پێنەکردووی
ئەوکاتەشی ساوابووم هەمان شێوە تەنها دایکم بـــوو!

باوکە
کاتێک هاورێیەکم دەبینم باوکی لەگەڵی دەدوێت
و هەمیشە هاو دەردێتی و بەهانایەوە دەچێت
و ووشەی خۆش دەدات بەروویدا
و گاڵتەو پێکەنین وقاقا لێدەدەن و کاتی خۆش بەسەربردن
کات بۆ کورەکەکەی تەرخـان دەکات من
لەوێدا هەست بەکەمیەکی زۆر دەکەم هەست
بەکەمی بوون لێرەدا مەبەستم
بۆشـای ژیـانە واتا شتێکم کەمە بۆشیایەکی
گەورەلەژیانمدایە کەتەنها تۆ دەتوانیت
ئەم بۆشیاییە پڕبکەیتەوە تۆیەک
کەنیت وەهیچ کـاتیش بروایەک ناکەم
هەبیت و جـارێکی کە هەست بەبـــوون بکەم.

وەلێ لەسەرووی هەمووشیێوە لەم رۆژانەدا
خراپ دەستت بەردڵم کەووت دڵێک
کە هەرپارچەی لەکوچەیەکدا بوو یەک پارچەم
هەڵگردبوو ئومێدم بەخۆم دابوو بۆئەوکاتەی
دەگەریتەوە بۆ ئەو کاتانەی لەئامێزم
دەگرید و هەست بکەم راستیان ووت خۆشتر و
گەرمترنیە لە ئامێزی باوک.بەڵام
تۆ چیت کرد لەجێی گەرانەوەت
و سۆز بەخشینت هاتیت و ئەو پارچەیەشت خاش
خاش کرد کەتائەبەد چاک نابێتەوە نەبەئامێزێک
نەبەخۆشەویستیەک نەبەسۆزێک نەگەرانەوەیەک
بەهیچ شتێک چاک نابێتەوەو ناگەرێتەوە ئەوکاتەی
ئەو نیمچە ئومێدەم پێت بوو پارچەیەکی
دڵم دانابوو بۆت ئەو ئومێدەشت پێ لەدەستدام

وەلێ لەسەرووی ئەمانەشەوە
دایکم باسی تۆی بۆکردم جاری جاران
من خۆشم دەوێی بەڵام ئەو باوکەی جاری جارانم
خۆشدەوێت کەهەبووی وەلێ ئەوکاتە بوونێکشم
نەبوو بەڵام من لەم تەمەنەی ئێستامدا
ئەوکاتانە خۆشم دەوێت.

ئومێدێکــم نیه بەگەرانەوەی ئەوکـاتانە
وەلــێ نزات بۆ دەکەم بـۆخـاتری من نا بۆ دایـکم

سوپاس بۆ هەڵبژاردنی ئەم کتێبە



بۆ دەسکەوتنی ئەم کتێبە
سەردانی ئەم ئەدرەسانەبکەن

Facebook : Aram Azad
Instagram : aram_azad95



خامەیەکی

جوانەمەرگ